
# کتێبنامە

پرۆژەی کوردستانی نوێ بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب لە ڕۆژنامەدا

کوردستانی نوێ
بۆ کوردستانێکی نوێ

21th Year No: 5970 Sun· 6 / 1 / 2013



# فشارو ئازادی

**ئازادی مانای گەیشتنە بەنەشیاوی ..پیتەر سلۆتێردایک**

نووسین:


ئیسماعیل حەمەئەمین

# دەسپێک

ئەم کتێبەی لە بەردەستدایە بە ناونیشانی فشارو ئازادی لە نوسینی نوسەرو ڕۆماننوس ئیسماعیل حەمەئەمین , دەسپێکی پرۆژەیەکی نوێیە کە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" لە چوارچێوەی ئەرکی ڕۆژنامەوانی خۆیدا بەشێوەیەکی وەزری پێی هەڵدەستێت. ئامانجی بڵاو کردنەوەی کتێبێک لەگەڵ "کوردستانی نوێ"دا گرنگیدانە بە بڵاوکردنەوەی مەعریفەو بەرفراوان کردنی خوێندنەوەو دووبارە بنیادنانەوەی پەیوەندی نێوان خەڵک و دەستەبژێری فیکرو داهێنان لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا , هەروەها بەردەست خستنی دەقی ئەدەبی و فیکری و هونەری کوردی بە کۆن و نوێوە لە پێناو گەیاندنی کتێبدا بەدەستی زۆرترین ژمارەی خوێنەران و بەبێ هیچ بەرامبەرێکی ماددی.

ئەم کتێبەش کە لەبەردەستی خوێنەراندایە , لە یەکێکە لە کتێبە نوێکانی نوسەرو ڕۆماننوس ئیسماعیل حەمەئەمین دەربارەی فشارو ئازادی , لە بنەڕەتدا خوێندنەوەیەکە بۆ کتێبێکی نوێی فەیلەسووفی ئەڵمانی "پیتەر سلۆتیردایک" کە دەیەوێت ئازادی لە لیبرالیزمی نوێ ڕزگار بکات و بمانگەڕێنێتەوە سەر بنەماکانی ئازادییەک لە ژێر ناوی لیبرالیزمدا هەڕەشە لە کۆمەڵگەی خزمەتگوزاری نەکات و چاوچنۆکی نەکاتە فەزیلەت و قازانج تیادا نەبێتە سەروەرو گۆشەگیریی خۆپەرستانەو شمەکخۆری و ساوێلکەیی پۆپ-ستارانە بەنێو خەڵکدا بڵاو نەکاتەوە.

کوردستانی نوێ



# پرۆفایل

ئیسماعیل حەمەئەمین
خاوەن بەکالۆریۆسە
لەزانستە دەروونیەکان.
B. A. Pschycologie
جگە لە زمانی
کوردی خاوەن
زمانی ئەڵمانی و
عەرەبی و ڕووسی و
ئینگلیزیە لەسەرەتای
هەشتاکانەوە
دەنوسێت .

**کتێبە چاپکراوەکانی:**

کەوتنەخوارەوەی
گورگێک. ڕۆمان. دەزگای
سەردەم ٢٠٠١
- شتێک لەقوڕی خورافە
نوڤلێت . دەزگای ئاراس -٢٠٠٣
- ئێوارەت باش ئاسیا کتێبی
شیعری . بڵاوکراوەکانی ڕەهەند
١٩٩٨سوێد
-نەوەکان و گەڕەلاوژەکانیان-
کۆمەڵەگوتار. چوارچرا ٢٠٠٦
-بەیادی سۆزانیە غەمبارەکانم.
ڕۆمانی گابریل گارسیا مارکیز و
وەرگێڕانی لەئەڵمانیەوە. ڕەنج ٢٠٠٧
- جیهانی ئیمپرشینیزم - وەرگێڕان
لەبواری هونەری شێوەکاری .
-فیدرالیزم - ئامادە و وەرگێڕان
لەئەڵمانیەوە. مەکتەبی بیروهوشیاری ٢٠٠٦
- قەیرانەکانی دیموکراسی. دارن
دۆرف . وەرگێڕانی لەئەڵمانیەوە،
مەکتەبی بیرو هوشیاری ٢٠٠٩
- گفتوگۆ لەسەر خوانی
خوێنین & کۆڕامانێک لە
ئەنفال ,،بەشداربووان: بەختیار
عەلی، ئیسماعیل حەمەئەمین.
هیوا قادر ساڵی چاپ: ٢٠٠٧
-ئەودیوو سنوور، باڵەفڕە بەنێو
دارستانەکانی مانگدا، ڕۆمان
. سولی تێلگراف ٢٠١١ -
ئەکرۆباتیکی ونبوو..کۆمەڵە
گوتاری ڕەخنەیی، وەزارەتی
ڕۆشنبیری ٢٠١٢
- ساڵی ٢٠١٠ یەکێک بووە
لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری
(کۆنسیپت) ی فیکری و
فەلسەفی و ئێستاش ئەندامی
دەستەی سەرۆکایەتی
ڕیکخراوی کۆنسێپتە.


# فشارو ئازادی

## ئازادی مانای گەیشتنە بەنەشیاوی ..پیتەر سلۆتێردایک

ئازادی گەیشتنە بەنەشیاوی، ئەمە دێڕی بەناوبانگی فەیلەسوفی ئەڵمانی (پیتەر سلۆتێردایک)ە، کەلەدوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی ( فشار و ئازادی) لەمیدیاکاندا گفتوگۆی لەسەرکرا. لەڕاستیدا ئەم کتێبە شەست لاپەڕەییە، سیمناریکی تایبەت بوو، سلۆتێردایک لەسەر بانگهێشتی دەزگای فردیریخ نومان پێشکەشیکرد، بابەتەکەی لەچوارچێوەی (دیالۆگە بەرلینەیەکان) بوو لەمەڕ ئازادی. ئەم گوتارە درێژە لەشەشی ئاپریلی ٢٠١١ پێشکەشکرا و لەبەر گرنگی ئەم سیمینارە لەچوارچێوەی چاپێکی تایبەتدا، دەزگای بڵاوکردنەوەی سورکامپ وەک کتێب بەچاپی گەیاند. ئەم سیمنارە لەسەر چەمکی ئازادی لەکاتێدا بوو، کەلیبرالیەت لەئەڵمانیادا لەهەڵکشاندا بوو، گەنجێکی وەک (Philipp Rösler فیلیب ڕۆسلە) وەک سەرۆکی ئەو پارتە هەڵبژێردرابوو، ڕۆسلە (بەڕای من) ڕەمز بوو بۆ نەوەیەکی تازەی لیبرالیزم لەئەڵمانیادا، کەسیاسەتی تەکنەلۆژی و نەخشەکێشانی ئابووری لەژێردەستیاندا گەمەی دەکرد، ڕۆسلە خۆی وەزیری نەخشەکێشانی ئابوری و تەکنەلۆژی ئەڵمانیە. ئەم پارتە لیبراڵە FDP گەر لەوشەکەیەوە وەریبگرین پارتێکە گرفتی ئەو ئازادیە. نەخشەکێشی ئەم پارتە ئەوەیە، کەدەبێت مرۆڤ ئازاد بێت، ئازادیش لەچەمکی لیبرالیەتەوە گەیشتنە بەپێشبڕکێیەک لەبەدەستهێنانی شانسەکانی پارە وکار وسامان کۆکردنەوە، بەمەش خودێکی سیاسی گەمەی دەکرد، کەدەیەوێت ببێتە ئیدۆلێکی کۆمەڵایەتی و جێگە بەو ئیدۆلانە بگرێتەوە کەئەوروپا لەدەوڵەتی کۆمەڵایەتیدا بەرجەستەی کردووە. لیبرالیەکان و کۆنزەڤاتیزمی مەسیحی (کریست دیموکرات و سۆسیال کریست) هەمیشە لەگەڵ خاوەن کارگە و فابریک و کۆمپانیا و بانقەکان و میدیادا کار بۆ زەقکردنەوەی فیگور و ئیدیالی نوێ دەکەن لەکۆمەڵگەی ئەوروپایدا، کەجێگەی ئیدیالە کۆمەڵایەتی وبەها سۆڵیدارتیەکانی دەزگاکانی خزمەتی کۆمەڵایەتی بگرێتەوە. وێنەی مرۆڤیکی دیکەی ئازاد (لیبرال) پێشکەشدەکەن کەپێشبڕکارە و ئیگۆئیست و خۆپەرستە و هەمیشە لەجوڵەدایە بۆ پڕکردن بەدونیای ساماندا، بانق و میدیا و نێتۆرک، تیۆرەیەکی گوشار پێکدێنن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئیدۆلە سۆسیالەکانی دەوڵەتی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەپێکهێنانی هۆشمەندیەکی نوێ کە (سلۆتێردایک) لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەوە بە (هۆشمەندیەکی ساختە) پێناسەی کردووە، لیبرالەکان هەوڵدەدەن فیگوریکی دیار و سوپەرمان و بیزنس مان و سوپەر کرێکار و سوپەر ستار لەکۆمەڵگەدا زەقبکەنەوە، بەجۆرێک کەئەقڵی جەماوەری ڕەدووی کەوێت. ئەم خودە واهەستدەکات ئازادە، مادامەکی توانیویەتی بڕێکی زۆر لەچڵێسیەکانی خۆی دەستبەربکات، لەئیرۆسیەتەوە بیگرە تادەگاتە کۆکردنەوەی سامان، لەپێشبڕکێدایە لەگەڵ جیهانی ناوەوە و دەرەوەی خۆی. ئەم هۆشمەندیە ساختەیە هەوڵدەدات لەو وەهمەدا بژی کەئازادە، مادامەکی دەتوانێت ئەوە بکڕێت کەدەیەوێت، نابێت تێربێت، نابێت قەناعەتکار بێت بەبوونێکی گونجاو، بەشێوە ژیانێکی هەڵبژاردە بەپێی توانا و شکۆداریەکانی خۆی، بەڵام بەژیانیکی ڕۆحی پڕەوە. لای لیبرالەکان قەناعەتکردن بەکەم و ژیانی ئاوەها جۆرێکە لەدواکەتن لەکاروانی ژیان، سەرسامبوون بەدونیا و چێژ لەهونەر و ئەدەب و ژیان دەبێتە چەند وەهمێکی ئیدیالستی کەدەبێت مرۆڤ خۆی لێیان بپارێزێت، تاگەیشتن بۆ بەردەم خانەی پیران یان سەلاجەی مردووەکان، دەبێت مرۆڤ لەڕاکەڕاکەدا بێت بەدووی شمەکخۆری و شت بەدەسهێناندا، لیبرالیەت دەڵێت ئەمەیە ژیان، ئەمەیە شێوازی ژیان (مۆدۆس ڤیڤێندی modus vivendi) بەوەی نابێت وەک خواردنی قوتوو بەسەر بچین. دەبێت لەم شیوازی ژیانەدا بەردەوامی بەخۆمان بدەین. ئەم (هۆشمەندیە غەمبارە) بەتەعبیری (ئادۆرنۆ) ئاوەها نایەوێت بەسەر بچێت و هەمیشە ئەو گوشارە ناوەکیە دروستدەکات کەدەبێت دوانەکەوین لەژیانی پێشبڕکێ بۆ وەدەستهیانی شمەک لەڕێگەی تاکڕەویەکی هەڵەوگێڕاو، کەبەڕای سلۆتێردایک بەشێکە لە (خۆگەوجاندن Selbstverdummung) و دنیای مۆدێرن لەئەقڵانیەتیکی ئامرازگەراییەوە کلێشەی بۆ داناوە. ئەم هۆشمەندیە ئەوەندە ئەقڵانیەکی ئامرازگەرایە، کەلەپشتیەوە فەیلەسوفانی ڕۆشنگەر و پارێزەرانی ئەقڵانیەت ئیلهامبەخشین، بوار بۆ سۆزداری ناهێڵێتەوە، بوار بۆ هاریکاری و ڕۆحی برایەتی و یەکسانی ناهێڵێتەوە، بوار بۆ ئەشق ناهێڵێتەوە، بەتایبەت کاتێک پارە، قازانج، بەرژەوەندی گەمەی خۆیدەکات، ئەم فیگورە هەستدەکات لەهەموو بونەوەریک ئازادترە، بەڵام نازانێت کەکۆیلەی گوشاری جۆراوجۆرە، ئاوەها بەم وزەیەوە دونیا دەکات بەبازاڕێکی گەوەر و ملی کێبڕەکانی دەشکێنێت و قەیران دەخاتە بازاڕەکانەوە و گلۆبالیزم دروستدەکات و لەگەڵیشیدا هانی توندڕەوی دەدات و شەڕی نێوان ئاین و کلتور و نەتەوەکان بەناوی دیموکراسیەتەوە بەرپادەکات. سیاسەت بەڕێوەدەبات لەسەر بنەمای بەرژەوەندی، بوار بۆ تێگەیشتن بۆ هاوکێشەکانی ئازار و مرۆڤ و ژینگە ناهێڵێتەوە، لەدواجاریشدا ئەم فیگورە ئازادە (لیبریتیە) کارەسات وجەنگی خوڵقاندووە و دواوێستگەش کەپێیگەیشتووین ئەوەیە ژینگەی پیسکردووە، کەش و هەوای گۆڕیوە... لەسەر ئاستی کۆمەڵگەش لیبرالیەت و نیولیبرالیزم و نیو کۆنزەرڤاتیزم (کەئێستا لەهەڵکشاندان)، هەوڵدەدەن (دەوڵەتی کۆمەڵایەتی) هەڵوەشێننەوە وهەموو شتێک بکەنە کەرتی تایبەت، پارەی بیمەی بێکاری کورت بکرێتەوە وخەڵکی لەژێر گوشاری کورتکردنەوەی پارەدا بەهەر جۆرێک بێت ڕەوانەی فابریکەکان بکەن، گرنگ باجدانە بۆ دەوڵەتی پۆست کاپیتال. ئەمڕۆ جۆرێک لە کۆیلایەتی نوێ لەئەوروپادا لەڕێگەی ئەم سیاسەتی باجدانەوە لەئارادایە، سەیر لەوەدایە خاوەن کۆمپانیا و دەوڵەمەندە گەورەکان خۆیان ئەوەندە باج نادەن بەدەوڵەت وەک لەهاوڵاتی ئاسایی. بەدیوێکی دیکەدا لیبرالیەت (تیمۆس / Tymos/ شکۆداری) وەلا دەنێت و مەسەلە خودییەکانی مرۆڤ و تواناکانی وەلادەخات و ئێمە تەسلیمی ئیرۆتیکیەت وچڵێسیەکی هەرزان دەکات. ئاوەها چەمکی ئازادی بەدەست لیبرالیزم و سوستیمی پۆست کاپیتالیزم لەقەیران و گوشاردایە. ئەم کتێبەی سلۆتێردایک (فشار و ئازادی ) کاردانەوەی فەلسەفی و فیکری ئەم بارودۆخە نوێیەی دونیایە. باس لەوهەڕەشەیە دەکات کەخەریکە دەبێتە کولتورێک وهەڕەشە لەکۆمەڵگەی (خزمەتی کۆمەڵایەتی) دەکات، سیاسەتێک لەژێر ناوی لیبرال و ئازادیدا، چاوچنۆکی دەکاتە فەزیلەت و قازانج دەکاتە سەروو هەموو شتێکەوە و ڕۆحی هاریکاری و خزمەتکردن بەکۆمەڵگە و نەتەوەکانی دیکە وەلادەخات، گۆشەگیری خۆپەرستانە وشمەکخۆری وساویلەکەیی پۆپ ستارانە بڵاودەکاتەوە بەنێو خەڵکدا. دونیایەکی لەڕاوێژکاران ومامۆستای زانکۆ و ڕۆشنبیری ڕەسمی و دەزگای میدیای جۆراوجۆری دروستکردووە، کەبەهیچ شێوەیەک سەرسام نین بەزانست و بوون و ژیان و هونەر و کۆمەڵگە و گرفتی مرۆڤ، بەقەد هێندەی کاریان کارکردنە لەسەر مرۆڤ و بەندکردنێتی لەنێو فۆرمی دەسەڵاتێکی مۆدێرندا، ئەمانە بەنێو دیاردەکاندا تێدەپەڕن، نەک لەووردەکارییە هیومانی و ژنیگەییەکەی تێبگەن. لێرەوە لیبرالیەت و نیو لیبرالیزم وکۆنزەرڤەتیزم و نیوکۆنزەرڤاتیزم (کۆنزەرڤاتیزمی نوێ) بەڕای سلۆتێردایک، کۆی سیاسەت و کۆمەڵگەی کردووە بەجەستەیەکی سیاسی، یان ئاژەڵێکی ئەفسانەیی ملیۆن سەرە، لێرەوە ئەو پرسیارەی لەسەرەتاوە تاکۆتایی سلۆتێردایک گفتوگۆی لەسەر دەکات ئەوەیە، کەمرۆڤ لەکوێدا ئازادە!، مرۆڤ لەکوێدایە! لەم نوسینەمدا لەسەر ئازادی هەوڵدەدەم هێڵەگشتیەکان و چەمکە سەرەکیەکانی ئەم کتێبە گرنگەی سلۆتێردایک (فشار و ئازادی Stress und Freiheit) بخەمەڕوو، لەهەمانکاتیشدا هەوڵمداوە چەمکەکان لەنێو تێکستەکە خۆیدا ڕوونبکەمەوە، نەک لەبەرئەوەی دەمەوێت خوێنەری ئازیزم تەمەڵ بکەم، بەڵکو لەبەرئەوەیە کەزۆرجار بوونی پەراوێزی زۆر خوێنەر وەها لێدەکات کەنەتوانێت ڕەدووی چەمکەکان بکەوێت، ئاسانکاریەکە، بەتایبەت بۆ چەمکەکانی سلۆتێردایک، کەزۆر شاعیرین لەسەرێکەوە و بەدیوێکی دیکەدا زۆر بەئەڵمانیەکی ئاڵۆز و پڕدەلالەت نوسراون کەشیکردنەوەیان زۆری دەوێت. ئێمە هەوڵدەدەین خوێنەر لەئێستادا لەوە بپارێزین، دەنا کتێبێکی گرنگی قەبە هەیە تەنها تایبەتە بەڕوونکردنەوەی چەمکە فەلسەفیەکانی پیتەر سلۆتێردایک. ئەم پیاوە لەهەموو کارەکانیدا گەمەیەکی جوانی زمانەوانی دەکات، بە شێوازی ئەڵمانیەکی زۆر نیتچەویانەیە دەنوسێت، ئەمەش هەمیشە گرفتی وەرگێڕانی کارەکانی ئەم فەیلەسوفە گرنگەیە. سلۆتێردایک لەئەلمانیادا، بەجیاواز لە (یورگن هابرماز) نەک مۆدێرنە بەپرۆژەیەکی ناتەواو تێناگات، بەڵکو لەبنەڕەتەوە ڕەخنە لەو ئەقڵانیەت و پرۆژەی مۆدیرنە دەگرێت، کەبەئەقڵێکی سینیزمانە و گاڵتەجاڕیانە کاری کردووە، ئەمەش وەهای لێکردووە کەچەمکی تازە و تێرمی نوێ و شێوازیکی نوێی نوسین پەیڕەو بکات، کەلەنێوان ئیستاتیکا و ئەدەب و فینیۆمینی کۆمەڵایەتی و سیاسەتدا گەمەی خۆی بکات، ئەم نایەوێت وەک هابرماز تەقلیدیانە بنوسێت، لەسەر بیرۆکەیەک بمێنێتەوە و تێزی جۆراوجۆری لەسەر بینابکات. ئەمەش بەڕای من گرفتی خوێندنەوەی کارەکانی سلۆتێردایکە، کەنایەوێت تەنانەت لەلاپەڕەیەکدا تەنها یەک بیرۆکەت پێببەخشێت، بەڵکو زۆرجار لەدوو پەرەگرافدا زیاتر لەچەند بیرۆکەیەک دەهاروژێنێت، بەمەش خوێنەری فەلسەفە دەکەوێتە بەردەم کێشبەندیەکی نویی خوێندەوەی دەقی فەلسەفی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا زۆر لەو گرفتانەی دەیانهاروژێنێت هەڵگری لایەنە ئیستاتیکی و ئەدەبی و هونەری قوڵن، کەبەبێ هاروژاندنی ئەوانە ناتوانرێت گفتوگۆی لەسەربکرێت، بەمانای لەهەموو کتێب وگفتوگۆیەکی سلۆتێردایک و هاوەڵە فەیلەسوفی (ڕودیگە سافرانسکی)، ئەو پابەندبوونەیان دەبینین کەفەلسەفە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەدەب و ژیان و بیناسازی و هونەری تەشکیلی و قەیرانەکان گرێدراوە، لەگەڵ کۆی نمونە زیندووەکاندا (سلۆتێردایک و سافرانسکی) دیاردەکان دەخەنە چوارچێوەی حیکمەتی فەلسەفیەوە. ئاوەها خوینەری ئازیزم، گرفتی ئازادیش لەم کتێبەی سلۆتێردایک پابەندە بەکێشەی هەستمردووی و دژەسەرسامبوون و شۆڕدەبێتەوە بۆ مێژووی ئازادی لەدوو ئەزمونی مێژوویی و فەلسەفی خودگەراییانە (سەبژێکتیڤ/ سوبێکتیڤانە)، پاشان لەبەردەم شانۆگەریەکی (سامۆێل بیکێت)دا هەڵوێستەیەک دەکات و جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخنەگرتن لەلیبرالیەت و نیولیبرالیزم و نیو کۆنزەرڤاتیزم و سوسیال دیموکرات و تەنانەت سەوزەکانیش لەڕەخنەی سلۆتێردایک قوتارنابن. ئەو پێیوایە کەپرسی کۆمەلگە و ژینگەو ئازدی و خواوەند زۆر لەوە گرنگترن بۆ پارتە سیاسیەکانی بەجێبهێڵین. پرسی ئازادی بەپلەی یەکەم پرسێکی سوبێکتیڤانەیە (خودگەرانە)، گرفتێکە هەمیشە لەگەڵ گوشاردا لەدایکدەبێت و خامۆش دەبێتەوە و جارێکی دیکە لەگەڵ هەڵکشانی تێۆرەی گوشاردا سەرهەڵدەداتەوە، ئازادی وەک لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا خۆئامادەکردن و خۆیەکخستنە بۆ نەهاتوو و گریمانەبۆ نەکراو.. ئەمەو زۆریتریش لەبەشەکانی ئەم نوسینەدا گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

### دژەسەرسامبوون

گرفتی یەکەمی ئازادی لەسەرەتای کتێبەکەی سلۆتێردایک (فشار و ئازادیStress und Freiheit)، لەوەوە دەستپێدەکات، کەئێمە بەرامبەر سەدەیەکین پڕیتی لەساتەکانی (دژە سەرسامبوون Verblüffungsresistenz )، بەوەی لەسەدەی حەڤدەهەمەوە لەدیکارتەوە ئەوە فێردەبین کە (سەرسامبوونVerwunderung ) بارێکی سۆزداری ناجۆرە و دەبێت لەڕێگەی خۆهیلاکردنی ڕۆحی و ئەقڵانیەوە خۆمانی لێ دەربازبکەین. لەسەدەی حەڤدەهەمەوە جۆرێک لە (ئیندڤیدوالیەتی پۆپۆلیستی Individualische Population )، یان چاکتر وایە بڵێم جۆرێک لە (تاکڕەوی پۆپۆلیسستی / تاکڕەوی جەماوەرخوازی ) لەگەڵ پێکهاتەی تازەی لیبرالیزمدا پەیدا دەبێت، بەوەی تاکەکان دژی ڕەهابوونی کۆلێکتیڤی و مێگەلی کۆمەڵایەتی، نمایشی ژیانی خۆیان دەکەن. ئەم پێکهاتەیە موتوربەکردنی کۆمەڵگەی مۆدێرنە بەتاکڕەویەکی جەماوەرخواز و ←



نمایشکار ، کەلەدواجاردا دەم و چاوی یەکەمی کۆمەڵگەی مۆدێرن پێکدەهێنێت. لەم خاڵەوە (شیوازی ژیانی پێکەوەیی) (مۆدۆس ڤیڤێندی modus vivendi ) دەبێتە خاڵی سێنترالی قسەکردن لەسەر بەردەوامبوونی کۆمەڵگە لەفۆرمەکانی خۆیدا. سلۆتێردایک پێیوایە کەنوخبەی سیاسی و رۆشنبیری لەکۆمەڵگەی تەکنەلۆژی مۆدێرندا هەوڵدەدات هەمیشە ئەم شێوازە ژیانەی، لەنێوان کلتوری گشتی نەتەوەیی و تاکڕەوی پۆپۆلستی و نمایشکاریدا بکات بەکێشەی بەردەوامی خۆی، بەوەی، کەنوخبەی کۆمەڵگە هەوڵدەدات هەمیشە باس لەو قەیرانە گەورانە بکات کەئەم شیوازی ژیانە دەخاتە مەترسیەوە، سلۆتێردایک بۆ شرۆڤەی ئەم فینۆمینە وشەی Nachhaltigkeit بەکاردێنێت، دەتوانین ئەم وشەیە بە (بەردەوامبوون / مانەوەی کاریگەی ) وەربگێڕین، ئەمە دەبێتە خەمی سەرەکی نوخبەی کاریگەر لەکۆمەڵگەی مۆدێرندا. ئیدی بۆئەوەی بەسەر نەچین دەبێت لەهیچ وێستگەیەکدا نەوەستین، دەبێت بەردەوام ژیان بەکاربهێنین، نەک بژین. ئەم گرفتە هیجرەتی کایە رۆحی وهیومانیە گەورەکانە بەناوی ئەقڵانیەوە، چونکە دەمێکە چێژی سەرسامبوونی بەبەهاکانی جوانیخۆی و دونیای لەدەستداوە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەقڵانیەتێکی ئامڕازگەرانەیە، بۆ ئامانجێکی دیاریکراو مەکینەی ئەقڵانیەتی بەگەڕ خستووە. کەئەویش پاراستنی ژیانی مۆدێرنە بەهەر نرخیک بێت، ئەم نوخبەیە ئاوەها بیردەکەنەوە، ئاوەها پارێزەری مۆدۆس ڤیڤێندین لەنێو کایە ئەقڵانیەکاندا، ئەم نوخبەیە بەرهەمهێنەری گوشارە و کۆمەڵگە دەکاتە جەستەیەکی سیاسی، یان ئاژەڵێکی ترسناکی ملێون سەرە . دەبێت سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین کەئەم نوخبە تازەیەی کۆمەڵگەی مۆدێرن گرفتی گەورەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ئەویش ڕوانینێتی بۆ دونیا، کەڕوانینێکە هیچ سەرسامبوونێکی پێوە دیارنییە، ئێمە لەسەدەیەکدا دەژین کەمرۆڤەکان دژی سەرسامبوون بە (بوون، بەخەڵق و جیهان و دونیا)، ژیانی مرۆڤ پڕێتی لەدووبارە بوونەوەی ڕەمەکیەت و پێویستیە سەرەتاییەکان و ڕۆتین وهەستمردوویی. دیارە ئاوڕدانەوەیەکی گرنگ هەیە بۆ سەرسامبوون، وەک سەرەتایەکی گرنگ کەفەلسەفەی بەرهەمێناوە، سلۆتێردایک لەسەرەتای کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات: (بەوشێوەیە پلاتۆن ڕیگەدەدات بەسوکرات کەبڵێت: سەرسامبوون تەنها سەرەتایە بۆ فەلسەفە.. بڕوانە بەئەلمانی : Peter Sloterdijk، Sterss und Freiheit، Shurkamp sonder Druck ٢٠١١ , S٧ لەم خاڵی سەرسامبوونەوە دەتوانین لەچەمکی ئازادی تێبگەین، بەوەی ئازادی خۆی لەخۆیدا سەرسامبوونیکە بەجیهان، سەرسامبوونێکە بەبوونمان لەنێو جیهاندا، خودی شتەکان جوانی خۆیانمان نیشان نادەن گەر هاتوو ئێمە سەرسام نەبین پێیان، مێژووی ئیستاتیکا خۆی لەخۆیدا هەڵگری ئەو چرکەساتە سەرسامبوونەیە بەدیاردەکان. شیعر چرکەساتیکی سەرسامبوونە بەدیاردەیەکی تایبەت، هەموو ئیدیا گەورەکانی زانست هیچیتر نییە جگە لەسەرسامبوون نەبێت بەدیاردەیەک، سەرسامبوون بەبەربونەوەی سێوێک لەدرەختێک کێسی زەوی دەدۆزێتەوە. خەیاڵیک بۆ گواستنەوەی ئیدیاکان لەنێو هەوادا و پەرشکردنەوەیان بەسەر شاشەکاندا، خودێکی خەوبینەر و سەرسامبووە ووینەو دەنگ، سەرسامبوون بەگەردیلە و شتەبچوکەکان ووزەی گەورەی ئەتۆمی بەرهەمدینێت. ئەوە سەرسامبوونی یەکەمە بەزەمەن و گەردوون کەتێورەی ڕێژەیی بەرهەمدێنێت، سەرسامبوونە بەخودا و خەڵق، کەلەدواجاردا ئاین بەرهەمدەهینێت.. ئاوەها سەرسامبوون لەم تێزە سلۆتێردایکیەدا ئەو خودە، ئەو سوبێکتە، پێکدەهینێت کەنێزیک دەبێتەوە لەماناکانی ئازادی، ئەو خودە خەوبینەرە وسەرسامە بەدونیا. من پێموایە گرفتی مرۆڤ لەکۆمەڵگەی مۆدێرندا، چاکتر وایە بڵێم لەکەش و هەوای ئەم سەردەمەدا ئەوەیە، چیتر دونیا سەرسامی ناکات، مرۆڤی ئێستا ئەو هێز و وزەیەی ونکرووە کەبتوانێت چێژ لەشتەکان ببینێت و پێیان سەرسام بێت، نیگەرانیەک و مردنێکی گەورەی رۆحی هەیە لەتێگەیشتنی جوانی لەژیاندا، مرۆی تازە لەنێو بازاڕی دنیای دوای مۆدێرندا، چێژبینی لەدنیا، ناگەتە ئاستی سەرسامبوون و خولیایەکی گەورە بۆ بوونی لەنێو جیهاندا، بۆ دۆزینەوەی بوونی خۆی لەڕێگەی پەیوەندیەکی ئیستاتیکی و هەمەلایەنە و نەرم لەگەڵ ژیاندا، ژیانی مرۆی مۆدێرن تەنانەت لەنێو کایە ئاینییەکانیشدا پابەندە بەو کلێشە دیاریکروانەی بوونیان هەیە. (بەڕای من) ئیسلامی سیاسی ئەو دیاردە (دژەسەرسامبوون Verblüffungsresistenz) ترسناکەیە بەرامبەر ئاین، کەمەوداکانی سەرسامبوون بەخەڵق و کایەڕۆحانیەکان جێدەهێڵیت و دەچێتە خانەی کلێسەی زۆرانبازیەکانی دنیای مۆدێرن، بەمانای لەسەرسامبوونەوە بازهەڵدەداتە ڕستەی سیاسی و موستەهلەک، لەتێڕامان و قسەکردن لەسەر ڕۆح و خوداوە ، دەچێتە نێو گفتگۆکانی دونیای مۆدێرنە، جارێکی دیکە ڕۆحانیەت خۆی لەبەرگی شمەکخۆری سیاسی پێناسەدەکاتەوە، دەچێتە نێو کایەکانی گوشاری چلێسیەوە بۆ دەسەڵات. بەمجۆرە چێژ لەجیهان تەنها چێژی شمەکخۆریەکی ئەقڵانیە لەژەمێک خواردنی خێرا لەماگدۆنالز مۆدێرندا. ئەمەش بەڕای من ڕۆچوونی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەیە بۆ جورێک لەخوماربوون بە (شمەکخۆری)، بەنمایشی بەپەلەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و نێت و میدیاکان، لەدواجاریشدا، بەرهەمهینانی جۆرێکی پەردەپۆشیە لەبێزاری ڕۆحی و گۆشەگیری و خەمۆکی کۆمەڵایەتی کەماشێنی بازاڕ و شاشە و میدیایەکان هێوری دەکەنەوەو ئەڵتەرناتیڤی بۆ دەدۆزنەوە. ماشێنی گەورەی دنیای مۆدێرن کە (دژە سەرسامبوون) بەرهەمدێنێت، یەکەم لێدانە لەچەمکی ئازادی لەنێو هەناوی ئەقڵانیەتەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت، بەوەی سوپایەک لەپسپۆڕ و شارەزای ئەقڵانی لەم کلتورەدا لەدژی سەرسامبوون وەک سلۆتێردایک دەڵێت شان هەڵدەتەکێنن. من دەمەوێت لێرەدا لەبەردەم چەمکی (دژەسەرسامبوون) هەڵوێستەیەک بکەم، دیارە سلۆتێردایک لەسەرەتای ئەم کتێبەدا ئاماژە بەم چەمکە دەدات، تانەنەت نوسینەکەی لەدژی ئەو تەوژمە کاردەکات کە (دژە سەرسامبوون) کلێشەی مامەڵەیەتی لەگەڵ جیهاندا .بەڵام لەم وێستەگەیەدا زۆر ناوەستێت، تەنها بەوەندەوە دەوستێت کە ئەقڵانیەت لە سەدەی حەڤدەهەمەوە و شانبەشانی تاکڕەوخوازی نمایشکاری یان (ئیندیڤیدوالزمی پۆپۆلستی / مێگەلی)، لەکلێشەیەکی ئیدنڤیدوالیەتی گشتیدا وەک (شیوازی ژیان) تەعبیری لەخۆی کردووە، تێکڕا وەک زادەی ئەقڵانیەتی ئامڕازگەرایی و تەوژمی پێگەیشتووی لیبرالیەتی جەستەی گەورەی گردبونەوە و گروپە جیاوازانەی پێکهیناوە کەلەدواجاردا لەژێر ناوی کۆمەڵگە خۆی شوناس دەکات، هەموو ئەمانە لەپشتیەوە ئەو ئەکتەرانە وەستاون لەدەرەوەی (سەرسامبوون ) کاردەکەن.

بەڵام لەمەندە زیاتر ناتوانین لەکۆی چەمکی ئەو دژە سەرسامبوونە تێبگەین کەسلۆتێردایک ئاماژەی پێدەدات، چونکە لەم سیمینارەیدا زۆر زوو دەچێتە نێو تێورەی گوشارەوە، ئیدی زۆر لەسەر ئەم چەمکە ناوەستێت. گەر ئاوڕێک لەتێزەکانی دیکەی سلۆتێردایک بدەینەوە، لەچاوپێکەتن وگفتوگۆکانی، ئەوا دەتوانین لەسەرچاوەکانی ئەم چەمکە نێزیکبینەوە، کەلەفۆرمی دیکە تەعبیری لەخۆی کردووە. بۆ نمونە ئەو ئەم سەردەمە بەوە دەچووێنێت کە سەردەمێکە پڕێتی لەخەڵکی پسپۆڕ و شارەزا، لەسەرەتای سیمینارەکەیدا، ئاماژە بەوەدەدات کەزیاد لەپەنچاساڵە لەکاری فەلسەفی و ئەدەبی کەسێکی بەرچاو نەکەوتووە، بێگومان زۆرکەم نەبێت ، کە کار بکات لەبوارە مرۆییەکان، کەئەو ناوی لێدەنێت (کارە ڕۆحیەکان geistige Tätigkeiten)، کارەکەی لەسەرسامبوونەوە دەستپیکردبێت، بەڵکولەهەستێکی (زانستیکی ئۆرگانیزەکراو) وە ئەو کارە کراوە، بەڕای ئەو زانستی ئۆرگانیزەکراو کەلەڕاوێژکارو پسپۆڕی نێو دەزگاکاندا خۆی بەرجەستەدەکات، مارشێکی سەربازیان لەدژی سەرسامبوون دەستپیکردووە. لەم خاڵەوە سلۆتێردایک چرکەساتی سەرسامبوون، بەچرکە ساتێکی گرنگ تێدەگات لەبوارە جیاجیاکانی زانست وفەلسەفیدا. لەبەرامبەر ئەمەدا خەڵکانی دانا (حیکمەت Weise) لەونبووندان. لەم کتێبەیدا ئاماژە بەوەدەرێت کەخەڵکە ڕاتسیۆنال و ئەقڵانیەکان کەدەرهاویشتەی کلتوری ئەقڵانین لەنێو دیاردەکاندان، مامەڵە دەکەن لەگەڵیدا، بەڵام دووریە قوڵەکانی نابنینن و بەسەر دووریە رۆحی و ئیستاتیکی و مرۆییەکاندا بازدەدەن، ئەمەش کارەساتی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، قەیرانی گەورەی لەدنیادا دروستکردووە، لەجەنگەکانەوە بیگرە تاوەکو تیرۆری ئیسلامی، تادەگاتە ڕوخانی ئەفسانەی بازاڕی ئازاد کەخۆی لە بۆرسەکاندا دەبینێتەوە...لەسیاسەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا ئەم کلتورە ئەقڵانیە ئامڕازگەرە، بەتەواوەتی بەسەر تێرمی حیکمەتدا زاڵە، بەڵام حەکیم کێیە؟ بەڕای سلۆتێردایک حەکیم ئەو کەسەیە کەبەزنجیرەیەک شکستیدا تێپەڕیوە، ئەوسا گەیشتۆتە ئەو ئەزمونە ئەقڵانیەی کەهەیەتی، حەکیم (دانا) ئەوەیە کە بەڕاڕەوەکانی ئازاردا تێپەڕیوە، لەنێو شکستیەکاندا ژیاوە، ئەوسا لەئازارەوە قسەدەکات ودەشزانێت هەر بڕیارێک، هەر مامەڵەیەک چەندە ئازار و شکستی و نەهامەتی لێدەکەوێتەوە و چەندەش بەختەوەری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەمانانی دیوی دووهەمی بڕیاردان دەبینێت، ئەو ئازارە دەبینێت کەبڕیاردان لێوەی دەکەوێتەوە، بێگومان ئەقڵانیەتی مۆدێرن ئەو دیوە نابینێت یان خۆی لێ خافڵ دەکات. بەدیوێکی دیکەدا قسەبکەین، دەتوانین بڵێین کەئەوە حەکیمە سەرسامە بەدونیا، بەئازارەکانی خۆی و ئەوانیتر، لەئازار و ئەزمونەکانیەوە دەتوانێت لایەنە ئیستاتیکیەکانی دیاردەکان، لایەن تراژیدی و شکستیەکانی لێکەوتەکان ببینێت، ئەوە حەکیمە تێدەگات ئازادی لەکوێدایە مادامەکی دەزانێت شکستی و ئازارەکانی لەکوێدان. ڕاتسیۆنالزم جۆرێک بیرکردنەوەی بەرهەمهێناوە، کەپاراستنە لەسەر شێوازێکی ژیانی کۆگەرایی و مێگەلخوازی جەستەی گەورەی کۆمەڵگە، پاراستنە لە (مۆدۆس ڤیڤێندی modus vivendi) شیوازی ژیانی مۆدێرنە بەهەر نرخێک بێت. بێگومان ئەمە لەسیاسەتی بازاڕدا دەبینین، نەک تەنها بەرامبەر دونیای دەرەوەی ئەوروپا بەڵکو ئەم ئەقڵیەتە ساردە وەک ئادۆرنۆ وەسفی دەکات، ئێستا پەلاماری کۆمەڵگەی خۆیشی دەدات، دەتوانین وەک ئاسانکاریەک بۆ خوێنەری ئازیزم ئاماژە بەچەند نمونەیەکی دیاربکەین: بۆنمونە سیاسەتی یۆرۆ و دراوی یەکگرتوو، سیاسەتێکی تەواو ئەقڵانیە لەڕوی نەخشەی ئابوریەوە، لەڕووی سیاسیەوە سەرەتایەکی ئەقڵانیە بۆبنیاتنانی ئەوروپایەکی یەکگرتووی بەهێز، بەڵام گاڵتەجاڕی ئەم ئەقڵە لەوەدایە داوا لەدەوڵەتێکی قەرزپێدراوی وەک یۆنان دەکات، بۆ ساڵانیکی دوورودرێژ سیاسەتی سک هەڵگوشین پیادەبکات، بۆ نمونە داوادەکات حکومەتی یۆنان موچەی فەرمانبەران نیوەبکات و بەشێکی زۆریش لەخزمەتگوزاریەکان وەلانێت، بەشێکی زۆریش لەفەرمانبەران بێکاربکات، خانەنشینی کەمبکاتەوە، ..هتد. ئەم سیاسەتە ئابوریە بەڕای (ترۆیکا) کەلیژنەی بەدواچونی قەرزەکانن، وەهادەکات یۆنان بێتە ڕیزی دراوی یۆرۆ و دەوڵەتانی ئەوروپاییەوە، یۆنان بۆئەوەی ببێتە ئەوروپاوە دەبێت کۆمەڵگەکەی خۆی برسی بکات، ئەمە ئەقلیەتی لیبرالیەت و نیو لیبرالزم و کۆنزەرڤاتیزمی ئەوروپیە، کەخۆی بەمیراتگری ڕۆسنگەری و ئەقڵانیەت تێدەگات. ئەم ئەقڵانیەتەی پسپۆڕان دەشێت لەڕووی ئەقڵانیەتی ماتماتیکیەوە، ئامڕازگەراییەوە ڕاست بێت، بەڵام لەڕووی ئەوەی، ئەو هەموو هەڵوەشاندنەی باری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەوە بەدووی خۆیدا دەهێنێت کارەساتێکی گەورەیە. ئەو ئازارەی کۆمەڵگە دەیکێشێت لای ئەقڵانیەتی مۆدێرن جێگەی سەرنج نییە، ئەمە سیاسەتی پسپۆڕەکانە نەک داناکانە. ئەقڵانیەتی بازاڕ ئەمڕۆ نوخبەیەکی دروستکردووە دوور لەهەموو حیکمەتێکی مرۆیی و بەهایەک کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن، لەسیاسەتی دەرەوەدا گەیشتن بەئامانجەکان لەسەروو هەموو ئەو نەهامەتیەوەیە کەلەوڵاتانی دیکەدا ڕوودەدات. بۆنمونە فەڕەنسا چەندە بەحەماس بوو بۆ ڕووخاندنی قەزافی دیکتاتۆر و پشتیوانی سەربازی لەو پرۆسەیەکرد، کەچی لەکۆلۆنیە دێرینەکەی خۆیدا کە ساحل عاج بوو کارەساتی گەورە لەنێوان نەیارانی حکومەت و ئۆپۆزیسیۆندا ڕوویدا، بەجۆریک قەسابخانەی گەورە کرا لەسەر جادەکان، کەچی ئەوەندە ئاوڕدانەوەی لەلامەبەست نەبوو. بەگشتی ڕووخانی بۆرسە و قەیرانی ئێستای ئەوروپا لەپشتیەوە وێنەی ئەو بۆینباخ لەبەرە ئەقڵانیە وەستاوە کەحیکمەت و هێزی ژیان و سەرسامبوونی وەلاناوە، تەنها مامەڵە لەگەڵ دەرئەنجامەکاندا دەکەن، نەک لێکەوتەکانی. سلۆتێردایک لەسەرەتای کتێبەکەیدا نیەتی خۆی ناشارێتەوە لەدژی ئەم ئەقڵەی کە (دژە سەرسامبوون) ی لەخۆدا هەڵگرتووە کاردەکات، ئەوەتا بەئاشکرا دەڵێت : (لەبەشەکانی دیکەدا دەمەوێت لەدژی ئەو تەوژمە سەرەکیە کاربکەم کە




تەوژمی سوسیۆلۆژی و پۆلیتۆلۆژی دژە سەرسامبوونن....هەمان سەرچاوە (١-١٠).

## سەرسامبوون و نێزیکبوونەوە لەمیراتی ئانتیکا و نیتچە

ئەم نێزیکبونەوەیە لەفیگوری حەکیم یان دانا، پابەندە بەو ئەزمونەی کەدانا هەیەتی لەگەڵ ئازاردا، بەڵام سەرەتا ئەوە سەرسامبوونە وەهامان لێدەکات، ئەزمونی دونیا بکەین، بەبێئەوەی ڕەچاوی کلێشە ئامادەکراوەکان بکەین، لێرەوە چرکەساتی سەرسامبوون، چرکەساتی داهێنانە، چرکە ساتی سەرسامبوون چرکە ساتی وێنەی ئازارە، مادامەکی حەکیم پێکهاتەیەکە لەو کەسەی بەنێو شکستیەکاندا ڕۆیشتووە و لەگەڵ ئازاردا دەژیت بێئەوەی لەبەردەمیدا بشکێتەوە.. ئەمەش وێنەی پێچەوانەی مرۆڤی ڕاتسیۆنالی مۆدێرنە کەبۆینباخی بەستووە و هەمیشە سەرکەوتووە و بەوشەیەکیش باس لەئازار ناکات، میدیای گەورەی دنیای پۆست مۆدێرن پڕێتی لەبەرنامەی کەسە سەرکەوتووەکان، پڕێتی لەو ماسکانەی پێدەکەنن و بزەیان لەسەر لێوە، ئیدی لەسوپەر مۆدێلەوە بیگرە تادەگاتە سوپەر ستار و سوپەر دایک و سوپەر بەخێوکار و سوپەر خێرخواز، پڕێتی لە پەڕلەمانتاری سەرکەوتوو و ڕاوێژکاری سەرکەتوو و فەیلەسوفی سەرکەوتوی پۆپۆلیست، ئەم سوپەرانە بەجۆرێک جێگۆڕێکێ دەکەن کەنازانین کەی هاتوون و کەیش ڕۆیشتوون، هەموویان وەک ئەوەی لەیەک فابریک هاتبنە دەرێ، ئاوەها وەک کۆمەڵێک بوکەشوشەی جوان وەهان، وێنەی سەرکەوتوو بەسەرپلەکاندا دووبارە دەکەنەوە. بەمشێوەیە وێنەی سەرکەتووەکان کەتەنها ئامانجەکانیان لەبەردەمدایە و گەیشتوون بەئامانجەکانیان، وێنەیەکە میدیای جیهان بەردەوام نمایشیدەکات، وێنەی زاڵی میدیا و سیاسەتە. بەڵام وێنەی مرۆی دانا، بەپێچەوانەی ئەو مرۆڤەیە کەبەزنجیرەیەک سەرکەوتندا تێپەڕیوە، دانا ئەو سوپەر ستارە نییە لەژوورەکاندا ئاواز بچڕێت، ئەوسەرکەتووە نییە هەگبەکەی پڕی بێت لەسەرکەوتن، بەڵکو پڕێتی لەئەزمونی تاڵی شکستی و نشوستی ڕۆحی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، دانا کەسێک نییە پلەکانی پیشەکەی بەسەرکەتووی بڕیبێت، بەڵکو خۆی لەزۆر تاقیکردنەوەی سەخت داوە و لەهەندێکیاندا سەرنەکەوتووە. بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا دانا ئەو کەسەیە ژیان فێری کردووە، لەگەڵ (گوشار Stress ) دا بژیت و گوشاری دەروونی و کۆمەڵایەتی بکاتە کولتور و مەعریفەیەکی تایبەت و کاراکتەریزەی بکات لەخۆیدا، لێرەوە بەڕای من دانا ئەو کەسەیە کەگرنگی نادات بەنمایشکردن، بەقەد هێندەی پابەندە بەجەوهەری خۆیەوە وەک بوونیک کەلەگەڵ زەمەندا لەململانێدایە. دانائەو کەسەیە لەگەڵ شکستیەکاندا ژیاوە و دەژی ، ئەوەی وەهای لێدەکات بەرگەی ئازار (Schmerz) بگرێت بەردەوامیەتی دەداتێ لەسەرسامبوون بەژیان، بەجیهان، بەبەهاکان و ئیدیا و گەردوون و خەلیقە و خواوەندەکان و پرسیارەکانی ڕۆح ، ئەمەش وزەی ئەوە بۆ سەلماندنی بوونی خۆی، وەک بونەوەرێکی مەشقکار لەجیهاندا، وەک بوونێک لەگەڵ زەمەندا. دانا (حەکیم) لێرەدا ئەو کەسەیە کەسەرسامیەکانی خۆی لەپێناسەیەکی دیاریکراودا بەند ناکات، بەڵکو لەسەرسامبوونەوە ئەزمونەکانی خۆی درێژە پێدەدات، گەر هاتوو ئەمەش ئازارێکی قوڵ بەدووی خۆیدا ڕابکێشێت. (من پێموایە) وێنەی حەکیم، وێنەی ئەو پاڵەوانەیە کە (فردریک نیتچە) پێی سەرسامە، ئەو پاڵەوانە تەنهایە کەلەئەزمونێکەوە بۆ ئەویتر مانای نوێ دەدات بەژیان. (نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە سلۆتێردایک هەڵگری میراتیەکی گەورەی نیتچەویە)، لێرەوە حیکمەت نوشستیەکە بەنێو ئەزمونەکانی ئازاردا تێپەڕیووە، ئەوە خودێکی سەرسامبووە بەئیدیاکان کەبەنێو ئازار ونشتوتیدا تێدەپەڕێت، نێزیک دەبێتەوە لەخوداکان، من ئاماژەم بە (ئازار Schmerz) یان وەک لەلاتینیدا (دۆلۆر) و لەگریکدا بە (ئالگۆس) ناوبراوە، ئازارم بەکارهێنا وەک چەمک کەتۆبۆگرافیایەکی گرنگی لەفیکری فەلسەفیدا داگیرکردووە، بەتایبەت بەگەڕانەوەمان بۆ ئەنتیکا (گریکی کۆن / یۆنانی کۆن)، بۆ (هۆمێرۆس و ئۆڤید) بۆ چیرۆکی خواوەندەکانی یۆنان، کەدەتوانین لەو چیرۆکانەوە بیرۆکەیەکمان هەبێت لەحیکمەتی یۆنانی، کەلەفەلسەفەی یۆنانیدا ڕەنگیداوەتەوە و لەودواجاریشدا لەکولتوری ڕۆمانیدا دەبێتە شێوازی بەڕێوەبردنی ژیان و دەوڵەت و کۆمەڵگە. بۆ تێگەیشتن لەچەمکی ( ئازارSchmerz ) زیاتر دەتوانین پەنابەرینە سەر ڕەچەڵەکە گریکیەکەی کە بە (ئالگۆس) یان لاتینیەکی (دۆلۆر) ( álgos ، dolor)) پێناسەدەکرێت. بەوەی خودێکی هەستکارە بە (ئازار/ دۆلۆر / ئالگۆس) و بەهەندوەرگرتنی ئازارە لەجەستەدا. لێرەوە هەستکردن بەئازار و بەهەند وەرگرتنی ئازار لەڕووی جەستەیەوە دێتە نێو کولتوری فەلسەفیەوە و لەمیتۆسی ئەنتیکادا (ئەفسانەی یۆنانی دێرین)، دەبێتە خاڵی سێنترالی بابەتی تراژیدیا و ئەدەبی، بەتایبەت لای (هۆمیرۆس) کەچیرۆکی ترۆیا (تەراودە) و پاڵەوانێکی وەک (ئەخیلیس / ئەخیلۆس) دەگێڕێتەوە، چیرۆکی پاڵەوانێکی وەک (ئۆدیسۆس) کەبەدەریا و ئۆقیانوسەکاندا وێڵە. یاخود چیرۆکی خواوەندەکان و مرۆڤەکانی سەر زەوی کەچیرۆکی شارستانی مرۆڤایەتین لەفۆرمی بیرکردنەوەی ئەفسانەیی و ئەدەبی گێڕانەوەدا. لەم خاڵەوە کۆی بیری فەلسەفی تائەمڕۆ گەڕانەوەی هەیە بۆ وێنەکانی پاڵەوان و حیکمەتی پاڵەوانەکانی ئەنتیکا. میراتی فەلسەفی نیتچە، بەشێکی زۆری سەرسامبوونە بەوێنەی پاڵەوان کەئازاردەکێشێت، بەتایبەتبە (دیۆنیزۆس)، وەک خواوەندی خوماری و بەختەوەریەکان. لێرەدا پیم باشە گەر باس لەچەمکی ئازار بکەین لەشارستانی گریکدا، ئەوا هەڵوێستەیەک بکەین لەبەردەم وێنەی پاڵەوانێکی وەک (هێرکولسHerkules)، ئەو پاڵەوانەی دوای ئەوەی بەر لەعنەتی خواوەندی مێینە (هیرا) دەکەوێت و لەساتێکدا ئاوەز لەدەستدەدات، هاوسەرەکەی و سێ منداڵەکەی خۆی دەکوژێت، هێرکولس دوای وەئاگابوونەوەی، ئازار دەیخوات. ئیدی ئازار دەبێتە هاودەمی ژیانی، بەڵام گرنگی چیرۆکی هێرکولس لەوەدایە کەئازار دەبێت بەکولتورێکی دروستکار، خود دەوڵەمەند دەکات بەئەزمونەکانی. لێرەوە من پێموایە کەهەموو گوشارێک خۆی لەخۆیدا توخمیکی گەورەی لەئازار لەخۆدا هەڵگرتووە، هەموو فشارێک بەجۆرێک لەجۆرەکان ئازارمان دەدات، هەموو ئازارێکیش فشارێکی گەورەمان لەسەر پێکدەهێنێت. هێرکولس لەگەڵ فشاری ئازارەکانیدا دەژی و ورەبەرنادات و هێزی ژیان تێدا ئەوەندە بەهێزە کەسەرەڕای ئازاری هەستکردنی بەتاوانی کوشتنی ژن و منداڵەکانی، خۆی دەخاتە بەر تاقیکردنەوەکانی خواوەندەکان و دوانزە تاقیکردنەوەی گەورە بەسەرکەوتووی ئەنجامدەدات، کەهەریەکێکیان پێویستی بەژیری و دانایی و ئازایەتیەکی بێ وێنە هەیە. هێرکولس دەتوانێت پەلاماری شێرێکی ئەفسانەیی بدات، لەگەڵ حەزیای نۆسەردا بەجەنگ بێت و سەگی سێ سەری دنیای مردن ڕامدەکات و دەهێنێتە سەر زەوی. هەرچەندە وێنەی هێرکولس وێنەی سەرکەتووە، بەڵام ئازاری کوشتنی سێ منداڵ و هاوسەرەکەی بەردەوام لەگەڵیداهاوڕێیە، ئەزمونەکان و شکستیە ڕۆحیەکان بەدوویەوەن، تالەدوایدا لەتاو ئازاری دەروونی، بەئیرادەیەکی پتەوەوە دەچێتە نێو ئاگرەوە و کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت، بەمەش لەمرۆڤێکی نیمچە خواوەندەوە دەبێتە خواوەندێک لەڕیزی خواوەندەکانی یۆنان، چونکە خواوەندەکان ژیانی ئەویان بینی لەگەڵ ئازار و نشوستی، ئازارێک کەتوانی وزەبەخش بێت بۆ سەرکەوتن بەسەر تاقیکردنەوە سەختەکانی ژیاندا. دوای ئەم ئەزمونە خواوەندی خواوەندەکان (زێوسZeus) لەپاداشتی ئەو هەموو سەرکەوتن و نشوستیەدا زیندووی دەکاتەوە و دەیکات بەیەکێک لەخواوەندەکانی خۆی و نەمری دەکات. پێموایە وێنەی هێرکولێس، وێنەی ئەو مرۆڤە خەوبینەرەیە کەسلۆتێردایک بەخودێکی خەوبینەر (خودیکی خەوبینەر réverie Subjekt ) وەسفی دەکات، ئەو خودە خەوبینەرە سەرسامە بەبوون و لەکێشەی وجودی خۆیدا دەژی، سەرسامە بەجیهان وەک ئەوەی دەبێت گەشتی ئۆدیسۆسانەی خۆی پێدا بکات، ئەم خودە خەوبینەرە دەگەڕێت بەدووی ماناکانی ئازادی. ڕەگەکانی (سەرسامبوون) لەبیری سلۆتێرادایک بەڕای من گەڕانەوەیەکە بۆ ئەو میراتیە مەزنەی نیتچە، کە لەوێنەی بونەوەرێکی سەرسامبوو بەجیهان نێزیکماندەخاتەوە، بەجۆریک کەلەخاڵێکەوە بۆ ئەویدیکە، لەئەزمونێکەوە بۆئەوەی دیکە خوماریەکانی خۆی درێژە پێدەدات. نیتچە لە (لەدایکبوونی تراژیدیا) و زۆربەی کارەکانی دیکەیدا سەرسامە بە (دیۆنیزۆس)، خوداوەندی خوماری و بەختەوەری و ئاهەنگ و شێتاتی و چێژ، ئەم وێنەیە، ئەو وێنە نیتچەویە یە بۆ پاڵەوان دەبنە پشتە وێنەی فەلسەفی، کە سلۆتێردایک وەک میراتێکی نیتچەوی لەکارەکانیدا بەرهەمیدەهێنێتەوە، لێرەدا دیسانەوەهەڵوێستە دەکەم لەبەرامبەر چەمکی (نشوستی و شکستی) کەپابەندن بەمیراتی (نیچە) وەک بیۆگرافیای نیچە خۆی، و ئەم چەمکە پابەندن بەوێنەی حەکیم ، کەسلۆتێردایک لەسەرەتای ئەم کتێبەیدا دژی ئەو ئەقڵانیەتە وشکەیە کە کولتورێکی ئامرازگەڕایی بەرهەمێناوە، وێنەی دانا (حەکیم Weise) وێنەیەکە لەبەرامبەر وێنەی پسپۆڕە سەرکەوتووەکانی پۆست مۆدێرن و نوێنەرانی (دژەسەرسامبوون) لەم کتێبەدا تەعبیر لەخۆی دەکات. هەروەک ئاماژەمان پێدا ( دیۆنیزۆس) کەخوداوەندی خوماری و بەختەوەری و گاڵتەجاڕی ولەهەمان کاتیشدا ئازارە، خودی دیۆنیزۆس لەدایکبووی ئازارە، خوداوەندێکە کوڕی (زیۆسە Zeus) کەدووجار لەدایکدەبێتەوە. یەکمجار لەدایکی خۆی کەکچی پاشای (تێبین Theben ) کادامۆسە، کچی ئەم پاشایە ناوی سیملە Semele یە، پەیوەندی ئەشقی لەگەڵ خوای خواوەندەکان (زیۆس/ Zeus Ζεύ) دەبێت، لەوپەیوەندیەدا (دیۆنیزۆس) لەدایک دەبێت وەک منداڵێکی لەتۆوی خواوەند و هێلکەی مێینەی مرۆیی فانی، تێکەڵەیەک لەفەنابوون و ئەبەدیەت، لەزەمەن و ئەبەدیەت، لەقوڕی دونیا و هەناسەی حەزی خوای خواوەندەکان. دیۆنیزۆس وەک نیمچە خواوەند لەدایک دەبێت، بەشێکی ئەبەدیە وەک خواوەند و بەشێکی دیکەی فانیە وەک مرۆڤ، بەشێکی ئەزەلیە و بەشێکی دیکەشی دەبیتەوە خاک و خۆڵ و مردن، لەنێوان نەمری و مردندا دیۆنیزۆس لەدایکدەبێت. بەڵام زۆر نابات، هاوسەری زێوس خواوەندی مێینە (هیرا Ἥρα Hera) دەیەوێت تۆڵە لە (سێملە) بکاتەوە بەوەی لەشێوەی ژنێکدا دەچێت بۆلای پێیدەڵێت: پێویستە زێۆس ڕازیبکات شێوەی ڕاستەقینەی خۆی نیشانبدات، بێگومان ئەوەی ئەو کیژە نایزانێت، ئەوەیە کەزێۆس خۆی نیشانی فانیەکان نادات، گەر کاری وەها بکات ئەوا ئەگەری مەرگ لەبەردەم ئەو کەسەدایە، یان سزای نەفیکردن بۆ نادیار. کیژی ئاشق دەکەوێتە نێو پەڕلەی هیرا، داوا لەزێۆس دەکات خۆی نیشاندات، زێۆس زۆربروسکەیی خۆی نیشاندەدات ، هەردوای ئەوەش سیمیلەی ئەشقی نەفیدەکات بەرەو نادیار، بەڵام منداڵەکەی (دیۆنیزۆس) لێ وەردەگرێت و دەیخاتە نێو یەکێک لەبرینە قوڵەکانی نێو ڕانی و برینەکەی دەدورێتەوە، دوای سێ مانگ جارێکی دیکە دیۆنیزۆسی منداڵ لەبرینەکە دێتە دەرەوە، بەمشێوەیە لەنێوئازاری برینی ڕانی خواوەندەوە، دیۆنیزۆس بۆ جاری دووهەم لەدایک دەبێتەوە. لەبەرئەوە دیۆنیزۆس بەوە ناسراوە کەدووجار لەدایکبووە...چیرۆکی دیۆنیزۆس، چیرۆکی بونەوەرە ڕەدوکەوتووەکانی وەک سیلین و ساتیر، چیرۆکی ئازار و خوماریە، چیرۆکی سەرسامبوونن بەسەرکێشی و لەنشوستیەوە بەرەو سەرکەوتن و لەسەرکەوتنەوە بۆ دووبارە ژیانەوە و لەدووبارە ژیانەوە بۆ ئازارێکی دیکە، چیرۆکی چێژوەرگرن لەجیهان. بەمشێوەیە ئەم خودە خەوبینەر و سەرسامبووە بەردەوامە لەئەزمونکردنی ژیان. لەم ڕوانگەیەوە ئیدیالەکانی مرۆڤ ئەوە نییە کە کەلەپەروەردەیی کۆمەڵایەتی ڕەسمیەوە وەدەستیدەهێنێت، بەڵکو لەو ڕۆحە سەرشێتە سەرسامبووە پڕ ئازارەیە، کەڵکەڵەی جیهان خوماری کردووە،. نیتچە پێیوایە: (ئیدیالی باڵای مرۆڤی مۆدێرن دەم وچاوی، پێکهاتەیەکی سروشتیە لەکۆمەڵێک وەهمی پەروەردەیی، بەڵام ئەوە دیۆنیزۆسی یۆنانە کەدەیەوێت سروشت و هەقیقەت لەباڵاتین هێزی خۆیاندا بن.. ٢-٤٢)

Fridrich Nitsche, Werke, Geburt der Tragödie, Zweitausehendeins, S٤٢ بڕوانە بەئەڵمانی: نیتچە،کارە تەواوەکان ، لەدایکبونی تراژیدیا، ل ٤٢ سلۆتێردایک بەگەڕانەوە بۆ میراتی نیتچە، بەگەڕانەوە بۆ ئانتیکا، بۆ چەمکی ئازار و حەکیمەت لە سەرسامبوون نێزیکمان دەخاتەوە، سەرسامبوون وەک ڕۆحێکی دیۆنیزۆسی، وەک ڕۆحی داناکان، وەک ئەزمون لەگەڵ ئازاردا، بەڕای من بیرۆکەی پشت چەمکی سەرسامبوون لەوەدایە کەپێکێهنەرێکی سەرەکیە لەنێزیکبوونەوە لەماناکانی ئازادی، پێکهێنەری ئەو خودەن کەخەون دەبینێت، خەونێک لەبەشەکانی دیکەی ئەم نوسینەدا دێینەوە سەری، ئەو خەونە خەونی ئازادبوونە بەهەموو ڕەهەندە فراوانەکەیەوە، کەلە (پێنجەمین پیاسەی) ژان ژاک ڕۆسۆدا تەعبیر لەخۆی دەکات.






## کۆمەڵگە ئاژەڵێکی ئەفسانەیی چەند سەرە

دوای ئەم هەڵوێستەکردنە لەژێر چەتری (سەرسامبوون). دەگەڕێینەوە بۆ نێو دنیای کۆمەڵگە وەک جەستەیەکی گـەورەی سیاسی، وەک پێکهاتەیەک لەهارمۆنیەت و هارمۆنیزەبوون لەگەڵ فشار، یاخود کۆمەڵگە لەپێناسەیەکی دیکەدا وەک تێکەڵبوونێک لەگەڵ فشاردا، وەک هاوردەکردنی فشار بۆ نێو خودی خۆی، بۆ نێو کایەکانی خۆی. کۆمەڵگە لەم تێزەدا (جەستەیەکی سیاسی زەبـەلاحـە)، جەستەیەکە فشار بۆخۆی دروستدەکات و فشار دەهێنێتە نێوخۆیەوە و بەرهەمی دەهێنێتەوە. کۆنسێپتی فشار و تێزی فشار بریتیە لەوەی کۆمەڵگاکان وەک جەستەیەکی سیاسی گەورە وەهان، یاخود کۆمەڵگە خـۆی جەستەیەکی سیاسی زەبەلاحە کەفشار بۆخۆی بەرهەمدەهێنێت و لەسەر بنەمای سوستێمی نیگەرانی کاردەکات . جەستەی کۆمەڵگەی مـۆدێـرن لەوە پێکدێت کەخۆی وەک پارێزەری شێوازی ژیـان (مـۆدۆس ڤیڤێندی modus vivendi ) تێدەگات، لیبرالیەت شانبەشانی (ئیندیڤیدوالیەتی پۆپۆلیستی) لەنێو سوستمێکی فشاردا پارێزگاری لەخۆی دەکـات، بـەوەی هەمیشە باس لەچەمکی (بەردەوامبوون / مانەوەی کاریگەری die Nachhaltigkeit) بکات، پێچەوانەی ئەم چەمکە و دژی ئەم چەمکە چەمکی (بەسەرچوون die Unhaltbarkeit ) کەنوخبەی کۆمەڵگە باس لەوەدەکەن کەئەم شێوازی ژیانە لەمەترسیدایە، مەترسی ئەم کۆمەڵگەیە لەوەدایە کەشیوازی ژیانی بەرەو لێوارەکانی بەسەرچووندا هەنگاو دەنێت!، ئیدی نوخبە هـەوڵـدەدات کۆی کۆمەڵگە بکاتە جەستەیەکی سیاسی گـەورە بۆ پاراستن لەشیوازێکی ژیانی تایبەت کەدەشیت لەژێر ناوی دیموکراتیەتدا خۆی نمایشبکات. ئەم خەم و کەڵکەڵە دروستکردنە وەها دەکـات کەسوستێمی ئیداری و سیاسی هەمیشە ئەو هەستە ببەخشێت بەئەندامانی کۆمەڵگە، کەشیوازی ژیان (دیموکراتی، ئـابـووری بـازاڕی ئـازاد، میدیای ئـازاد و سەربەستی سێکسواڵی و نۆرمەکان..هتد) لەمەترسی بەسەرچووندان، وەک چۆن ئێمە خواردنەکانمان بەسەردەچێت، ئاوەها دەشێت ژیانی ئێمە بـەرەو بەسەرچوون رێڕەوبگرێت، گەر هاتوو بیر لەوە نەکەینەوە ئـەم شـیـوازی ژیانەمان بپارێزین، ئەوا بەسەرچوون قـەدەرمـانـە. ئـەم کلێشەی دروستکردنی فشارە، بەوەی کۆمەڵگە لەژێر گـوشـاری دەروونـــی لەناوچوونی شێوە ژیانیاندان، دەبێتە داینەمۆی جوڵەی کۆمەڵگە بۆ پاراستنی شـێـوازی ژیـان، کەلیبرالیەتی سیاسی لەڕێگەی گەشەپێدانی ئیندیڤیدوالیەتی پۆپۆلیستی ئاڕاستەخوازی دەکــات. ئیندیڤیدوالیەتی پۆپۆلیستی (تاکڕەوی شەعبی)، کەجۆرێکە لەکلێشە باوەکانی تـاکـڕەوی، لەڕێگەی میدیای گشتیەوە، لەڕیگەی تۆک شۆ و بەرنامەی پێشبڕکێی و ڕیپۆرتاژەکانەوە، کلێشەی گشتی ئـەو فیگورە دەکێشین کەناوی (تاکڕەو Individual ) ، بەناوی کایەی تایبەت و ژیانی کەسی تایبەت، جۆرێک لەمرۆڤی مۆدێرن وێنادەکێشن کەتەنها بۆخۆی دەژی، ئەم فیگورە تاکڕەوە خۆی لەهۆشمەندیەکی هەڵبژاردییەوە بەدەست نەهێناوە، بەمانای ئەم خودە سەربەست نییە وەک خۆی مەزندەی دەکـات، بەڵکو کۆیلەی ئەو کلێشەیە، کەبیروڕای گشتی پۆست کاپیتالیزم دەربارەی مرۆڤی مۆدێرن بانگەشەی بۆدەکات. ئەم تاکڕەویە بەڕای من پابەندە ئەو شمەکخۆرەیە کەدەبێت هەر تەنیا و تاک بێت بۆئەوەی بتوانێت زیاتر شمەکخۆر بێت بەرامبەر دونیا، دەبێت تەنیا بێت بۆ ئەوەی لەتەنیایی خۆیدا فابریکەکان ببن بەشانۆی نمایشی خۆی و زیاتر باجبدات وەک لـەوەی پێویستە، زیاتر کـار بکات بۆئەوەی ئەو شمەکخۆری و چێژە خێرایانە تێربکات کەمیدیاو تەلفیزۆن و تۆک شۆکان بانگەشەی بۆدەکەن، زیاتر لەگەڵ مۆدێلی گشتیدا بێت بۆئەوەی هەست بەگۆشەگیری و دابڕان نەکات، ئەم مرۆڤە لەوەهمەدا دەژی، کەدەبێت لەگەڵ ئەم کلێشەیەدا بگونجێت، دەنا وەک مرۆڤ بەسەر دەچێت و دەخرێتە تەنکەی زبڵەوە. بەمەش تەحقیقی ئازادی خۆی دەکات، بەوەی خۆی لەبەسەرچوون دەپارێزێت. ئەم تاکڕەویە گرێی گەورەی سایکۆلۆژی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، بەوەی لەجەنگدایە لەگەڵ ئەوەی بەسەر نەچێت و مۆدێلەکەی کۆن نەبێت، هەمیشە لەنێوەندی جیهاندا بێت و دوانەکەوێت ونەچێتە نێو خانەی بەسەرچووەکانەوە. ئـەم فۆرمە لەجەوهەردا بەڕای من جۆرێکە لەڕاسیسزم و رەگەپەرستیەکی دیکە، بەوەی نەخۆش و هەژار و بێکار و پەکەوتە قبوڵ ناکات و ئەوانە دەخاتە خانەی بەسەرچووەکانەوە کەناتوانن باج بدەن بەدەوڵەت، لەبەرامبەر ئـەمـەدا هەموو ڕۆحێکی سۆڵیداڕیتی و هاوکاری و بەجیهانیبوون لەدەستدەدات. ئەم فیگورە بەکرێی کەم ڕازییە مادامەکی دەچێتە نێو خـانـەی گشتی ئـەوانـەوە کەهێشتا بەردەوامن، کاریگەریان هەیە و لەنێو ئەم ئاینە نوییەدا کە ناوی بەردەوامیە die Nachhaltigkeit جێگەیان دەبێتەوە، لەبەر ئەوە سەیر نییە گەر سەدەها کرێکار و فەرمانبەری هاوڕێیان لەهەمان فابریک و کۆمپانیا دەربکرێن، ئەم مرۆڤە تاکڕەوە پۆپۆلیستە گوێنەداتێ مادامەکەی خۆی بــەردەوامــە. ڕۆمـانـنـوسـی ئەڵمانی (گـونـتـەرگـراس) لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لەوەکرد، کەمرۆڤی سەدەی نۆزدەهەم سۆڵیتدارتر بوو، جوانتر مامەڵەی لەگەڵ ئەم کێشانەدا دەکرد وەک لەمرۆڤی ئێستا، کرێکاری سەدەی نوزدەهەم لەبەرامبەر دەرکردنی هاوەڵەکانیان ئەوەندە خـەمـسـارد نـەبـوون، ئـەم خەمساردیە، خەمساردیەکی خودگەرایانە نییە، بەڵکو بەرهەمهاتووی ئیگۆسێنتراڵی، خۆپەرستیە، کە گوشاری سیاسی و ئابوری و گوشاری مۆدێلی کۆمەڵایەتی بەرهەمی هێناوە. ئەم تاکڕەوە پۆپۆلیستی ونمایشکارە لەدایکبووی ئەو جەستە گەورەیەیە کە (میدیا و تێۆرەی میدیا) کاری لەسەر دەکات. لەمۆدێلەکانەوە بیگرە تاوەکو پیشەسازی موزیک و سوپەر ستارەکانیان تـادەگـاتـە ئەوبیروڕایەی کەبۆئەوەی بگەیت بەئامانجەکانت دەبێت تاکێکی ئیگۆئیست (خۆپەرست) بیت. لەم خـاڵـەوە میدیا ئـەو تاکە هـانـدەدات بۆ دروستکردنی هۆشمەندیەک دوورە لەهەموو پابەندبونێک بەکۆمەڵگەوە، لەدابەشبوونی بەسەر کایە تایبەتەکانی دیکەوە. دیارە دەبێت لێرەدا هەڵوێستیەک بکەین و بڵێین کەبیری سلۆتێردایک هەر لەسەرەتاوە لەسەر ڕەخنەگرتن لەئیگۆئیزم (Egoismus) کاردەکات، لەکتێبی (کایەکان)ەوە بیگرە تـاوەکـو دواهەمین کتێبی (دێـڕەکـان و ڕۆژەکان) ساتێک لەکیس نادات بۆ ئەوەی لەدژی ئەو خودە ئیگۆئیزمە قسەبکات و ڕەخـنـەی توندی لێبگرێت. دیسانەوە هەڵوێستیەک دەکەم لەبەرامبەر (تاکڕەوی میللیانە/ تاکڕەوی پۆپۆلیست) لەبیری سلۆتێردایک و دەگـەڕێـمـەوە بۆ ئەو پێکهاتەیەی خۆپەرستی لەنێو کلتوری ڕۆشنگەریدا گـەشـەی کـردووە، ڕێبازی فەلسەفی پۆست مۆدێرن کەسلۆتێردایک بەیەکێک لەتیۆریکارە بەناوبانگەکانی دەژمێرێت ، کار لەسەر ئەو وەهمە گەورەیە کەناوی مۆدێرنە و پـڕۆژەی ڕۆشنگەریە، لەکتێبی (ڕەخنەی ئەقڵی گاڵتەجاڕی) کەلەساڵی ١٩٨٥ بڵاویکردەوە تـەواوی تۆبۆگرافیای ئەو پڕۆژەیە نمایشدەکات، لەبەشەکانی ڕەخنەگرتن لە (تاکێکی دیار) بـاس لـەوەدەکـات کە ئیگۆئیزم لەڕیزی ڕاسیسزم (ڕەگەزپەرستی ) و فاشیزم ڕیـزبـەنـدی دەکـرێـت، وەک دیـاردەیـەک لەدیاردەکانی ناتوارالیزمی مۆدێرن. لەنێو ئیگۆئیزم وەک دیاردەکانی دیکە، پرۆسەیەک هەیە ئەم خودە خۆپەرستە دەجوڵێنێت، پرۆسەیەک کەئەم ئیگۆئیزمە پێدا تێدەپەڕێت نـــاوی (خـــۆگـــەوجـــانـــدن Selbstverdummung die ئەمیش بـەدوو قـۆنـاغـدا تـێـدەپـەڕێـت، یـەکـەم: بـەهـەنـدوەرگـرتـنـی سـادە و سـاکـار Wahrnehmung – die naive دووهەمیان کاردانەوە Reflexion . لەیەکەمیاندا ( هۆشمەندی هیچیتر نییە، جگە لەنەخشاندنی پرۆگرامکردن وماڵیکردن نەبێت وەک هۆشمەندیەکی تاکە کەسی ٣٠..ـ ١٣١) بڕوانە بەئەڵمانی: سلۆتێردایک: ڕەخنەگرتن لەئەقڵی گاڵتەجاڕی، سورکامپ ١٩٨٥ لەم حاڵەتی بەهەند وەرگرتنی سادە، بەهەند وەرگرتنی جیهان نییە لەڕێگەی جیهانبینیەکی تایبەتەوە ، تێدا ئەزمونەکان بەکەناڵەکانی ئازار و شکستی و هەستانەوە و پرۆسەی دروستبوونی هۆشمەندیەکی تایبەت بەکەسی تاک دروست بوو بووبێت، بەڵکو بەهەند وەرگرتنی جیهانە، وەرگرتنی ژیانە لەڕێگەی ئەو پرۆگرامە ئامادانەی سوستێمی سیاسی و ئیداری لەکۆمەڵگەدا نەخشەیان بۆکێشاوە. کردنی ئەو پرۆگرامە کۆمەڵایەتی و کلێشە ئامادانە بەهۆشمەندی خود، ژیانە لەوەهمەدا، کەئەم هۆشمەندیە هۆشمەندی خودێکە، ئازادانە لەهەڵبژاردندا وەدەستی هێناوە، دیارە ئەمە وەهمی ئەم خودەیە. هەژاری ئەم (تاکە ڕووکەشیە) لەوەدایە کەئەم هۆشمەندیە هەرگیز هی خۆی نییە، بەڵام بەهی خۆی تێدەگات، هەمیشەش دەڵێت (ئیدی من ئاوەهام، وەک چۆن هەم ٣٠..ـ١٣١ ). پیکهاتەی دووەمی پرۆسەی خۆگەوجاندنی تاکی ڕووکـەش (کـاردانـەوەی ئەزمونی Reflexion) بەرامبەر جیهان، ئـەم وشەیە لەتێزی فەلسەفیدا، کـاردانـەوە و پەرچەکرداری فیزیکی و بایەلۆژی و خۆڕسکی نییە بەرامبەر دنیای دەرەوە، بەڵکو ئەزمونەکان لەڕێگەی مەعریفە و ئەقڵەوە دەبـنـە ئـەزمـون و هۆشمەندی ، لەم بارەدا سلۆتێردایک پێیوایە کەئەم تاکە ڕووکەشە دەچێتە پڕۆسەی (خۆگەوجاندنەوە)، بەوەی وەها هەستدەکات کە ئەم ئاوەها پـەروەدە بـووە، ئاوەهایە ئەزمونەکانی و ئـاوەهـا گەیشتووە بەم هۆشمەندیە، کەبێگومان هۆشمەندی و کاردانەوەی خودی خۆی نییە، هەڵبژاردنی خۆی نییە وەک خۆی تێیگەیشتووە، بەڵکو هۆشمەندی دەزگاکانی دەوڵـەت و ئاین و کۆمەڵگا و میدیان. لەپشت ئەم پڕۆسەی خۆگەوجاندنەوە، تۆڕێکی گەورەی ئیدیا و ئیدۆلۆژی و سیاسەت وەستاوە. لەپشتیەوە خود لەو وەهمەدا دەژی کە تاکڕەوی خۆی وەک خودێکی ئازاد بەدەستهێناوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم خودە لەوەهمدا دەژی، هیچیتر نییە، جگە لە (خودێکی گەوجکراو) نەبێت لەنێو جەستەی زەبـەلاحـی سیاسی یان جەستەی (ئاژەڵێکی ئەفسانەیی ملیۆن سەرە) کەلەژێر ناوی کۆمەڵگە خۆی پێناسە دەکات .. بەمشێوەیە ئیندیڤیدوالیەتی پۆپۆلیستی دوورە لە خودێکی خەوبینەر، دوورە خودێکی بڕیاردەر، بێئەوەی بەخۆی بزانێت لەنێو (هۆشمەندیەکی ساختە) دا ژیان بەسەردەبات، لەوەهمی ئەوەدا دەژی کەئیندیڤیدواڵە، بـەڵام بێئەوەی بەخۆی بزانێت کۆیلەی ئەو کلێشەی تاکڕەویە، خۆپەرستیە کەمرۆڤەکان لەکۆمەڵگەی کاپیتالدا لەدابەشبوون و سۆلیداریتیەوە دەکات بەچەندەها مرۆڤی غەمباری لەیەکتر دابـڕاوی هۆشمەندی دیاریکراو، بەئاسانی دەچنە نێو کلێشەکانی کولتوری شمەکخۆری کۆمەڵگەی پیشەسازیەوە. ئەم تاکڕەویە لنگەوقوچە، کەسلۆتێردایک بە (تاکڕەوی پۆپۆلیزم) پێناسەی دەکات، لەگەڵ جەستەی زەبـەلاحـی سیاسەتدا، بوونی ڕیالستی کۆمەڵگە پێکدەهینێت. سلۆتێردایک ئامارەبەوەدەکات کە: (شارستانیەکی وەک ئێمە، کەلەتێکەڵبوون و هاوتابوونی ئیندیڤیدوالستی پۆپۆلستی و جەسستەی زەبەلاحی سیاسی پێکهاتووە، بوونێکی ڕیالستی ناگریمانە بۆکراوە ، مرۆڤ باس لەبوونی ئەسپی ئەفسانەیی یەک شاخ دەکـات، بەڵام لەڕاستیدا ئێستا ئاژەڵێکی ئەفسانەیی ملیۆن سەری بوونی هەیە کەئێمە بـە کۆمەڵگە نـاوی دەبـەیـن... ١١٠- ) دروستبوونی ئەم (خۆپەرستە پۆپۆلیستیە) دەرئـەنـجـامـی گـوشـارە، گـوشـار کـاری لەسەرکردووە، ئەم مرۆڤە گەمارۆ دراوە بەئەو ئـاژەڵـە ملیۆن سـەرەی لەهەموو لایەکەوە پەلاماری دەدات. پێکهاتەی ئەم

جەستە گەورە سیاسیە، پێکهاتەیەکە لەهارمۆنیەتێک لەنێوان تێورەی گوشار و تیۆرەی میدیا و تیورەی بانک و قەرزبەخشەکان و تێوەرەی ئیداری و تۆڕی گەورەی نێت و پەیوەندییەکان .. گرفتی ئەم ئاژەڵە زەبەلاحە لەوەدایە کەئازادی ئێمە دەخاتە ژێر کەڵبەکانیەوە و لەو وەهمەشدا دەژین کەئازادین، گرفتی ئەم ئاژەڵە ئەوەیە ئەوەندە نەبینراوە، کەبەپاڵەوانێکی وەک (هێرکولس) ڕام ناکرێت ، لێرەوە جەستەی سیاسی کۆمەڵگە ئەو کۆنسێرتی سەمفۆنیا توندو تیژەیە کە (گوشار) مایسترۆیەتی و بانکەکان و میدیا و ئیدارەی دەوڵەتی و تۆڕی نێت موزیک ژەنەکانین..گرفتی ئەم ئاژەڵەش لەوەدایە ئەوەندە نەبینراوە بەپاڵەوانیکی وەک هێرکولیسیش ڕام ناکرێت ..

## لوکریتسیا ڕەهەندێکی سێکسوالی سیاسی

کاتێک باس لەئازادی دەکەین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ چیرۆکەکانی، بۆ ڕەگەکانی لەیادەوەری ڕۆژئاوادا، گرنگترین چیرۆک لەمێژووی سیاسیدا دروستبوونی دەوڵەتی یان کۆماری هەڵبژاردەیە (res publica) ، ئەم مێژووە پابەندە بەچیرۆکێکی سێکسوالی کەلەمێژووی دروستبوونی دەوڵەتی ڕۆمانی گرنگیەکی تایبەت بەخۆی هەیە. چیرۆکی دروستبونی یەکەمین سوستیمی کۆماری لەدونیادا چیرۆکێکی گوشاری سیاسیە لەسەر جوگرافیای جەستەی مێینە لەدایک دەبێت، سێکس و جەستەی مێینە لەم مێژووەدا دەبێتە ئەو تۆبۆگرافیایەی چەمکی ئازادی نمایشی خۆی لەسەر دەکات، هۆشمەندیەکی دیکە بۆ ئازادی پێکدێت و مێژووی ئازادی لەسەر جێگەی (لوکریتسیا) ی خانمی قەشەنگی ڕۆمانی، دووریەکی کۆماری و هاوبەشیەکی دەسەڵات لەخۆدەگرێت، کەنەک تەنها خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگە لەمێژووی چەمکی ئازادی و دەوڵەتدا، بەڵکو ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە وەک بابەتێک لەهونەری نیگارکێشی کلاسیکدا. پێش ئەوەی بێینە سەر ڕاڤەکردنی ئەم ڕەهەندە سێکسوالیەی ئازادی دەبێت وچانێک بدەین لەگەڵ چیرۆکی لوکریتسیادا کەلە ٥٠٩ پێش زاینیدا ڕوویداوە، لەم چیرۆکەدا باس لەوە دەکرێت کەنێزیک شاریکی ئیتاڵی (ئادریا) کۆمەڵێک لە میرەکانی جەنگ و بنەماڵەی پاشای ئیتاڵی (تاراکاڤینویس سوپەربوس لەژێر چادری کوڕەکەی کەناوی (سێکتوس Sektus Tarquinius ) کۆدەبنەوە، ئەوەی ئەم میری جەنگانە لەو ئێوارەیەدا باسی لێوەدەکەن، ژنەکانیانە، بێگومان ئەوان دوای ئەو پەندە ئیتاڵیە بەناوبانگە دەکەون کەخانمان میزاجین La donna mobile بەمانای ئافرەتان میزاجین و دڵیان پڕێتی لەخیانەت و بێ وەفایی ، لەم دانیشتنەدا یەکێک لەمیرەکان بەجیاوازی هەموانەوە باس لەژنەکەی خۆی دەکات کەناوی لوکریتسیایە ، بێگومان دەبێت ئەوەش بڵێین کەلوکریتسیا ڕۆمانیە و لەتایەفەی ئێتروکیش — تاراکاڤین نییە. ئەم میرە (کۆلانتینۆس Collatinus) بۆ سەلماندنی قسەکەی داوادەکات بچنەوە بۆ ڕۆم و سەیرکەن بزانن ژنەکانیان لەکاتێکدا مێردەکانیان لەوێ نییە خۆیان بەچیەوە سەرقاڵ دەکەن. دیارە لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە کوڕی پاشای ڕۆمانی سێکتۆس بەووردی گوێ بۆ وەسفی (کۆلانتینۆس) ڕادەگرێت کەباس نەک هەر لەجوانی ژنەکەی (لوکریتسیا) دەکات، بەڵکو باس لەفەزیلەت و ڕەوشتی بەرزی دەکات، کەچۆن ژنێکە بەهاکانی خێزان بەپیرۆزی پاراستووە. لەکاتی سەردانی میرەکاندا بۆ ماڵەکانیدا هەریەکەو هاوسەرەکەی بەشێوەیەک دەبینێت کەگونجاو نییە لەگەڵ فەزیلەتەکانی دیسپلینی خێزاندا، لەئاهەنگ، یان منداڵیان بەجێهێشتووە بۆ کەنیزەکانیان و سەردانی یەکتریان کردووە، تەنها لوکرییتسیایە کەلەحەوشەی ماڵەکایدا دەوردراوە بە کەنیزەکەانی و خەریکی چنینە. میرەکانی جەنگ لوکریتسیا بەبراوەی یەکەم تێدەگەن لە جوانی و فەزیلەتدا...لێرەوە چیرۆکەکە دەستپێدەکات، بەوەی (سێکتۆس) توشی هەژان دەبێت و لەناوەوەیدا بڕیاردەدات لەگەڵ لوکریتسیادا بخەوێت. بۆ ئەم مەبەستە لەکاتێکی دیکەدا بەدزیەوە خۆی دەکات بەماڵی هاوڕێکەیدا و خۆی دەکات بەژووری لوکریتسیادا، ئەو مەرجەی بۆ دادەنێت کەئەگەر لەگەڵیدا نەخەوێت ئەوا ئەو دەچێت یەکێک لەکۆیلەکانی ماڵەکەی دەکوژێت و ئەویش لەسەر جێگاکە سەردەبڕێت، لەدوایدا بەهاوڕێکەی دەڵێت کەکۆیلەیەکی ڕەشی گرتووە بەسەریەوە و تۆڵەی شەرەفی هاوڕێکەی کردۆتەوە، بەمەش لوکریتسیا بۆ ئەبەد بەناپاک ناودەبرێت. لەژێر ئەم (گوشارەدا) لوکریتسیا لەگەڵ سێکتۆس دەخەوێت...بەڵام دوای ئەوەی سیکتۆس دەڕوات، لوکریتسیا چیرۆکی دەستدرێژیکردنەکەی بۆ مێردەکەی (کۆلانتینۆس) و باوکی دەگێڕێتەوە، دوای گێڕانەوەی چیرۆکەکەش چەقۆیەک دەکات بەدڵی خۆیدا و خۆی دەکوژێت، (ئەم چیرۆکە بابەتی چەندەها تابلۆی کلاسیکە). ئەم چیرۆکە وەک ئاگر بەنێو ڕۆمانیەکاندا بڵاو دەبێتەوە و لەهەموو لایەکەوە خەڵکی داوای کۆتایهێنان بەستەمی پاشای ڕۆمانی (تاراکاڤینویس) دەکەن. ڕادەپەڕن و لەسەر کورسی پاشایەتی دەخەن و یەکەمین کۆماری ڕۆمانی دەدەمەزێنن، کەلەجیاتی پادشا، ئیدی کونسول حوکم دەکات و پەرلەمان و دەستەی ڕاوێژی بۆ دادەمەزرێنن. سلۆتێردایک دەربارەی ئەم چیرۆکە دەڵێت : لەم چیرۆکەدا هیچ شتێک نییە جگە لە لەدایکبوونی کۆمارێکی ئازاد نەبێت، کەلەتوڕەبوونێکی کۆلێکتیڤی سەرچاوەی هەڵگرتووە. بەشداربووان لەچەند گروپەیەکی فشارەوە دەبن بەچەند کۆمۆنەیەکی سیاسی ...بڕوانە ل١٧ بریندارکردنی فەزیلە کۆمەڵایەتیەکان ئەو سنورەیە کەپاشا لەم چیرۆکەدا دەیبەزەنێت، بەمەش بەدەستدرێژیکردن سەر لوکریتسیا وەک سمبولێک بۆ جەستەی مێینە، بۆ نۆرمەکانی خێزان و دڵسۆزی و وەفاداری خێزانی دەستدرێژی دەکرێتە سەر کۆی بەهای کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش ئەو ناوچە ترسناکەیە کەتورانیەت و دیسپۆت لەگەڵ کۆلیکتیڤ و گروپەکە کۆمەڵایەتی و ئیتنیەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. هەموو دیکتاتۆرێک لە خاڵێکدا بەتەواوەتی دەکەوێتە دژایەتی کۆمەڵگەوە، خاڵێکی هەستیارە کەلەنۆرمەکاندا خۆی دەبینێتەوە، برینداریەکە کەگروپە کۆمەڵایەتیەکان لەنێو خۆیاندا دەیدۆزنەوە و هەرگیز مەزندەی ئەوەیان نەکردووە کەئەوندە بەو کردارە بچوکە بریندار بن ، لێرەدا دیسانەوە دەگەڕێمەوە بۆ برینداربونی کۆی کۆمەڵگەی تونسی کاتێک گەنجێکی وەک (بوعزیزی) خۆی دەسوتێنێت، برینداریەک لەدوای خۆی کۆی ڕژێمە دیسپۆتەکانی ناوچەکە دەڕووخێنێت. بەمانای کاتێک پاشا وەک لەچیرۆکی لوکریتسیادا بینیمان، بەرامبەر (قیزەونیەکی کۆمەڵایەتی) دەبێتەوە کەلەخودی پاشادا بەرجەستە بووە، ئیدی ساتەکانی ڕوخانی دەسەڵاتی دیسپۆت لەڕۆحدا دەهاورژێت. لەبزوتنەوەی لوکریتسیادا جەنگە لەدژی تۆرانیەت، گوشاری سیاسی چیرۆکی ئەم شۆڕشە دەجولاند، بیرکردنەوە لەئازادی لەم گوشارەوە سەرچاوەی خۆی وەرگرت، بەمانای گوشار لەسەر نۆرمەکان بیرکردنەوەی ئازادبوون دەکاتە کێشەیەکی سەرەکی ئێستاکێ، گوشار بەرامبەر مرۆڤ، کاتێک دەسەڵات دەبێتە (قێزەونیەکی کۆمەڵایەتی) و دەبێت مرۆڤ خۆی لێ قوتار بکات، ئەمە جەنگێکە لەگوشارەوە لەدایکدەبێت. ئەم شۆڕشەی لوکریتسیا جەنگێک نییە لەپیناو مافی مرۆڤ و داپەورەری کۆمەڵایەتی بەچەمکە ڕۆشنگەریەکەی ، بەڵکو جەنگێکە لەپیناو پاراستنی ئەو بەها هاکۆیی و جڤاتیەی کەلەلایەن پاشاوە پێشێل کراوە و هەڕەشەی لەسەر دەکرێت، بەمانای پاراستنی بوونێکی هەبووە، لێرەوە چەمکی ئازادی دیسانەوە ئیشکالیەتی تێدەکەویت ، کەلەپەرەگرافەکانی دوایی دێمەوە سەری. لەگەڵ خۆکوشتنی لوکریتسیادا، تەواوی ئەو هەستە پەنگخواردووە لەپێناو پاراستنی جڤات دەتەقێتەوە، کۆتایی بەحوکمی پاشایەتی تاراگڤینیەکان دێت. لەدوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە، کونسول یان سێزەر (قەیسەر) جێگەی دەگرێتەوە و شورایەکی ڕۆمانی دەبێتە دەستەی ڕاوێژی، قەیسەرە یەک بەدوایەکەکانی ئەم کۆمارە ڕۆمانیە ڕژیمی خۆیان لەنازناوی (پاشا rex ) دەپاراست، چونکە پاشا (قێزەونی کۆمەڵایەتی) دەهاروژاند. وەک ئاماژەم پێدا ڕاستە ئەم شۆڕشە پادشایەکی زۆرداری ڕووخاند و یەکەمین سوستێمی کۆماری دامەزراند کەقەیسەر بەڕاوێژی ئەنجومەنێک حوکم بکات، بەڵام ئەم چیرۆکەی شورشی لوکریتسیا، وەک سلۆتێردایک ئاماژەی پێدەدات، لەڕووی فیکریەوە ئیشکالیەتی لەخۆیدا هەڵگرتووە، چیرۆکی جەنگە بۆ ئازادی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا جەنگە لەپێناو مانەوە لەنێو نۆرمەباوەکاندا، ژیانە لەنێو مێگەلی کۆمەڵایەتیدا بەمانای ئازادی لەم تێزەدا مانەوەیە (لەژێر سایەی نۆرمی باوکەکاندا..-١١٨) لەم گۆشەنیگایەوە دێینە سەر مانای ڕەچەڵەکی وشەی ئازادی، و بەچەمکە ئانتیکایەکەی (یۆنانی دێرین) لەم وشەیە دەڕوانین، کە لەگریکدا (ئیلوتێریا eleuthería) وشەیەکە دەتوانین بەشێوەیەکی تەقلیدی وەریبگێڕین کەمانای ئازادی دەگەیەنێت، هیچ مانایەکی نییە جگە پێگەیشتین نەبێت لەژێر یاساکانی باوکدا patrioi nomoi و لەچوارچێوەی بەهاکانی باوک و لەنێو گەلدا بژیت ، نەک لەژێر سایەی دیسپۆت، نەئازادیدا . ١١٨- سلۆتێردایک پێیوایە کەشۆڕشۆچکۆکەی لوکریتسیا و جەنگی یۆنانیەکان دژی فارسەکان جەنگن لەپێناو ئازادیدا، بەڵام جەنگێکن لەپێناو ئازادیدا لەکۆنتێکسێکی ئانتیکاوە. بەمانای مانەوە و پارێزگاریکردن لەکۆلێکتیڤ، یان جڤات، یاخود نۆرم و بەهاکانی نەتەوە یان گروپەیەکی کۆمەڵایەتی و ئیتنی دیاریکراو. گەر هەڵوێستەیەک بکەین لەبەرامبەر چەمکی ئازادی لەڕەگە زمانەوەنیەکەیدا، ئەوا هیچ نییە جگە لەخۆبەستنەوە و خۆگرێدان نەبێت بەکۆمەڵگە و ژیانی دەستەجەمعی، هیچیتر نییە جگە لەوەی کەمرۆڤ دەجەنگێت لەپێناو مانەوەی بەها کۆلکتیڤیەکان، ئازادی (ئیلوتێریا eleuthería) تەنها مانای پارێزگاریکردنە لەسەر بەها باوەکانی وەک نەتەوە و زمانی هاوبەش و ژیانی هاوبەش لەفەوتاندن. سەرچاوەی وشەی ئازادی پابەندە بەو گوشارەی دەکرێتە سەر تاکەکان کاتێک هەست بەوەدەکەن کەژیانیان، بەها جێگیرەکانی کۆمەڵگە لەمەترسیدان، کەئەخلاقی گشتی وەک لەچیرۆکی لوکریتسیادا باسمان لێوەی کرد دەکەویتە بەردەم هەڕەشەی گەورەوە، لەم خاڵەوە ئازادی دەبێتە خولیای مرۆکان بۆ جێگیربوون لەنێو بەها گشتیەکاندا و پاریزگاریکردن لێیان. لەم تێزەیدا جەنگی گریکەکان لەپێناو پاراستنی یۆناندا لەدژی هێزی فارسەکان، جەنگێکە لەپیناو ئازادی بەمەفهومە دێرینە گریکیەکەیەوە، هەروەها دروستبوونی یەکەم کۆماری ڕۆمانی لەئیتاڵیا جەنگێکە لەپێناو ئازادی کەبەها گشتیەکانی سێکسوالیەت و دڵسۆزی وەک مۆتیڤی سیاسی لەپشتیەوە گەمەی خۆی کردبوو. ئەوە جەنگێک بوو بۆ پابەندکردنەوەی مێینە بەبەها باڵاکانی پاکێتی و دڵسۆزیەوە، جەنگێکە لەپیناو مانەوەی بەهاکان وەک خۆی. بەمشێوەیە تێگەیشتن لەئازادی لەیادەوەری دووردا، لەئانتیکادا، هیچیتر نییە جگە لەسوڕانەوە نەبێت بەنێو ڕاڕەوە تاریکەکانی گوشاردا بۆ گەیشتن بەهاکۆییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بۆ پاراستنی نۆرمەکانی جڤات لەفەوتاندن. بەدیوێکی تردا گوشار ئەو فابریکەیە کەمرۆڤەکان لەپشێوی و گوشارەوە دەپەڕێنێتەوە بۆ دروستکردنی کۆمۆنە سیاسیەکان، چ لەشیوەی دەوڵەت یان پارتێکی سیاسی یان هەر جڤاتێکی تایبەتدا بێت. لەم گۆشەنیگایەوە (من پێموایە) ئازادی نەتەوەیی هیچیتر نییە جگە لەبەندکردن نەبێت لەنێو بەندیخانەی بەهاکانای مێگەلی کۆمەڵایەتی و خۆبەستنەوە بەئەوانیترەوە. بەمامانی چەندە بەکۆ ئازاد دەبین ، ئەوەندەش بەتاک گوشاری کۆ دێتەسەرمان. لەدوای ئەم قۆناغەش بۆ نمونە ڕزگاری نەتەوەیی، کاتێک تاکرەوێک، ئیندیڤیدومێک، ئەو هاوکۆ و ←





جفاتخوازی پاراستنەی نۆرمەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، پرسیاری دیکە لەنێو یادەوەری کۆمەڵایەتیدا دەهاورژێنێت، ئەوا لەو چرکە ساتەدا وەئاگابوونەوەیەک ڕوودەدات لەگەڵ مانای ئازادیدا، لەو چرکە ساتەدا جڤات و گروپەی کۆمەڵایەتی جارێکی دیکە بەرامبەر ئازادی دەبنەوە، پرسیارەکانی وەک کێ ئازادە؟ و لەکوێدا ئازداین ؟و بەختەوەریمان لەنێو ئەم مێگەلە کۆمەڵایەتیەدا لەکوێدایە؟، لەنێو نەتەوەدا لەکوێدایە؟، لەنێو دەزگای خێڵ و خێزاندا لەکوێدایە، بەختەوەری ئێمە لەنێو ئەم کەشە پڕ دروشم و نەتەوەو نەریتانە لەکوێدایە؟... بەکورتی کاتێک تاک ، ئیندیڤیدیوم بەهاکان و یاساکان جارێکیتر دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەوا جەنگ بۆ ئازادی چیتر لەو کلێشە تەقلیدیەدا نامێنێت کەلەئانتیکاوە ناسیومانە، ئەوسا چەمکی ئازادی پێناسەیەکی نوێتر لەخۆدەگرێت. لێرەوە پێموایە گەڕان بەدووی مانایەکی نوێدا بۆ ئازادی جارێکی دیکە شانۆی هۆشمەندی مرۆکان داگیر دەکاتەوە. پێناسەی ئازادی لەم کۆنتێکسەدا تەنها ئەو چەمکە نییە کەلەدێریندا هەیبووە. لەلوکریتسیاوە، لەجەنگی یۆنانیەکان لەدژی داگیرکردنی فارسەکانەوە، چەمکێکی تەقلیدیمان هەیە، ئەویش جەنگێکە لەپیناو پاراستنی نۆرم و بەها گشتیەکانی کۆمەڵگە و نەتەوە لەهێرشە دەرکیەکان، تەنانەت جەنگ لەپیناو سوسیالزم و سوستێمی کۆمنیزم، جەنگێکە بۆ پاراستنی چەپکێک لەبەها و مەفهومی تازە بۆ بەڕێوەبردنی کۆی کۆمەڵگە، بەمانای ئەم جەنگە بۆ ئازادی لەخودی خۆیدا، لەقۆناغێکی دیکەدا چەمکی ئازادی جارێکیتر دەخاتە ژێر پرسیارەوە، وەک چۆن لەدوای نەمانی داگیرکار، ئامانجی ئەم جەنگە لەئازادی دەبێتە جێگیرکردنی بەهاکانی نەتەوە و زمان و نەریتەکان و ئایدۆلۆژیا، بێگومان دەتوانین کۆنزەڤاتیڤمی نەتەوەیی و ناسیونالستی نەتەوەیش بەشێوەیەک لەشێوەکان بەدەرهاویشتەی ئەو جەنگە و ئیدیایە تێبگەین، کەکار دەکەن بۆ پاراستنی کۆگشتیەکەی نەتەوە و کۆمەڵگە. گرفتی ئەم مەفهومە تەقلیدیە بۆ ئازادی لەوەدایە، کەئیمە ڕۆژانە ئەو زۆرانبازیە دەبینین، کەلەلایەن موحافزکاران و ناسیونالستەکان وکۆمنیستەکانی سەر حوکم لەدژی تەوژمەکانی دیکە ئەنجامدەدرێت، بەتایبەت ئەو تەوژمانەی کە بەگۆشەنیگایەکی دیکەوە باس لەئازادی دەکەن، وەک ئازادی تاک و ئازادی بیروڕا و بەهای تاکە کەسی و ئازادی سێکسوالی. لەسوڤێتی دێریندا لەدوای شۆڕشی ١٩١٧ ئۆکتۆبەر ئەم جەنگەمان بەدیکرد لەدژی ئەدەب و هونەری ئازاد و ئازادی بیروڕا. لەفەڕەنسای دوای جەنگی جیهانی دووهەم (دیگۆلیەکان) بەوپەڕی هێزیانەوە وەک براوەی جەنگ و هەڵگرانی نۆرمەکانی نەتەوە دژی هەموو ئەو ڕیفۆرمانە وەستانەوە کەنەوەی نوێ دوایان دەکرد ، کار گەیشتە پێکدادانی سەر شەقامەکان و لەدایکبونی بزوتنەوەی ١٩٦٨ کەگۆڕانکاری گەورەی لەجیهاندا بەرپا کرد. بەگشتی قسەبکەین دەتوانین بڵێین: ئەو جەنگەی لەژێر ناوی پاراستنی دەستکەوتەکانی نەتەوە و لەژێر ناوی (ئیرادەی گشتی) ئەنجامدەدرێت. بۆتە هۆی ئەوەی کەسوستێمە سیاسیەکان تاوانی گەورەیان لەژێر ناوی پاراستنی کۆمەڵگە ئەنجامداوە. کۆمۆنیزم، فاشیزم، ئیسلامیزم و کریستی توندڕەو و تەنانەت و زۆربەی بزوتنەوە ئیدۆلۆژیەکان، لەژێر ناوی جەنگی ئازادیدا لەپیناو ئیرادەیەکی گشتی ئازادا، ماکینەک دروستدەکەن کەئازادی تاک لەژێر ناوی دژە نەتەوە و دژە ئاین و دژە پڕۆلیتاریا، کۆت و بەند دەکات. ئەم فۆرمە تەقلیدیە کەجەنگە بۆ ئازادی گروپەیەکی کۆمەڵایەتی و ئیرادەیەکی گشتی، جەنگێکە بۆ ئازادی لە چەمکە دێرینەیەکەیدا، جەنگێکە بۆ پاراستنی نۆرمە گشتیەکان وەک لەسەرچاوە گشتیەکەیەوە ئاماژەمان پێدا. بەڵام لەیادەوەری فەلسەفیدا پێناسەیەکی دیکەمان بۆ ئازادی کەچرکە ساتیکی فەلسەفی و تێڕامانی ئیندڤیدوالی ڕۆسۆییە، ئەم چەمکە پەڕینەوەیە بۆ نێو زۆنگاوێکی دیکە لەزۆنگاوەکانی نێوان گوشار و ئازادی .

## ئازادی وەک بێ کەڵکێکی ئەبەدی

لەسووچێکی بچوکدا چەمکی ئازادی لەدروشمسازی گەورە و جەنگ لەپێناو ئازادی هەمووواندا، دەچێتەوە نێو ماڵی خودی مرۆڤ خۆیەوە، دەچێتە نێو هێلانەی خود و لەنێو سوبێکتدا (خود) لەشەقەی باڵدەدات. ئازادی لەچرکە ساتی فەلسەفی دانسقە و نازداری فەیلەسوفێکی وەک (جان جاک ڕۆسۆ) دا تەعبیر لەخودگەرایی (سوبێکتیڤیتێت Subjektivität) خۆیدەکات. بەجیاوازلەوچەمکە ڕۆشنگەریەی پێش ئەو چرکە ساتە، ڕۆسۆ لەنوسینەکانیدا دەربارەی ئازادی تەعبیری لێوە دەکرد، ڕۆسۆ لەچرکە ساتێکی قەیرانی خۆیدا دوور لەکتێبەکانی پێشووی وەک کتێبی (پەیمانی کۆمەڵایەتی ١٧٦٢) و کتێبە بەناوبانگەکەی (ئیمێل Emile) ، باز هەڵدەدات بەسەر ئەو چەمکە ڕۆشنگەریەی مرۆڤی مۆدێرنی بەخۆیەوە بەندکردووە و مرۆڤ بەناوی (ئیرادەی گشتیەوە volonté générale ) دەبەستێەوە بەکۆی کۆمەڵگە و دەستەجەمعیەوە، کەخۆی یەکێکە لەبیریارە گرنگەکانی ئەم تێزە، بەتایبەت لەکتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا. ڕۆسۆ لەچرکە ساتێکدا کەژیانی واقیعی و ڕیالێتێت دەیخاتە ژێر گوشارەوە، دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەی ئازادی لەڕوانگەیەکی خودگەراییەوە، ڕۆسۆ بەمەش دژی کۆی پیناسەی ئازادی دەوەستێتەوە، کەلەئانتیکاوە تاوەکو ئەمڕۆ لەمێژووی دوسەدو پەنجا ساڵی فەلسەفەدا لەچەندەها قوتابخانەو فۆرمدا خۆی پێناسەدەکاتەوە. بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ڕۆسۆ لەدوای ئەم تێزەیەوە، نایەوێت کۆی کتێبەکانی دیکەی بخاتە مەترسیەوە و درێژە نادات بەو تێزەی کە لەکتێبی (خەون و خەیاڵەکانی پیاسەکەریکی تەنها ) لەسەر دەریاچەی (بیلەری) سویسرا ئەزمونی دەکات و لەدوایدا ئەم کتێبەکەدا دەنوسێت. دەبێت ئاماژەیەک بکەین بەو ئەزمونە فەلسەفیەی ڕۆسۆ بکەین کەباس لەو ئیرادە گشتیە دەکات کەتاکەکان بەڕەزامەندی خۆیان شێوە ژیانیک هەڵدەبژێرن و دەزگاکانی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن. کتێبی (ئیمێل) هۆکاریکە بۆئەوەی کڵێسا و قەشەکانی ئەوروپا ڕقی لێ هەڵبگرن، لەم کتێبەدا ڕۆسۆ مۆدێلی پەروەردەی نوێ دەخاتە بەرباس و شرۆڤەکردن، ئەوەی لەخزمەتی ئەم باسەدایە ئەوەیە، ڕۆسۆ لەدوای ئەم هەموو خۆخەریکردنیەوە بەئیرادەی گشتی و پەیمانی کۆمەڵایەتی و تیۆرەی پەروەردەی ڕۆشنگەرانەوە، کەتێکڕا بابەتەکانی کۆمەڵگە و کۆلێکتیڤن، لەچرکە ساتێکدا بەجیاواز لەو سەرقاڵکردنەی خۆی بەگشتەوە ڕووبەرێکی دیکە ئازادی دەدۆزیتەوە، کەدەتوانین بە (ڕووبەریکی خودگەرایی) بۆ ئازادی پێناسەی بکەین. (ژان ژاک ڕۆسۆ) ڕای وەها بوو دەبێت ئازادی تاک لەنێو ئیرادەیەکی گشتی خۆویستدا پابەند بێت ، ئەمەی کاتێک گووت کە کاری لەکتێبە بەناوبانگەکەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) دا کرد، ڕۆسۆ ڕای وەهابوو دەبێت تاک بۆ وەدیهێنانی ئازادی، لەگەڵ کۆمەڵگەدا، لەگەڵ کۆلێکتیڤدا، لەگەڵ جڤاتدا لەپەیمانێکی کۆمەڵایەتیدا بێت، بێگومان ئەم تێزە یەکێکە لەهەرە تێزە بەناوبانگەکانی شۆڕشی فەڕەنسی و بیری ڕۆشنگەری. لەم تێزەدا تاک، خود، لەپەیماننامەیەکدایە، لەنێو ئیرادەیەکی گشتی volonté générale خۆویست و هەڵبژاردەدا. ڕۆسۆ ئەمەی کاتێک گووت کە لە ١٧٦٢ سەرقاڵ بوو بە مۆدێلی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) وەک پێناسەیەکی ڕۆشنگەری بۆ گەیشتن بەئازادی. پارادۆکس لێرەدایە کە ڕۆسۆ لەدواساتاکانی تەمەنیدا و ساڵێک پێش مردنی دەگەڕێتەوە بۆ خودگەرایی و سوبێکتیزم، لەساڵی ١٧٧٧ (خەون و خەیاڵەکانی پیاسەکاریکی تەنها) دەنوسێت ، کەبەجیاواز لەچەمکی ئیرادەی گشتی، تێگەیشتیکی سوبێکتیڤانەیە بۆئازادی، ئازادی لەم تێزەدا بەر خود، سوبێکت، دەکەوێت و بەجیاواز لەهەموو پێناسەکانی پێش خۆی لەنێو جیهانی سوبێکتدا پێناسەیەکی فراونتر و هەمەلایەنەو بەرفراوانتر وەردەگرێت وەک لەوەی لەئیرادەی گشتیدا بتوێتەوە. لێرەوە ئازادی نێزیکبوونەوەیە لە (خودیکی خەوبینەر)، خودێک لەدەرەوەی خۆی و لەدەرەوەی جیهان، گەیشتنە بە (بەتاڵیی‌یەکی نەرم) و پڕ چێژ، خود لەدەرەوەی شتەکان خۆی پەرشدەکاتەوە بەنێو فەزایەکی دیکەی نەدۆزراوەدا، خود تەنها خۆیەتی و لەگەڵ خۆیدایەتی. ئەم ئەزمونە ئەزمونیکی خودییە، سوبێکتیڤە، ئەم سوبێکەتە بۆ یەکمجارە لەمێژووی فەلسەفەدا باز بەسەر هەموو چەمکە ڕۆشنگەر و ئەقڵانیەکانی ئازادیدا هەڵدەدات، لەنێو ئەزمونی خۆیدا و لەنێو خودی خۆیدا ئازادی دەدۆزێتەوە، ڕۆسۆ بەپێچەوانەی تێزی خۆی بۆ ئیرادەی گشتی، خود دەهێنێتە سەر شانۆی ئازادی و ڕزگاری دەکات لەو هەموو ئیرادە گشتیەی کەبۆ ئازادی جەنگی کردووە، جەنگی ئەم خودە خەوبینەرە لەکتێبی (خەون و خەیاڵەکانی کانی پیاسەکاریکی تەنها) دا و لە (پینجەمین پیاسەدا) ئازادی مانای ئەوە دەگەیەنێت لەجیهانی نێوەوەی خۆتدا بەختەوەر بیت، بەختەوەریت بەوەی بێکارێکی ئەبەدیت لەنێو خۆتدا دەدۆزیەوە و بێئەوەی خەمی ئەوەت هەبێت لەجیهاندا بەدووی کاردا بگەڕێت، بەختەوەریت بەوەی پشت دەکەیتە جیهانی دەرەوە و لەبێخەمیدا پشت دەکەیتە جیهانم بەختەوەریت کەخۆت بۆ (بێکاری) تەرخانکردووە. گەڕانەوە بۆ مۆتیڤەکانی ئەم تێزەی ڕۆسۆ بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەڕۆسۆ ئەو زەمەنە لەسویسرا ژیان بەسەر دەبات ، بێگومان بێئاگایە لەوەی کەدەسەڵاتی سویسری لەژێر گوشاری کڵێساکانی فەڕەنسا و سویسرادا پلانی ئەوەیان داڕشتبوو (ژان ژاک ڕۆسۆ) لەو وڵاتە شاربەدەربکەن، دیارە نابێت ئێمە ئەوە لەبیربکەین کە ئەو زەمەنە ڕۆسۆ لەلوتکەی ناوبانگیدا بووە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا مانای ئەوەیە هەمیشە جوڵەکانت ڕوناکی لەسەرە، زۆر جاریش ئەو ڕوناکیە (گوشارێکی ڕیالستانە) یە دخرێتە سەر کایەی تایبەت، سەر ژیانی تایبەت. نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە ڕۆسۆ ئەو زەمەنە تەمەنی پەنجا و سێ ساڵ بوو، بەڵام ئەوەی ئەو مەزندەی نەدەکرد ئەوە بوو کە شاربەدەربکرێت و هێزیکی دەوڵەتی و ئاینی هەبێت ژیانی لێ تاڵ بکات، ئەوە بوو لەحەوتی سێپتمبەری هەزارو حەوسەت و شەست و پێنج لەشاری ( Môtiers مۆترێ)، مۆتییە ) مێگەلێکی جەماوەری خانوەکەی ڕۆسۆ بەردەباران دەکەن، ڕۆسۆ ناچار دەبێت ئەو شارە بەجێبهێڵێت، بەڵام نەک لەجل و بەرگی ئاسایی خۆیدا، وەک فەیلەسوفێک، بەڵکو لەجل و بەرگی ئەرمینیەکدا خۆی نەبان دەکات. ئیدی هیلاک و ماندوو لەژێر گوشاری ئەو واقیعە تاڵەدا ڕۆسۆ لە (ئیلی سانت پێری ) دەگیرسێتەوە، لەدوانزەی سێپتمبەرەوە تاوەکو ئۆکتۆبەری ١٧٦٥ لەو نیمچە دورگەیەدا دەمێنێتەوە. ڕۆسۆ



Tarquinius und Lucretia لوکریتسیا و تاراکڤینیوس،
تابلۆی هونەرمەندی ئیتاڵی سەرردەمی ڕێنیسانس Tiziano Vecellio
تیزیان لەسەدەی شانزە. لوکریتسیا لەلایەن
سێکتۆس دەستدرێژی دەکرێتە سەر ، تابلۆی زەیتی لەسەر خام ١٤٥ cm ×
١٨٩ cm لەساڵانی ١١٥٧ -١٥٦٨
نیگارکێش کراوە ، ئێستا مۆزەخانەی ڤیتز ڤیلهێم Fitzwilliam
Museum لەکامبردج Cambridge

لەبەشی پێنجەهەمین پیاسەدا دەنوسێت: ) من بانگهێشت کرابووم بۆ ئەم دوورگەیە، تەنها بۆ ئەوەی دوومانگ بەسەربەرم، بەڵام لەدوایدا بۆم دەرکەوت کەدەتوانم نەک دووساڵی دیکە، بەڵکو دووسەدە بمێنمەوە، بیئەوەی یەک چرکە چیە وەڕس بم، نەک هەر ئەوە بەڵکو بۆ ئەبەد دەتوانم لێرە بمینمەوە. .. - ٤ل١٤٥)

بڕوانە: جان جاک روسو: احلام يقظه جوال منفرد، ترجمه پريا توفيق، المركز القومى للترجمه ، القاهره ٢٠٠٩

لەو ماوەیەدا ڕۆسۆ ئازادی بەشێوەیەکی دیکە دەناسێت، لەو ماوەیەدا دوور لەجەماور و قەرەباڵغی دونیای ڕیاڵ، ئەزمونی سوبێکیتڤی خۆی ڕەها دەکات. ئەو چرکە ساتە خودگەراییەی ئازادی لای ڕۆسۆ ئەوەندە بەئاسانی تێپەڕناکات، ڕۆسۆ نەکتێبی پێیە و نەقەڵەم و نەدەفتەر بتوانێت تێبینی یان نۆتیسەکانی خۆی تێدا بنوسێت، یان چاکتر وایر بڵێم نایەوێت کتێبەکان و قەڵەمەکانی لەجانتاکانی دەربهێنێت، تەنها وەڵامی هەندێک نامەی ڕۆتینی دەداتەوە. ڕۆسۆ نوسیویەتی : (من چێژم لەوە دەبینی کەکتێبەکانم لەنێو سندوقەکاندا بمینێتەوە و مەرەکەب و پاندانەکانم لەجانتاکاندا دەرنەهێنم ..١٤٥-٤) ئەو چرکە ساتانەی ڕۆسۆ ، تەنها چرکە ساتی پیاسەکردنی خودێکی تەنهایە و خۆشلکردنە بۆ خەونبینین بەهیچەوە، چێژ وەرگرتنە لە (بەتاڵاییەکی نەرم )، جۆرێکە لەبێخەمی و پشتکردنە جیهان، لە (دەریاچەی بیلەروە Bielersee) ڕۆسۆ پیاسەی خۆی دەستپێدەکات، بۆ هیچ نا تەنها بۆ ئەوەی دوور بێت لە گوشاری ئەو واقیعە تاڵەی بەسەریدا سەپاوە، وەهای لێکردووە خۆی لەجیهان بشاریتەوە و لەنێو خودی خۆیدا بەدووی ئارامیدا بگەڕێت، دەتوانم من پرکێشی ئەوە بکەم و بڵێم کەئەم چرکەساتانە ، چرکە ساتی میتافیزیکی ئەو بونەوەرە بیرکەرەوەیە کەناوی بیرمەند یان هونەرمەندە، ئەو چرکە ساتەیە لەدەرەوەی جیهانی هەبوو بەزەبەلاحی خۆیەوە لەبەرامبەری ئێمەدا یاساکانی خۆی تەونبازدەکات و ڕۆژانە لەدەست و قاچمان دەئاڵێنێت، ساتێک دێت کەچیتر بەرگەی جیهان ناگرین، ساتێک دێت (گوشاری دنیای ڕیاڵ) هەناسەمان توند دەکات، ساتێک دێت هەستدەکەین کایەی تایبەتی ئێمە بریندار کراوە و درزی تێبووە و بەرەو نەمان دەڕوات.. ئەم چرکە ساتانە لەدەرەوەی دنیای هەبوو پاراستنی ئەو بەلانس و هاوسەنگیەیە کەمرۆڤ پیویستێتی بۆ بەرەنگابوونەوەی جیهانی دەرەوەی خود، ئەوەی لەدەرەوە هەیە هەڕەشەمان لێدەکات. ئەوەی لەدەرەوەیە تێک و پێکماندەشکینێت ..ڕۆسۆ لەبارەی ئەم چرکە ساتەوە دەڵێت : بەمن بوایە تائەبەد لەگەڵ ئەم چرکە ساتەدا بژیامایە، ئیدی ڕۆسۆ گرنگیدەدات بەڕوکەکان ، دەریاچە و ئاسمانی بێ کۆتایی ، چێژ لەوە وەردەگرێت کەپیاسەی تەنها دەکات و لەنێو بەلەمەکەی سەوڵەکە شۆڕ دەکاتەوە و چیتر سەوڵ لێنادات و تەنها لەنێو بەلەمەکدا پاڵدەکەویت و سەیری ئاسمان دەکات.. (من وازم لەبەلەمەکە دەهێنا بەسەر شەپۆلەکانەوە بەئارەزووی خۆی بێت و بچێت ، بەدرێژایی چەندەها کاتژمێر من لەنێو بەلەمەکەدا پاڵکەوتبووم و چێژم لەو ساتانە وەردەگرت کەسەد قات لەوشتە بەچێژترە کەپێی دەڵێن خۆشی ژیان، ئاوەها بێئەوەی بیر لەشتێکی دیاریکراو بکەمەوە، لەنێو بەلەمەکەدا پاڵدەکەوتم ..١٤٧-٤ ) ڕۆسۆ ئەم چرکە ساتەی ئازادی کەشفدەکات، بەجیاواز لەهەموو ئەو ئەزمونە تێوەرەی خۆی، بەجیاواز لەوئەزمونی پەنجاو سێساڵەی خۆی لەگەڵ ژیان و گرفتەکانی ئازادی لەنێو تێزی ئیرادەی گشتی و پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، لەم چرکە ساتەدا دەیەوێت تەنها لەدەرەوەی دنیا بیت و لەگەڵ خۆیدا بێت، بەمامانی ئازادی لەم گۆشەنیگایە خودگەراییەوە، مانای ئەوەیە تەنها لەگەڵ خودی خۆتدا بیتBei-sich-sein ، ئەمەش ئەو ئەزمونەیە لەسەر زەوی سویسریدا گەمەی لەگەڵدا دەکات. سلۆتێردایک پێیوایە بەپێچەوانەی زیاتر لەسەدو پەنجاساڵی مێژووی فیکر لەپێناسەی ئازادیدا، پێناسەیەکی دیکەی ئازادی لەدایکدەبێت، کەپێناسەیەکی چرکەساتی خودگەرایانەیە، چرکە ساتێکە ڕۆسۆ هیواداربوو تائەبەد لەگەڵ ئەو چرکەساتەدا بژی ... ڕۆسۆ لەکتێبی (خەون و خەیاڵەکانی پیاسەکاریکی تەنهادا دەڵێت: چ جۆرە چێژیک دەبینین لەم حاڵەتەدا؟ هیچ جگەلەوەی لەدەرەوەی خودی خۆتدای Selbst äusserlich wäre، هیچیتر جگەلەوەی لەدەرەوەی خۆت و بوونی خۆتدای، گەر ئەو چرکەساتە بەردەوام بێت، بتوانین لەگەڵیدا بمێنینەوە، چێژلەوەدەبینیت کە خودایەکی بۆخۆت، هەستکردن بەبەبوون، بەوەی لەو چرکەساتەدا لەهەموو هۆکارەکانی دیکە ڕووتبویتەوە، لەڕێگەی خودی خۆتەوە بەهاکانی بەختەوەری و هیمنی و ئاشتی هەستپێبکەیت. ئیدی ئەوەندە بەسە بوونی خۆت لەو چرکەساتەدا بەبەها و گران بێت، بوونی خۆت خۆش بوێت، ئەمە وەها دەکات لەهەموو ئینتیباعە ڕیالستیەکانی سەر زەوی بەدووربیت، بەبەردەوامی خۆمانی لێ بەدووربگرین ..) - ١٢٥ ڕۆسۆ لەم پەرەگرافەی (پێنجەمین پیاسەدا) وەک خەوبینەرێکی تەنها، لەنێو خەون خەیاڵەکانی خۆیدا ئازادی دەدۆزێتەوە، هەموو ئەو گرفتەی ناوی ئازادیە دێتەوە نێو کایەی تایبەت، ئازادی لەم تێزە ڕۆسۆیەدا مانای ڕووتبونەوەیە لەهەموو ساتەوەختەکانی دنیای دەرەوە، ڕووتبوونەوەیە لەجەبریەتی دونیای دەرەوە، وەک چۆن پاڵتۆیەکی قورس لەخۆمان دەداکەنین، ئاوەها خەمەکانی دونیای دەرەوە بەشوێنێکەوە هەڵدەواسین. ئەم چرکەساتە ئەنتۆلۆژیە، بەهایەکی خودگەرانەیە بۆ ڕووبەڕوونەوە لەگەڵ جیهانی دەرەوە، بەقووڵبونەوە لەنێو جیهانی سوبێکتدا (خود)، بێئەوەی بیربکەیتەوە، بێئەوەی بابەتێکی دیاریکراو هەبێت، ئاوەها خود خۆی لەنێو بۆشاییەکی نەرمدا دەدۆزێتەوە. لێرەوە (بەڕای من) کێشەبەندیمان لەگەڵ ئەم چەمکە خودگەراییە بۆ ئازادی دەستپێدەکات. بەوەی قووڵبونەوە لەخۆتدا کە (خودێکی بیرکەرەوە) پێی هەڵدەستێت، کاتێک لەجیهانی دەرەوە دادەبڕێت، تەواو جیاوازە لەو داماڵێنە لەدنیای دەرەوەی کەڕۆسۆ باسیدەکات، گەر لەیەکەمدا ئەم خودە دابڕێت لەدنیای ڕیاڵ بۆ ئەوەیە پرۆسێسێک بێت لەبیرکردنەوە لەڕیاڵ یان لەدنیای دەرەوە، کەلەدوجاردا داهێنانێکی ئەدەبی یان فەلسەفی یان زانستی بەرهەمبهێنێت، ئەوا ئەم خودە لەدابڕینی و گۆشەگیری خۆیدا جارێکی دیکە دەچێتەوە نێو دنیای ڕیاڵەوە، بەئامرازەکانی خۆی بەرهەمێنانەوەیەک، پرۆدێکتێک بەرهەمدەهێنێت، لێرەوە خودی بیرکەرەوە بەچواردەوری خەونێکی تایبەت و خولیایەکی تایبەتدا دەسوڕێتەوە، ئەویش لەدواجاردا خودێکی بەرهەمهێنەرە، بەمانایەکی دیکە لەدنیای ڕیاڵ قوتاری نەبووە و لەژێر ئیمپریتیڤی (جەبر) ڕیاڵدا بەرهەمهێنەرە نەبووە. ئەم خودە بیرکەرەوەیە، ئەم سوبێکتە بیرکارە لەدنیای ڕیاڵ. لەچرکە ساتی خودگەراییانەی ڕۆسۆییدا ئازادی خۆی بەتەواوەتی بەدەست دەهێنیت، ئازادی لەم چەمکەدا بەرامبەرە لەگەڵ ئەو شتەی ناوی (بێخەمی Sorglosigkeit) بەمانای بێخەم بیت لەوەی لەدەرەوە و ناوەوەی خۆتدا ڕوودەدات، بێخەم بیت لەوەی لەجیهانی دەرەوە ڕوودەدات، وەک (ڕۆسۆ) ئەزمونی کردووە، لەنێو بەلەمێکدا بیت لەناوەڕاستی دەریاچەیەکدا و سەوڵەکانت شۆڕبکەیتەوە و سەوڵ لێندەیت، خۆت شلبکەیت بۆ شەپۆلەکان و سەیری ئاسمانی شین بکەیت. سەیربکەیت چۆن دوورکەوتنەوە لەخەمەکانی دونیا ئاسودەگیەکی ڕۆحیت پیدەبەخشێت، بەجیاواز لەڕۆحانیەت ئەم پراکتیزەکردنەی ئازادی پابەند نییە بەهیچ مەبەستێکەوە، نەئامانجی هەیە و نەهۆکارە بۆ گەیشتین بەهیچ شتێک، بێکاریەکی ڕۆحی و جەستەیی ڕەهایە، بەوەی بێ خەم بیت لەم دونیایەدا، بێکارێک بیت لەڕۆح و جەستەدا، ڕۆسۆ دەیەوێت خۆی ببەخشێگ بەبێکاریەکی ئەبەدی، ئەم ئەزمونەی ئازادی هیچ مەبەستێکی لەپشتەوە نییە ..سلۆتێردایک لەمبارەیەوە دەڵێت: (ئەو خودەی لە (پێنجەهەمین پیاسە) ی ڕۆسۆدا دەیناسین، نەخودێکی مەعرفیە، نەخودێکی ئیرادەگەرانەیە، نەخودێکی بەرهەمهێنەرە. هەروەها خودێکی سیاسی نییە. خودێکی هونەریش نییە کەبیەوێت شتێک بڵێت، نایەوێت هیچ بڵێت، نەخودێکی داهێنەرە، نەخودێکی پێشکەوتووە و نەخودێکی چاکەکارە، ئازادی لەم ئەزمونەدا خۆی لە (بێ کەڵکیەکی بەختەوەر) دا دەدۆزێتەوە، مرۆڤی ئازاد لەڕوانگەی ئەم ئەزمونەی ڕۆسۆوە، بێکەڵکترین مرۆڤی ئەم دونیایەیە... ١ -ل٢٨ ) دیارە کاتیک سلۆتێردایک ئەم تێزە خودگەراییە بۆ ئازادی لە (پێنجەهەمین پیاسە) ی ڕۆسۆدا دەدۆزیتەوە، کاردانەوەیەکی فەلسەفیانەیە بەرەو ڕووی ئەو خودە دروستکراوەی کەماشینی گوشار بەپرۆسەی (خۆگەوجاندا) تیپەڕی کردووە، خودێک لەهۆشمەندیەکی ساختەوە لەبەردەم دونیادا ڕاوەستاوە. ئێمە لەبەردەم (زانستێکی غەمبار) داین بەتەعبیری (ئادۆرنۆ)، کە دەسەڵاتی ماتریاڵ و شمەکخۆری ئەو خودە، ئەو بونەوەرەی دروستکردووە، ئادۆرۆنۆ دەڵێت (کێ دەیەوێت بەڕاستەوخۆیی هەقیقەت Wahrheit دەربارەی ژیان بزانێت، دەبێت بەدووی ئەو بونەوەرە نامۆبووەدا بگەڕێت، کە دەسەڵاتە بابەتیەکان، دەسەڵاتە ئۆبیکتیڤەکان، بڕیاردەرن لەسەر بوونی ئیندڤیدوالی و نهێنیە شارەواکانی.. ٥-١٣.) بڕوانە بەئەڵمانی: ئادۆرنۆ: مینیما مۆڕاڵیا (مۆڕاڵە بچوکەکان) ، سورکامپ ١٩٩٨ ئەم (بونەوەرە نامۆبووە entfremdete Gestalt) لەژێر گوشاری دەسەڵاتە ئۆبێکتیڤ و ڕیاڵدا، بۆتە هەرسکاری ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی و کۆیلەی ئەو جەستە سیاسیەیە کەناوی کۆمەڵگەیە، وەک ئامارژەمان پێدا ئەم خودە دروستکراوی پرۆسەی خۆگەوجاندنی میدیای و سوستێمی بانکی و تێۆرەی فشاری سیاسیە، ئەم خودە خاوەنی هۆشمەندیەکی ساختە و غەمبارە کەمۆرکی هۆشمەندی ئەم چاخەیە، بەم هۆشمەندیە ساختەیەوە، بێئەوەی دەرک بەساختەیی بکات، ئەم خودە وا هەستدەکات ئازادە و مومارەسەی ئازادی خۆی دەکات، بەمەرجێک هیچیتر نییە جگە لەپرۆدێکت و بەرهەمی گوشار نەبێت... ، ئەم خودە هاوچەرخە لەنێو بازنەی ئەم هۆشمەندیە غەمبارەدا مەزندەی ئازادی دەکات، پێیوایە لەنێو ئایدۆلۆژئاکاندا، لەنێو سوستێمی کاردا، لەنێو پارتەکەیدا و لەنێو دەزگای ئاینی و خێزاندا ئازادە. ئازادی ئەو لەنێو ئەم کڵێشانەدا بەرجەستەبووە، ئازادی لەم کڵێشانەدا هیچیتر نییە جگە لەپابەندبوونەوەیەکی جەبریانە نەبێت بەمێگەلی کۆمەڵایەتی. لێرەوە چرکە ساتی ڕۆسۆیی تەجاوزکردنی ئەو هۆسشمەندە غەمبارەیە، تەجاوزکردنی ئەو



بونەوەرە نامۆبووە کۆمەڵایەتیە بەرهەمهینەرەیە، بەوەی دەست لێنەدراو بیت لە ئیرادەگەری سیاسیەنە، لەمافەکانی کۆمەڵگە و لەدروشمەکانی ئیرادەی گشتی. ئازادی سوبیکتیڤی رۆسۆیی فیگوریک دروستدەکات کەهەڵگری کولتوریکی خودگەرایی ئازادییە ، بێگومان بەدەرە لەهەموو شوناسکانی جەبریەت. لەوانەیە یەکیک لەچەمکە گرنگەکان کەسەرنجمان رادەکێشێت، چەمکێکە (سلۆتێردایک) جەختی لێدەکاتەوە و سەرنجی من رادەکێشێت چەمکێ (بێکەڵکی Unbrauchbarkeit) بەوەی کۆی ئایدۆلۆژیا و ئاین و تەوژمەکان کەباس لەئازادی دەکەن، لەبازنەی بەسوودبوون و (بەکەڵکبوون)دا دەسورێنەوە، بەوەی کەدەبێت ئیمە بەسوود بین، تاکێکی بەسوود بین بۆ کۆمەڵگە، ئێمە خەبات بکەین بۆ ئازادی و دیموکراسی و ئازادی خۆمان بکەینە قوربانی لەپیناو ئازادی نەتەوە و کۆمەڵگە و مرۆڤەکانی دیکە، بەگشتی ئەم بەقوربانیکردنی ئازادیە بۆ ئەوەیە کەتاک دەبێت بەسوود بێت بۆ کۆمەڵگە و ئیرادەی گشتی، بۆ دیموکراستی بۆ پۆلس polis بۆ گەل، بەڵام لەم پێچە خودگەراییە ناسکەی رۆسۆدا مانایەکی دیکەی ئازادی دەدۆزینەوە ئەویش (بێکەڵک و بێسوود یە). چیتر نابێت ئازادی مامانی سوودمەندی بێت بۆ ئەوانیتر، ئازادی لەم چەمکەدا ژیانە لەنێو بیکەڵکیەک بەبێئەوەی زیان بگەیەنیت بەئەوانیتر، ژیان وەک رۆسۆ دەڵێت تەرخانبکەین بۆ (بێکاریەکی ئەبەدی)، بەمانای بۆ بێکەڵکیەکی ئەبەدی. ئەم بیکەڵکیە خۆی لەشوناسە کۆمەڵایەتیەکان قوتاردەکات، خۆی لەهەموو پیناسە رۆژانەییەکان دەپارێزێت (ئازادی ئەم خەوبینەرە réverie زۆر تاکرەوانە خۆی لە کۆمەڵگە دووردەخاتەوە..ل٢٧) ئەم (خودە خەوبینەرەréverie Subjekt) خۆی لەکتێبی (خەون خەیاڵەکانی پیاسەکاریکی تەنهادا) نمایشدەکات، بەتایبەت لە (پێنجەهەمین پیاسەدا)، خودێکە دەیەوێت بێکەڵکترین تاکی ئەم دنیایە بێت، نایەوێت پەیوەست بێت بەهیچ جەبرێکەوە، دەیەوێت ئازاد بێت بەهەموو ماناکانی ئازادی. ئەم خودە دووردەکەویتەوە لەکێڵگەکانی گوشاری کۆمەڵایەتی، لەنێو جیهانی خۆیدا، لەنێو کایەی تایبەتی خۆیدا، خۆی لەنێو قەفەسێکی شوشەبەند دادەنێت و دووردەکەویتەوە لەجیهان. دەیەوێت لەگەڵ خۆیدا بمێنێتەوە، چیتر نایەوێت پابەند بێت بەئەشقی ئایدۆلۆژیاو نۆرمەکانەوە کەدەبێت ئازادی خۆی بۆ ئەویتر بخاتە مەترسیەوە، نایەوێت ئازادی خۆی ببەخشێت بەگوتاریکی سیاسی، نایەوێت بچێتە نێو هیچ دیالۆگێکەوە، نایەوێت هیچ بکات، نەقەڵەمی پێیە و نەدەفتەری نۆتیتسەکانی و نەدەوێت هیچ بڵێت. ئەم خودە خەوبینەرە لەنێو بەلەمی خۆیدا خەوندەبینێت و نایەوێت بچێتە پاپۆری جەنگی ئەقڵانیەتەوە، نایەوێت خۆی تەسلیمی دەسەڵاتە ئۆبیکتیڤەکان بکات بەتەعبیری ئادۆرنۆ. ئەم چرکە ساتە لەئازادی پێناسەیەکی دانسقەی ئازادیە بەپێچەوانەی کۆی مێژووی دووسەدو پەنجا ساڵەی گوتاری فەلسەفی دەربارەی ئازادی، بەپێچەوانەی پێناسەی هایدگەرە بۆ کێشەی بوون کەلە (بێزاریەوە) بەدووی ماناکانی ئازادی دەگەڕێت، یان ئازادی بەشێکە لەئەرکێکی ئەقڵانی وەک هێگڵ پێناسەی دەکات، یان لەوهەستەوە دێت کەسارتەر بەقێزەونی لەدونیا وەسفیدەکات.. بەپێچەوانەی ئەم تێزانەوە کەهەموویان لەمۆتیڤێکەوە دەگەڕێن بەدووی ئازادیدا و لەدواجاریشدا هەموویان لەماڵی ئەقڵانیەت و زماندا دەگیرسێنەوە وەک هایدگەر دەڵێت (زمان ماڵی بوونە)، بەپێچەوانەی هەموو ئەمانەوە ئازادی مانای گەیشتنە بەچاوەڕوان نەکراو، بەنەشیا و و نەکراو. بەدیویکی دیکەدا ئازادی لە (پێنجەمین پیاسە)ی ژان ژاک رۆسۆدا، بەدووی ئەڵتەرناتیڤدا ناگەڕێت و خاوەنی هیچ گوتارێکی ئەقڵانی و بوونگەرایی نییە، ئازادی ناگەڕێت بەدووی کێڵگەکانی گوشاردا بۆ ئەوەی لەگەڵیدا رابێت، یان لەچرکەساتێکدا لەدژی راپەڕێت، ئازادی تەنها لەو بێکەڵکیە ناسکەدا خۆی دەبینێتەوە کەمرۆڤ لەرۆحی خۆیدا تەنها لەگەڵ خۆیدا، هیچ مەبەستیکی نییە جگەلەوەی لەگەڵ خۆیدا بیت و خەون ببینێت، ئازادی لەم چەمکە بێکاریەکی ناسکە بێئەوەی بەدووی ئۆفیسەکانی کار دۆزینەوەدا بگەڕێت، بێ کەڵکیەکی ئەبەدیە ..

## گوشارو ئەزمون لەگەڵ (نا- ئازادی)

مێژووی ئازادی لەیادەوەری ئەوروپیدا خۆی لەبەردەم دووئەزموندا دەبینێتەوە، دوو ئەزمون لەگەڵ (نا ـ ئازادی)دا، (نا ـ ئازادی Unfreiheit) ، ئەزمونێک لەگەڵ گوشاری سیاسی و ئەزمونێکیش لەگەڵ گوشاری دونیای راستەقینە و ریاڵ . لەم تێگەیشتنەی سلۆتێردایک ئازادی دەرهاویشتەی گوشارە. . بۆ نێزیک بونەوە لەم چەمکەی سلۆتێردایک کەبەهیچ شیوەیەک لەکتێبەکەیدا شرۆڤەی ناکات، دەتوانم هەر لەکتێبەکەدا نمونەیەک بهینمەوە، کەجۆن ئازادی دەبێتەوە بە (نائازادی Unfreiheit) و دیسانەوە مرۆڤەکان لێرەو لەوی بیر لەئازادبوون دەکەنەوە، بەوەی کاتێک شۆڕشگێڕەکان شۆڕش لەپێناوی ئازادی بەرپادەکەن، زۆرنابات کەشۆڕش سەردەکەوێت، زۆر خەون دەمێنێتەوە بۆ ئازادی کەشۆڕش بەئامانجی نەگەیاندووە، یان جۆرێک دیسپۆت دروستدەبێت، کەدیسپۆتی شۆڕشگێڕەکانە، زۆرنابات بیرکردنەوە لەشۆڕشی دووهەم و لەئازادی جارێکی دیکە دەبێتە کەڵکەڵەی کەسەکان. مرۆڤەکان دەیانەوێت لە نائازادیەوە بپەڕنەوە بۆ ئازادی. بەم شیوەیە زۆر لەجوڵانەوەکان، شۆڕشەکان، گروپەکان کەکاردەکەن بۆ ئازادی، لەجەوهەردا کاردەکەن بۆ فورمێکی دیکەی دیسپۆت، کەدیسپۆت وچەوساندنەوە نییە بەشێوەیەکی توند و بەرجەستە، بەڵکو لەفۆرمێکدایە کەسلۆتێردایک بە (نائازادی ) پێناسەی دەکات. لێرەدا گوشاری سیاسی ئەزمونێکە لەگەڵ نائازادی و گوشاری دونیای ریاڵ و واقیعی گوشارێکی دیکەیە لەگەڵیدا، بەجۆرێک سوبێکت گەمارۆدەدات و هەڵس و کەوتی دیاری دەکات، لێرەوە بەرای من کۆمەڵگەکان لەئەزمونیاندا لەگەل ئازادی جاریکی دیکە نائازادی بەرهەمدینن و لەدواجاریشدا دەیانەوێت ئازاد بن لەفۆرمی (نائازادی)، بەمانای کۆمەڵگەکان خۆیان گوشار لەسەر خۆیان بەرهەمدێننەوە، لەم چەمکی نائازادیەوە ئەو پرۆسێسە دروستدەبێت کەسلۆتێردایک بە (خود گوشار selbst-stressierend) ناوی دەبات کەبەردەوام بەدووی سوستێمەکەیەوە کە (خەم Sorge) دروستدەکات، بەمشیوەیە ئێمە لەنێو فۆرمی نائازادیدا (خەم ) چەکەرەدەکات و بۆ ئەمەش گوشارێک دروستدەبێت کەخودی خۆمان و خودی جڤات لەسەر خۆی کاری لەسەردەکات. نائازادی لەفۆرمی یەکەمدا چیرۆکی لوکریتسیایە کەگوشاری سیاسی پاڵنەرێتی، لێرەدا گەیشتن بە کۆماری رۆما و وەدەرنانی پادشای تاراکڤینیەکان، خۆی لەخۆیدا بەرەنگاربوونەوەی گوشار سیاسیە. فۆرمی دووهەم ئەوەیە کە مرۆڤ لەگەڵ جۆرێک دیسپۆت دەکەوێتە ململانێ، کە سلۆتێردایک بە (نا- ئازادی ) Unfreiheit ناویدەبات ، لەژێر گوشاری دنیای ریالستیەوەیە، ئەم دنیایەی وەها دەکات خود لەژێر جەبری دنیای ریاڵدا بگەڕێتەوە بۆ نێو خۆی، لەگەڵ خۆیدا بێت و هەوڵبدات بگاتە ئاستەکانی خەمساردی یان بێخەمی. هەردوو ئەزمونەکە لەمێژووی ئەوروپادا دووئەزمونن لەگەڵ فشاردا، دووئەزمونی گەرانن بەدووی ئازادیدا، لەیەکەمیاندا سیاسەت پاڵنەرە و لەدووهەمیاندا گوشاری دنیای رۆژانە و قورسی ژیانی ریاڵ. چیرۆکی ئازادی لەگەڵ چیرۆکی فشاردا دەستپێدەکات و لەگەڵ ئەویشدا دەکەوێتە ململانێوە، وەک ئاماژەمان پێدا سلۆتێردایک کۆمەڵگەی بەجەستەیەکی سیاسی زەبەلاح چواند، بەئاژەڵێکی ئەفسانەیی ملیۆن سەری، کەتێدا کێڵگەکانی فشار وەک کێڵگەی موگناتیسی وەهان گوشار دەخەنە سەر تۆڕی کۆمەڵایەتی و خودی مرۆڤەکان، سوستێمی ئەقڵانی لەم تێزەدا وەک ئاماژەمان پێدا هیچیتر نییە جگە لەجێگەکردنەوەی مرۆڤ نەبێت لەنێو تۆڕی گوشاردا. لەبەرئەوە ئەزمون لەگەڵ گوشاردا، ئەزمونە لەگەڵ ئازادیدا، دەسەڵاتە دیسپۆتەکان جورێک لەسوستمێکی فشار پێکدەهێنن Stress-System کەئەندامانی کۆمەڵگە بۆ خۆقوتارکردن لەم سوستێمە پەنادەبەنە بەر خۆشلکردن و رەدوکەوتنی، پەنادەبەنە بەرخزمەتکردنی. بەڵام ئەم گوێگرتن و خۆبەدەستەوەدانە بۆ فشار لەو ژمێرکاریەوەیە دێت کەکۆلێکتیڤ و گروپە کۆمەڵایەتیەکان یان کۆمەڵگە دەیکات بۆ راگرتنی هاوسەنگی فشار، کاتێک ژیانی خۆی لەژێر سێبەری سوستێمی فشار بەراورد دەکات لەگەڵ ژیان لەنێو دژایەتی فشاردا. سلۆتێردایک لەم خاڵەدا پێیوایە کاتێک ئەندامانی کۆمەڵگە لەم ژماردەکردنەوەی ژیانی خۆیان لەگەڵ فشاردا هەستدەکەن ژیانیان لەژێر ئەو گوشارە گەورەیەدا چیدی توانای بەردەوامی نابێت، ئەوا شۆڕش دەستپێدەکات و ئەو سوستێمی فشارە دەڕوخێت. جورێکی دیکەی سوستێمی فشار هەیە کەسلۆتێردایک بەجۆرێکی مەترسیداری تێدەگات، ئەویش ئەو سوستێمەیە کە سلۆتێردایک (فشاری مامناوەندی) پراکتیزەدەکات، بەسادەیی قسەبکەین بەمانای حکومەت لەسەرێکەوە پێتدەبەخشێت وەک باوکێک و لەسەرێکی دیکەوە ئازادیت زەوتدەکات ،بەجۆرێک کەهەست بەوە بکەیت وەک منداڵێک لەژێر سەرپەرشتیاریگەورەیەکدایت،ئەمەش وەهای کردووە کەیەکێکی وەک (کانت) سوستێمی باوکایەتی دەوڵەتی وەک (دیسپۆتێکی مومکین ..-١٣٠) وەسفکردووە، بەوەی مرۆڤەکان لەژێر سایەی ئەم سوستێمەدا جۆرێک ترسیان هەیە لەژێر سەرپەرشتیاری باوکدا وەدەربنرێن، گوشاری مامناوەندی لەم سوstیمەدا پابەندە بەو تێزە نەتەوەیی و هاوکۆییەی کەسوتیمی باوکسالاری بەناوی پاراستن لەیەکریزی نەتەوە نمایشیدەکات و ئەندامانی کۆمەڵگەش , لە غیابی گوشاری سەخت لەسەریان دەتوانن قوربانی بدەن بەئازادییەکانیان، مادامەکی شۆڕشکردن دەرئەنجامەکانی چاوەڕوانەکراوە و مادامکی گوشاری سەریان، گوشاریکی ماناوەندیە . (فشار بەرهەمهێنان) بەرای من یەکێکە لەو دەرئەنجامە گرنگانەی کەلەم خوێندنەوەیەدایە بەدەستی دێنین و دەتوانین بیکەینە گۆشەنیگایەک بۆ خوێندنەوەی ئەو پەیوەندیە گرنگەی نێوا سوستێمی فشار و خەمی ئازادی لای ئەندامانی کۆمەڵگە. سیاسەت هەمیشە یان کار لەسەر فشار دەکات، یان خۆی بەرهەمهێنەری فشارە، شورشگێڕەکان کاتێک شورشێک دەکەن، زۆر ناخایەنێت کەبیرکردنەوە لەشۆڕشێکی دیکە دەبێتە خولیا، جارێکی دیکە ژمێریاری مرۆڤەکان دەستپێدەکات بۆ هاوسەنگردنەوەی گوشار لەژیانیاندا، لەبەرئەوە هەمیشە دەبینین کەیەکلایکردنەوەی سوستمێکی سیاسی پابەند دەبێت بەو بەراوردکاریەی خۆیدا لەنێوان ژیانی ئێستا و پێشویدا. ئەم بازنەیە لەنیوەڕا بیرکردنەوەیە لەبەدەستهێنانی ئازادی و گوشاردا، بازنەیەکی سوڕاوەیە کەلەنێو سوتێمی دیموکراسیشدا کاتێک نارەزایەکان رپکدەخرێت، ئەوسا بەرواردکاری گوشاری ژیان و پارە و ئازادی دەستپێدەکات و گۆڕانکاری دەبێتە خولیایەک بۆ تێرکردنی هاوسەنگیەکان.. مرۆڤ مەحکومە بەئازادی، مادامەکی مەحکومە بەژیان لەنێو دنیای ریالیستیدا، مادامەکی مەحکومە بەژیان لەنێو ووردەکاری رۆژانەدا، ژیانێک دابەش دەبێت بەسەر کاروبێکاریدا، بەسەر خۆشەویستی و گۆشەگیریدا، بەسەر مردن و ژیاندا، بەسەر جوانی قێزەوەنید، بەسەر نەخۆشی و لەش ساغیدا، بەسەر ئازادبوون و گوێلەرایەڵیدا، بەسەر بێزاری و بەختەوەریدا.. کۆی ئەم هاوکێشانە جەبری ژیانی راستەقینەن بەسەر



Tarquinius und Lucretia لوکریتسیا و تاراکڤینیوس،
تابلۆی هونەرمەندی ئیتاڵی سەرردەمی رێنیسانس Tiziano Vecellio تیزیان لەسەدەی شانزە. لوکریتسیا لەلایەن سێکتۆس دەستدرێژی دەکرێتە سەر ، تابلۆی زەیتی لەسەر خام ١٨٩ cm × ١٤٥ cm لەساڵانی ١٥٦٨ – ١٥٧١ نیگارکێش کراوە ، ئێستا مۆزەخانەی ڤیتز ڤیلهێم Fitzwilliam Museum لەکامبردج Cambridge

مرۆڤدا، مرۆڤ لەوانەیە هەر ئەو کاتە ئازاد بێت کەلەنێو سکی دایکیدا هیچ ناکات و بیر لەهیچ ناکاتەوە و دوورە لەقەرەباڵغی دنیای دەرەوە، بەڵام کەدێتەوەدەرەوە ژیان کۆت و بەندی دەکات . یان قسەبەناوبانگەکەی ڕۆسۆ، بەوەی مرۆڤ بەئازادی لەدایک دەبێت کەچی لەهەموو لایەکەوە کۆت و بەندی دەکەن. کەواتە ئێمەی مرۆڤ نەک هەر مەحکومین بەئازادی، بەڵام مەحکومیشین بە گوشار. کێڵگەکانی گوشار لەنێو کۆمەڵگەدا، وەها دەکات کۆمەڵگە ببێتە ئاژەڵێکی ئەفسانەیی ملیۆن سەرە، هەموو سەرێکی ئەو ئاژەڵە سیاسیە ئامادەیە بۆ ئەوەی کەڵبەکانی خۆیمان لێ گیربکات، ڕاکردن لەگوشاری دنیای ڕیاڵ، چەندە وەک سڵۆتێردایک باسی لێوەدەکات لەڕێگەی دژە تورانیەت (دیسپۆت، چەوسێنەر ..هتد) دەستپێدەکات، بێگومان لەکاتی تێکچوونی هاوسەنگی گوشاردا، بەڵام بەدیوێکی تردا مرۆڤەکان خۆیان لەنێو کۆلێکتیڤدا، لەنێو مێگەلی کۆمەڵایەتیدا دەبیننەوە، تێکڕا وەک ئەزمونی شۆڕش و جوڵانەوە سیاسیەکان لەخەونی ئازادبوون لەگوشاری دیسپۆتیزمدا یەکدەگرنەوە. لەنێو ئەم هاوکێشەیەدا ئەوەی وندەبێت، سوبێکەتە، خودە. کاری ئایدۆلۆژیەکان لەهەموو زەمەنیکدا ئەوەبووە خود بفڕێین بۆ نێو ژێر زەمینەکانی خۆیان، خود بکەنە بەندکراوێکی ئەبەدی. ئەزمونی خود لەم هاوکێشەیەدا هیچ شتیک نییە جگە لەبەکۆلێکتیڤبوون نەبێت لەنێو ئیرادەیەکی گشتیدا، بەڵام خودایە ئەوە مێژووی جەنگ و جوڵانەوەکانی مرۆڤایەتیە پیمان دەڵێن کەملێۆنەها مرۆڤ لەژێر ناوی (ئیرادەی گشتی) دا قەڵاچۆکراون. ئەوە خودە لەم هاوکێشەیەدا دەکوژرێت، ئەوە خودە لەشۆڕشی فەرەنسیدا لەلایەن شۆڕشگێڕەکانی کاریگەر بەئازادی ڕۆشنگەریانە، لەلایەن (ڕۆپسێر ، مارا) وە بەناوی ئیرادەی گشتی و پاراستنی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) و پەروەردەی دروستی کۆمەڵایەتی لەناودەبرێن. ئەوە ئەو دەنگەیە خامۆش دەکرێت کەدەیەوێت لەدەرەوەی دنیای ڕیاڵی هەبوو، لەکێڵگەکانی گوشارەوە خۆی هەڵداتە نێو بەلەمێکی بچوکی نێو دەریاچەیەکی هێمن و خەون ببینێت، ئەوە خودە کەتەنها لەبەلەمە بچوکەکەی ڕۆسودا دەتوانێت خەونببینێت و ئازادبێت.

## پارێزەرانی ئەقڵانیەت لەدژی ئازادی خودگەرایی

لەم کێشەبەندیە سەختەدا دونیای ڕیاڵ بەسوستێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە، تۆڕێک گوشارە لەسەر خود، خود مەحکومە بەگوشاری ڕیالیزەبوون، خود مەحکومە بەوەی دەبێت لەدواجاردا ئاقڵ بێت، ئەقڵانی بێت و لەبەلەمی خەون خەیاڵەکان بێتە دەرێ. خود هیج چارەسەریکی دیکەی نییە جگە لەڕاکردن و هەڵهاتن نەبێت لەنێو کایەی تایبەتی خۆیدا، لەگەڵ ئەم گوشارە زۆرەدا خودگەرایی دێتە سەر شانۆ. بەڵام ئەم خودە لەئەزمونە دانسقەکەی ڕۆسۆدا ڕادەکەتە نێو خۆیەوە و دەیەوێت لەگەڵ خۆیدا بێت bei sich sein، دەیەوێت دوور لەهەموو بابەتێک، لەهەموو خەمێک، هەست بەبوونی خۆی بکات. ئەم خودە وەک سڵۆتێردایک ئاماژەی بۆدەکات (زیاتر ئاژەڵێکی بەختەوەرە، وەک لەوەی مرۆڤی باڵا بێت، خەوبینەرە وەک لەوەی بیر لەکەسایەتی بکاتەوە، زیاتر گەڕۆکە لەم جیهانەدا وەک لەوەی بیەوێت جیهان بگۆڕێت، زیاتر گەشتیارە وەک لەوەی خاوەن کار بێت ..-١٣٧). ئەم خودە خەوبینەرە لەنێو کێڵگەکانی گوشارەوە خۆی فڕێدەداتە نێو جیهانی خودی خۆی، بەپێوانەی سیاسەت و نۆرمە کۆمەلایەتیەکان خودێکی مەترسیدارە لەسەر کۆمەڵگە، بەپێی بنەما ئەقڵانیەکان و ئەقڵ (ڕاتسیۆناڵ) هەڕەشە لەتۆڕی کۆمەڵایەتی دەکات، بەپێچەوانەی ژیانی ڕیالستیەوە مەلەدەکات، ئەم خودە نایەوێت ئەقڵانی بێت و ئازادی خودگەرانەی خۆی لەوەدا دەبیتنێتەوە کە (بەربادێکی ناسک) بێت لەجیهاندا، بەنێو جیهاندا بسوڕێتەوە وەک لەوەی جیهان بگۆڕێت!، ئەم خودە لەلایەن پارێزەرانی ئەقڵانیەتەوە پەلامار دەدرێت، هەوڵدەدرێت بخرێتە قاڵبی خۆیەوە و بگەڕیتەوە بۆ نێو فابریکی ژیانی ڕیالستیەوە. چیرۆکی ئەقڵانیەتی ڕۆژئاوا تاوەکو ئەم سەردەمە، چیرۆکی جەنگی نێوان ئەقڵانیەتە لەدژی ڕۆمانسیەتی خەوبینەر، چیرۆکی دژایەتی سەختی ئەو خودەیە کەخەوبینەرە، ئەو خودەیە کەمانیفێستی ئازادیەک دەکات لەدژی یانەی پارێزەرانی ڕیالیزم. نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە (ئیمانوێل کانت) سەرسام بوو بە (ڕۆسۆ)، بەڵام ئەقڵانیەتی کانتی ئەو خەونی سوبیکتیڤانەی ئازادبوونەوەی لەفەلسەفەی ترانسێندێنتاڵی بەجۆریکی دیکە ڕاڤەدەکات، بەجۆرێک کەخودی گەڕانەوە بۆ بوارەکانی ئەقڵانیەت، بەڕای ئەو خود لە (مەشقی ئەقڵانیدا) ڕزگاری دەبێت لەخەون و خەیاڵەکانی، خود لەدواجاردا دەبێتە کۆیلەیەکی دنیای ڕیال، (کانت خەوبینەری لەبەلەمەوە دەرهێنا و خستیە خزمەت ئەرکەکانی دەوڵەتەوە .-١٤٣)

هێگڵ بەئاڕاستەیەکی دیکە ڕای وەهایە کەخود دەبێت خۆی لەڕێگەی پەروەردەکردنەوە خۆی لەتاریکی خەوبینین قوتاربکات، خۆت تەرخانبکات بۆ بابەتیبوون و ئەرکەکانی سەرشانی. (فیختە) لەوبڕوایەدا بوو، کەخود، سوبێکت، دەتوانێت هەموو قورسایی بەرهەمهێنان لەئەستۆ بگرێت، خود پرۆدەکتیڤە (بەرهەمهێنەرە) و دەتوانێت وەک هێگڵ ئاماژەی بۆ دەکات لەڕێگەی پەروەردە خۆی بکاتە خزمەت ئەقڵ و ئەرکەکانەوە. ئەم پاریزەرانەی ئەقڵانیەت بەوە ناوەستن تەنها لەتێزە فەلسەفیەکاندا بمێننەوە، بەڵکو دەبنە فەلسەفەی دەوڵەت و کۆی سیاسەت لەژێر چەتری خۆیاندا دەشارنەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو (هێگڵیەکی چەپی) وەک (کارڵ مارکس) دەیەوێت لەدیالۆگی ئەقڵەوە دونیا بگۆڕێت. خودی خستە خزمەت جیهانی بەرهەمهێنانەوە، خود لەتێزی مارکسدا ئۆرگانێکی بەرهەمهێنەرە ئەرکی ئەو گۆڕینی جیهانە، ئەرکی ئەو توانەوەیە لەنێو دەستەجەمحی سوسیالزمدا، بەمەش خەونی خود خەونێکی کۆلێکتیڤیە. بەمەش مارکس هەموو خەوبینەرێکی ئیندیڤیدوالیست وتاکرەو لەفەرهەنگی خۆی وەدەردێنێت... بەڵام بەپێچەوانەی هەموو ئەمانەوە خودی نێو (پێنجەهەمین پیاسە)ی ژان ژاک ڕۆسۆ خودێکی پرۆدۆکتیڤ، بەرهەمهێنەر نییە، خودێک نییە بیەوێت بچێتە نێو کایەکەی بەرهەمهێنانی سیاسیەوە و نایەوێت هیچ شتێک باشتربکات، ئەوەی ئەم خودە دەیەوێت تەنها ئازادیەکی خودگەرانەی ڕۆحیە، چرکەساتی دوورکەتنەوەیە لەهەموو قەید و شەرتەکانی چواردەوروبەر. ئەم خودە بەڕای من خودێک نییە دژی کۆمەڵگە بێت وەک لەیەکەم خوێندنەوەدا خوێنەر مەزندەی دەکات، بەپێچەوانەوە، ئەم خودە خۆی لەخۆیدا بەخشینی ڕەهەندیکی دیکەیە بەئازادی کەلەدەرەوەی قاڵبی تێۆرەی ڕەخنەیی کۆمەڵایەتی و ئەرکەکانی سەرشان تێپەڕدەکات، بۆ کایە ئیستاتیکیەکانی مرۆڤ، بۆ فراوانکردنی سنورەکانی ئازادی لەپێویستیەوە بۆ گرفتە ڕۆحیە گەورەکانی. ئەم تێزە سوبێکتیڤیە بۆ ئازادی، لەخودی خۆیدا کاردانەوەیەکەی فەلسەفیە بۆ وەدەرنانی مرۆڤی مۆدێرن لەو خەمۆکیە قورسەی سوستێمی ئەقڵانی بەسەریدا سەپاندوویەتی، ڕاکردنە بۆ نێو کایە Spähre ، بەمانای مانەوە نییە لەکەمۆڵەی ئیندیڤیدوالیەتی تەنهای خۆپەرستیدا بەهۆشمەندیەکی غەمبار یان ساختەوە، بەڵکو تەقینی ئەو پفکەیە، ئەو بڵقەسابونەیە، کەخۆمان تێدا قەتیسکردووە ، ئەمە کرانەوەی کایەی تایبەتەبەسەر جیهاندا.

دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کەئەم (کایەلۆژیە Sphärologie ) بەشێکە لەکارە گرنگەکانی سڵۆتێردایک، وەڵامدانەوەی ئەو ڕاکردنەی ئەقڵانیەتیە بۆ نێو سوستیم، ڕاکردنە بۆ نێو کۆ، بۆ نێو فابریکەکانی مۆدێرنە و جەنگە پڕاگماتیەکان. ئیدی سەردەمی ئەوە هاتووە ئەو پرسیارە بکەین کەمرۆڤ لەکوێدایە ؟ سڵۆتێردایک لەکتێبەکانی لەسەر کایەکان وەڵامندەداتەوە دەڵێت (بێگومان لەنێو پفکە و بڵقی نێو هەوای خۆیدایە ) بڕوانە بەئەڵمانی : خۆرو مردن، سورکامپ ٢٠٠٤ خودی خەوبینەر لەم تێزەدا، لەنێو کایەی تایبەتی خۆیدایە، لەنێو بڵق یان پڤکەی خۆیدایە. بەڕای من ئەم قوشمەڵەبوونەی خودی خەوبینەر، گۆشەگیریەکی ئیگۆئیزمانە نییە، کەئیمپرتیڤی ئەقڵانیەت بەسەرماندا دەسەپێنێت، بەڵکو جۆریکە لەگەڵ خۆدابوون، لەگەل خۆدا گفتوگۆکردن، (من لەم چرکە ساتەدا بیر لەو دەستەواژەیەدەکەمەوە، بەوەی ئەوە کەسە دیسپۆت و ستەمکارە کەلەگەڵ خۆیدا گفتوگۆناکات، ئەوە ئەوە کەلەگەڵ خۆیدا نادوێت، ئەوە ئەوە نایەوێت لەگەل خودی خۆیدا بێت). بەم شێوەیە کایەکان ئەو جەمسەرە تاکەن کەلەنێو خۆیداو لەگەڵ خۆیدایەتی، بەڵام لەم ئازادیەدا هۆشمەندیەکی غەمبار گەمەی خۆی ناکات، بەڵکو دۆزینەوەیەکی خودە، کەخۆی دەبەستێتەوە بەکۆی کایەکانی دیکەوە. بەمانایەکی دیکە گەر مۆدێرنە مرۆڤێکی کاریگەری ئەقڵانی ئیندیڤیدوالیستی پۆپۆلیستی لەنێو دام و دەزگایەکی دیموکراسی خولقاندبێت، ئەوا لەڕووی ڕۆحیەوە خاوەن (هۆشمەندیەکی غەمبارە). ئەم هۆشمەندیە غەمبارە ژیانێتی لەنێو ڕۆتین و یاسا و پۆڵێنکردنی ئەقڵانی ماتماتیکی و ئامڕازگەرایی. ئەمە بوونی ئەم خودەیە بەبرغویەک لەماشێنی ئەقڵانیەت. بەڵام (خودە خەوبینەرە Subjekt réverie ) فیگورێکی جیاوازتر پێکدەهێنێت، خودێکە دەبێتە جەمسەرێک لەنێو جەمسەرەکاندا. لەم خاڵەدا دەبێت ئیستێکی بچوک بکەم لەگەڵ خوێنەری ئازیزمدا، بۆئەوەی هیچ ئیشکالیەتیکی لەگەڵ چەمکی خودی خەوبینەر و ئیندیڤیدوالیستدا نەبێت، دیارە ئێمە لەسەرەتادا ئاماژەمان بەوەدا، کە مرۆڤی مۆدێرن ئیندڤیدوالستە، ئەم تاکڕەیەتەی لەنێو جەستەیەکی گەورەدا پێکهاتووە کەناومان نا (جەستەیەکی سیاسی زەبەلاح) کەپێکهاتووە لەتێورەی گوشار، لەشمەکخۆری ڕیکخراو و سوستێمی بانکی و میدیا و نێتۆرک. ئەم هۆشمەندیە کەدروست دەبێت دەرئەنجامی کاریگەریەکانی ئەم سوستێمە ئاڵۆزەیە بۆسەری، ئاماژەمان بەئیندیڤیدوالیستی پۆپلاتسێۆن یان پۆپێلاردا، تاکڕەوی جەماوەرخواز یان تاکڕەوی نمایشکار، کەلەنێو ئەم گەشەسەندنەی مۆدێرنەدا پێدەگات، ئەم ئیدندیڤیدوالیەتە، دەرئەنجامی ئەقڵانیەت و ڕاتسیۆنالیزەکردنی دونیایە، چەمکی ئازادی لای ئەم خودە بەرجەستە دەبێت لە ڕیالیزەبوونی خۆی، لەئاوێتەبوونی خۆی لەنێو ئەم جەستە زەبەلاحە سیاسیە کەناوی کۆمەڵگەیە. لەم گۆشەنیگایەوە دەسەڵات بەچەمکە فۆکۆیەکەی (میشێل فۆکۆ) دەبێتە دەسەڵاتێکی هەمەلایەن و لەهەموو لایەکەوە مرۆڤی خستۆتە ژێر چاودێریەوە، بەزمانی فۆکۆ قسەبکەین ئەوەی لەم نێوەندەدا ونە مرۆڤە، ئەوەی لەم نێوەندەدا مردووە مرۆڤە، ئەوەی شەپۆلەکان لەسەر لمی کەنار دەریا دەیبات لەگەڵ خۆیدا، دەم و چاوی مرۆڤە...مرۆڤی مۆدێرن مرۆڤێکی بێ دەم و چاوە، مرۆڤیکە بەماسکی ئەویترەوە دەژی کەئەقڵانیەتی سەردەمە، بەماسکی ڕیالزەبوونەوە ژیان بەسەر دەبات، ئەقڵانیەت دەیکات بەسوستێمی تەقاوتی ڕیکخراودا و لەبەردەم دەرگاکانی خانەی پیران بەجێیدەهێلێت،. ئەم خودە بێکەڵکە، ناپرۆدەکتیڤە بەپاکژیەکی ئەقڵانیەتەوە دەخرێتە خانەکانی لەبیرچوونەوە و مردنەوە، ئەمە تراژیدیای خودی مرۆڤە لەدونیای مۆدێرندا، ئەمە وەهای کردووە کەمرۆڤە نەخۆشەکان، پەناهەندەکان، نەدارەکان کەلەسەر بیمەی کۆمەڵایەتی دەژین، تەنانەت ئەو دایکانەی بەخێوکاری منداڵن و بەژنی ماڵ ناودەبرێن، ئەوانەی گرفتی دەروونی گۆشەگیری کردوون و لەلایەن سوستیمی فشارەوە دەکەونە پەراوێزی



هاوڵاتیبوونەوە. ئەقڵانیەت و سوستیمی ئەقڵانی، ئازادی و چەمکی ئازادی تاکی لەنێو سوستێمدا پێناسە کردووە، بەجۆرێک وەک لەتاکرەوی پۆپۆلستیدا ئاماژەمان پێدا لەو وەهمەدا دەژی کەئازادە، بەڵام هیچیتر نییە جگە لەکۆیلەیەکی سوستیمی ئەقڵانی نەبێت، کەکۆمەڵگەی لەرێگەی تیوەرەی فشارەوە دابەشکردووە بەسەر توخمەکانی دیکەدا کە (بانک ، نێتۆرک، میدیا)یە. بەدیوێکی دیکەدا گوشاری ئەقڵانیەت و پارێزەرانی ڕیالیزەبوون بەرگریکارن لەگەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ڕیالیزەبوون و کارگەی ئەقڵانیەت، ئەمانە ئەو ئیدندیڤیدوالیستە مۆدێرنە پێکدێنن، کەسلۆتێردایک بەتاکڕەویکی نمایشکاروەسفی دەکات. لەپێنجەمهەمین پیاسەی ڕۆسۆدا، نیشانەکانی لەدایکبوونی مرۆڤیکی دیکە دروست دەبێت، کەخودێکی خەوبینەرە، لێواو لێوە لەئەزمونێکی دنیای نێوەوەی خۆیەوە کە (بێخەمیەSorglosigkeit)، هیچ نەکردنێکە لەنێو دنیای خۆتدا، خۆ تەرخانکردنە بۆ بێکاریەکی ئەبەدی و ژیانە وەک بەربادێکی ناسک، هاوسەنگکردنەوەی ڕۆحیە لەبەرامبەر هێرشی هەستمردوویی

ناتوانین بەتەواوەتی قەناعەت بەچەمکی ئازادی بکەین کەدووفاقی ئەخلاقی ڕووی یەکەمی ئەم چەمکەیە، بەدیوێکی دیکەدا هەمیشە هێزێک هەیە داوامـان لێدەکات کەدەبێت ئەقڵانیەت بکەین بەپێوەر، بەڵام لەپشت ئەم هێزەوە ڕاوێژکاران و شارەزایانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونـی هەموو شتێکت لێ زەوتدەکەن، کەپێیدەڵێن کایەی تایبەت، کەپێی دەڵێن ئازادبونت لەگەڵ خۆتدا، بوونتە لەنێو کەمۆڵەی خۆتدا، لەنێو تەنێکی تەنک وەک بڵقی سابوون وەهایە کەپڕێتی لـەهـەوای سیەکانمان و بەنێو بۆشایدا لەهەوادایە .بەمانای لەنێو پفکەدایە بەهەموو ڕەهەندە فراوانەکەی. بوون لەنێو ئەم پفکەیەدا مەترسیدارە لەسەر ئەقڵانیەت و پارێزەرانی. بەڕای من سوستماتیک کردنی ئـازادی و پۆڵینکردنی، فراوانکردنی ئەو دەسەڵاتە ترسناکەیە کەفەیلەسوفیکی وەک (میشێل فۆکۆ) لەتێزەکانیدا کاری لەسەر کردووە، ئێمە هیچ نین جگە لەبرغویەک نەبێت لەمەکینەی ئەقلانیەت، کەئەوەندە ترسناکە جگە لەگۆشەگیری مرۆڤەکان و دابـڕان و قێزەونی و وەحشیگەرایی

کۆمەڵایەتی و گـەڕان بـەدوای ئـازادیـدا و دووبـارە بەرهمینانەوەی گوشار نەبێت. سـەدەی بیست سـەدەی لەدایکبوون و زۆرانبازیە لەگەڵ خەوبینەرەکان، سەدەی زۆربـونـی ئـەو ئیندیڤیدوالیە کـەداوای هەڵوەشاندنەوەی دنیای ڕیاڵدەکات، تەنانەت سەدەی ئەفراندنی تەکنیکەکانی (مەشقی ڕۆحیە)، دوورکەتنەوەیە لەدنیای ڕاستەقینە. سەدەی بیست لێواو لێو بوو لەخەوبینەرە سیاسیەکان، لە فانتازیاکارەکان، لەوانەی ئیدندیڤیدیوم دەبەستنەوە بەخەونیکی سوبێکتیڤانەوە. نەک بە تیزیکی کۆگیریەوە. سەدەی بیستەم، سەدەی ترەکاندنی گەرای خەوبینەرەکانبە لەهونەرمەندەکانەوە بیگرە تـاوەکـو دەگـاتـە ئاڤنگرادە بێکارەکان، ڕۆمـانـنـوسـەکـان، سـوریـالـسـتـیـەکـان، فەوزویەکان و دەروونزانەکان . سەدەی خەوبینەرەکانە لەهەموو لایەنە فیزیکی و ڕۆحی و فیکریەکانەوە، سەدەیەکە لەپڕێکدا مرۆڤ لەئەبستراکتەوە دەبێت بەڕاستەقینە و لەڕاستەقینەوە دەچێتەوە نێو خەون. ئازادی لەم چەمکە گرنگەدا سوبێکتیڤانەدا، دۆزینەوە و هەمیشە دووبارەکردنەوەی خودی

بـۆ کایە ئەنتۆلۆژیەکان، وەک لـەوەی پابەندبێتەوە بەتێزەگشتیەکانی ئیرادەی گشتی و خەمی کۆلێکتیڤی گۆڕانی کۆمەڵگە. پاڵەوانی ئەم شانۆگەرییە ناوی (Victor) کەمانای سەرکەوتوو دەگەیەنێت، ئەم پاڵەوانە بۆ ماوەی دووسـاڵ دەبێت خۆی لەنێو ژوورەکــەی خۆیدا بەند دەکـات و هەموو پەیوەندیەکانی خـۆی بەجیهانی دەرەوە دەپچڕێنێت، (ڤیکتۆر) لەگفتوگۆیدا دەڵێت: (من دەمویست ئازادبم، بەڵام نازانم بۆچی دەمەوێت ئازادبم، هەروەها نازانم ئازادبوون مانای چییە ؟.. لەسەرەتادا من کۆیلەی خەڵکی تربووم، لەبەر ئەوە خۆم لەئێوە جیاکردەوە و ئێستاش من کۆیلەی خۆمم و ئەمەش لەکۆیلەی ئەوانیتر مەترسیدارترە .. . ١٢٤-٦) بڕوانە: Samuel Beckett، Eleuthria ، Shurkamp ، Frankfurt am Main ،١٩٩٦ (ڤیکتۆر) دەستبەرداری ئازادی دەبێت، چونکە ناتوانێت ئازاد بێت دەڵێت : (من ئیدی واز لەوە دەهێنم کەئازاد بم ..). بەڵام گرفتی ئەو هەر ئەوە نییە کەکۆیلەی خۆیەتی، بەڵکو گرفتی لەگەڵ

دیکەی ئازادی خودگەرایی، لێرەوە (بیکێت) دەچێتە نێو یاریگایەکی ئەنتۆلۆژیەوە، لەڕێگەی دروستکردنی فیگوری (بێکەڵکێک) ئەمە نێزیکبوونەوەیە لەچەمکە ڕۆسۆیەکەی ئـازادی، بـەوەی خـود، سوبێکت، خۆی تەرخاندەکات بۆ بێکەڵکی، لێرەوە چەمکی (بـێـکـەڵـکـی Nutzlosigkeit) کاردانەوەیەکی فەلسەفیانەیە لەبەرامبەر پراگماتیەت و ئەقڵیەتی سوودمەندگەرایی و نەفعیەت. لەم جیهانەدا، بێگومان بێکەڵکی چەمکێکە لەڕوانگەی ئۆبێکتیڤبوون، یان ڕیالیزەبوون، مانای دروستبوونی سوبێکتێکی نێگەتیڤانە .ئەم (خودە بێکەڵکە) لە بێکەڵکی خۆیدا بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە کەچۆن نەیتوانیوە ئازادبێت. گرفتی ئـازادی لەم بازنەیەدا، گرفتی چوونە نێو بێکەڵکیە، لەدژی بەسوودبونی جیهان، لەدژی پرۆدۆکتیڤبوونی خود لەبەرامبەر جیهان، (سامۆیل بیکێت) مۆدێلی مرۆڤێکمان پێشکەش دەکـات کەچیتر نایەوێت لەم جیهانەدا بەسوود بێت. بەسوودبوونی جیهان ئەو خاڵە قورسەیە کەبیکێت لەم شانۆگەریەدا گرفتی هەیە لەگەڵیدا، بەسوودبوون لەنێو دنیایەکدا



کە ئەقڵانیەت لەنێوماندا بینایدەکات. ئەم (خودە خەوبینەرەSubjekt réverie) بەڕای نوێنەرانی ئەقڵانیەت و سوستێمی دنیای پۆست کاپیتالیزم و لیبرالیزم و نیو کۆنزێرڤاتیزم مەترسیدارە لەسەر کۆمەڵگە. خودە خەوبینەرەکان، وەک ئیندیڤیدوالیستە پۆپۆلیستەکان نـیـن کـەتـەنـها لەنێو ئیگۆئیزمی لۆجیکی بەندبن و لەخزمەت بەرهەمهێناندابن، بەپێچەوانەوە، سوبێکتی خەوبینەر جەمسەرێک پێکدێنێت کەلەگەڵ جەمسەرەکانی دیکە تیشک دەدەنەوە، وەک چۆن ئەتۆم تیشکدانەوەی هەیە، ئاوەها جەمسەرێک تیشکدانەوەی هەیە بۆ کۆی کۆمەڵگە و جەمسەرەکانی دیکە...لەم تێزەوە سەیری خودی (پێنجەمین پیاسەی ڕۆسۆیی) بکەین، ئەوا هەست بەو مەترسیە دەکەین کەئەقڵانیەت لەمێژووی درێژی خۆیدا بەرامبەر ئەم چەمکە سوبێکتیڤانەی ئازادی هەستیپێکردووە. بەهەقەت ئێمە لەم جیهانەدا

نەبێت هیچی دیکەی لێ بەرهەمنەهاتووە، مـێـژووی ئەقڵانیەت لـەسـەدەی نـۆزدەوە تاوەکو ئێستا مێژووی گرفتی گەورەیە لەگەڵ خودگەرایی و ئیندیڤیدوالیزمدا. ئەو خودەی (لەپێنجەهەمین پیاسەدا) ڕۆسۆ ئاماژەی پێدەدا خودێکی مەترسیدارە بۆ سەر ئەقڵانیەت، بۆ سەر تۆڕی کۆمەڵایەتی و پەیمانی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوە سەیر نییە، کە ڕۆسۆ لەسەر ئەم تێزە ناوەستێت و ئەم کتێبە دانسقەیە لەژێر کاریگەری گـوشـاری دنیای ڕیـاڵ و ئەزمونی خۆی دەنوسێت، زۆرنابات وەک (سلۆتێردایک) ئاماژەی پێدەکات کە ڕۆسۆ بەلەمی هێمنی دەریاچەکەی بەجیدەهێڵێت و دوای ئەم ئەزمونە، دیسانەوە سواریی پاپۆڕی جەنگی ئەقڵانی دەبێتەوە. بەمشێوەیە خوینەری ئازیزم، کۆمەڵگە لەم تێزەدا هیچیتر نییە جگە لەبەرهەمێنانەوەی تێماکانی گوشار، هیچ نییە جگە لەباڵانسکردنەوەی خەمی

خەوبینەرە لەبەرامبەر گوشاری دونیا. ئازادی و فشار جەمسەری هاوکێشەیەکن هەریەکەو ئەویتر بەرهەمدەهێندیت و هەریەکەو ئەویتر دەخاتە ژێر هەڕەشەوە ..

## ئازادی وەک لێکخشاندنی ئەبەدی کۆت و بەندەکان

ڕزگـاربـوون لەگوشاری جیهانی هەبوو، قوتار بوون لەو شتەی ناوی دنیای ڕیاڵە، لەدایکبوونی ئـازادی لەنێو هەناوی ئەو گوشارە سەختەی ڕیاڵ، لەشانۆگەریەکی (سامۆێل بیکێت) بەناوی ((ئیلوتێریا eleuthería)) بەرجەستە دەبێت، لەوەو پێش ئاژەمان بەم وشە لاتینیەدا، کەمانای ئـازادی دەگەیەنێت، ئـەم شانۆگەریەی (سامۆیل بیکێت) دیسانەوە چەمکێکی سوبێکتیڤانەیە بۆ ئـازادی، ئـازادی لەم شانۆگەریەدا پابەندە بەئیشکالیەتیکی سەخت لەگەڵ بووندا، ئازادی دەگەڕیتەوە

عەدەمیەتی خۆیدا هەیە، لەگەڵ نەبوونی خۆیدا، چونکە ئەو ناتوانێت مردنی خۆی بەچاوی خۆی ببینێت، لەبەرئەوەی ناتوانێت مردنی خۆی بەچاوی خۆی ببینێت، کەواتە ناتوانێت چێژ لەمردنی خۆی ببینێت، ڤیکتۆر لەم شانۆگەریەی بیکێتدا، دیسانەوە دەبێتە کۆیلە و ناتوانێت ئـازاد بێت. لەبەرئەوە بڕیاردەدا خۆی گۆشەگیربکات و خۆی بداتە دەست بێکەڵکی، ئەو شتە بکات کەسوودی نییە لەم دنیایەدا ڤیکتۆر دەڵێت: ( من بیرم لەشتێکی دیکە کـردەوە ..من چیتر ئازاد نابم، بەڵام هەمیشە و بێ پسانەوە هەست بەوەدەکەم کەچۆن نائازادم...من پێتان دەڵێم کەمن چۆن لەمەودوا ژیان بەسەر دەبەم، بەوەی من لەبەیانیەوە تائێوارە، ئەم کۆت و بەندانەی دەستم لێکدەخشێنم ، ئیدی ئەم خشە خشە بێکەڵکە، ژیانی من دەبێت .. ١٢٩-٦) خشە خشی کۆت و زنجیرەکانی مەچەکمان، دەبێتە ئەکتێکی

بەردەوام دەیەوێت بەسوود بیت بۆی، وەک ئەوەی ئێمە لەنێو فابریکێکدا بین وپێویست بەوە بکات هەمیشە سوودمەندی خۆمان بسەلمێنین، سوودمەندی خۆمان بخەینە بەر تاقیکردنەوە، مێژووی ئێمە هیچیتر نییە، جگە لەمێژووی بەسوودبونی مرۆڤ نەبێت بەرامبەر جیهان. مرۆڤی بەسوود لەنێو سوستێمدایە و دەبێت بەمرۆڤی سوستیماتیکە کراو، لێرەوە ئانارشیستەکان و ئاڤانگرادەکان و خەوبینەرەکان و هونەرمەندەکان و شاعیرەکان ئەڵتەرناتیڤی ئەم چەقبەستنەی ئازادین لەکۆڵانە داخراوەکانی ئەقڵانیتدا. بەدیویکی دیکەدا، بەسوودبوون ئەو کێشە ئەنتۆلۆژیە سەختەیە، کەپێوەی دەناڵێنین، دەبێت هەمیشە تۆڕی کۆمەڵایەتی هەوڵی دووبـارە پیناسەکردنەوەی ئەم گروپانە بـدات کەخەوبینەرن ، لەنوسەرەکانەوە بیگرە تا هونەرمەند و ئاڤانگراد و سیاسیە خـەوبـیـنـەرەکـان، ئـیـدی چ لەڕێگەی

دەزگاکانی کاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و چ لەڕێگەی دەزگـای سیاسیەوە یان لەڕیگەی دەزگا میدیاییەکانەوە هەوڵدەدرێت ئـەم خـودە خەوبینەرانە سوستماتیک بکرێن لەنێو دەسـەڵاتـی دەزگـاکـانـدا، لەدواجاردا تەرخانبکرێن بۆ سوودمەندی و واز لەبێکەڵکبوون بهێنن بەشێوەیەک لەشێوەکان . لەگەڵ هەموو ئەم هەوڵدانەشدا دەبێت چرکە ساتێک هەبێت و نەمانەوێت کەسوودمەند بین، نەمانەوێت سوودبەخش بین، نەمانەوێت کەڵکمان هەبێت نە بۆ خۆمان و نەبۆ ئەوانیتر، نەمانەوێت ببین بەکۆیلەی ئەو شتەی پێیدەڵێن بەکەڵکبوون، بەڵکو دەمانەوێت تەنها و تەنها لەنێو خەمساردی خۆماندا تەماشاکاری جیهان بین ..ئەم گۆشە سەیرە بەڕای پارێزەرانی ئۆبیکتڤیبوون و واقیعبوون، نێگەتیڤیتێتە، سەلبیەتێکە، کەدەبێت کۆمەڵگە خۆی لێیان بپارێزێت، ئازادی و گوشار لەم خاڵەدا ، لەجەنگەکانی نێوان خەون و ڕیاڵدا بەرامبەری یەکتری دەبنەوە. لەڕاستیدا ئەم (بێکەڵکیە) بەدیوێکدا ڕاکردنە لەو گوشارە گەورەیەی دنیای ڕاستەقینە هەیەتی لەسەرمان، بەڵام تێزەیە کەلەڕۆشنگەریەوە تا ئەمڕۆ جیهانی مۆدێرنی بەهەموو ئیشکالیەتەکانەوە لەسەر دامەزراوە، بەوەی من ئازادم لەچوارچێوەی ئـەو سـوودمـەنـدیـەی وەریـدەگـرم و ئەو سوودبەخشیەی دەیبەخشم. ئەم هۆشمەندیە هەڵەیە کرۆکی کێشە گەورەکانی هەموو ئەو بیرۆکانەن کەبازاڕەکانی لەسەر دامەزراون، پشتە وێنەی سیاسەتی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایە، کرۆکی گرفتی مرۆڤە لەگەڵ دەزگاکانی شیکاری دەروونی و دەزگا کۆمەڵایەتیەکان، کرۆکی کێشەی نێوان پەیوەندی کـار و سەرمایەیە، لەدواجاریشدا گرفتی گەورە لەوەدایە کەئەم (خودە سوودمەندە) بڕیاری جەنگەکان دەردەکـات و ماڵ وێرانیەکان بەلێکەوتە ڕیالستیەکان لەقەڵەمدەدات، لەدواجاریشدا ئەم خـودە تاوەکو ئەمڕۆ بێبەزەیترین سوستێمی جیهانی دامەزراندووە کە گلۆباڵیزمە، بەڕای من چەمکی ئازادی سوبێکتیڤی ئەو درزەیـە کەدەکەوێتە نێو ڕۆحی ئەو خودە بەسوودەی فەوزا و جەنگی بەسوودی لەنێو جیهاندا دروستکردووە ... لەسەرێکی دیکەوە ئەم جەبریەتەی سوودمەندبوونە ڕاکێشانی خودە بۆ گێژاوی بەم بێکەڵکی خۆیەوە، بەم خشە خشەی کۆت و بەندەکانیەوە، بەم هیچ نەکردنیەوە لەهەمووان زیاتر لەئازادیەوە نێزیکە.

## تێگەیشتنیکی دیکە بۆ ئازادی، بێگومان دوور لەلیبرالیەتی سیاسی

هەموو ئـەم ئەزمونەمان لەگەڵ ئـازادی لەدنیای مۆدێرندا دەمانگەیەنێتە بەچی؟، بەتایبەت کاتێک باس لەوە دەکەین کە خود (سوبێکت، Subejekt ) لەکۆمەڵگە دووربکەویتەوە و بچێتە نێو خودی خۆیەوە و لەگەڵ خۆیدا بێت؟، بەزمانێکی دیکە قسەبکەین، سوبێکت لەخەمە ئۆبێکتیڤەکان، لەخەمە ڕاستەقینەکان هەڵبێت و خۆی لەنێو خەونەکانی بێخەمی وخەمساردیدا نقومبکات؟ یـان وەک لەشانۆگەری (ئیلۆتێریا)ی (سامۆێل بیکێت) لەنێو نێگەتیڤیەتدا نقووم بین، بـەوەی جیهان لەبیربکەین، لەدژی گـوشـاری دونـیـای ڕاستەقینە مانبگرین و مۆڵەتی گەشتی بێخەمی وەربگرین! .. لـەخـودی خـەوبـیـنـەری Subjekt réverie ڕۆسۆیدا چیتر ناتوانین جیهان ببینین وەک خۆی، یان نامانەوێت جیهان ساتێکدا بازهەڵدەدات بەسەر تێزی خۆی (ئیرادەی گشتی)، کەخۆی باوکی ڕۆحیەتی و دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی سوبێکتیڤانە بۆ چەمکی ئازادی، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چەند سەرنجیک لەمەڕ ئیشکالیەتی ئەم چەمکە خودگەراییە بۆ ئازادی لەچەند ئاستێکدا بخەمە بـەر تیشکی گفتوگۆ. یەکەم ئیشکالیەتی (ئـازادی خودگەرایی) لەبەرامبەر گوشاری دەرەوەرەوە کەگوشاری دنیای ڕاستەقینەدایە، لـەوەدایـە کـەزۆر ناخایەنێت خود دەگاتە ئـازادی خۆی، بەمانای کاتێک خـود دەگاتە پلەکانی نێزیکبوونەوە لە (بێخەمی - خەمساردی Sorglosigkeit)، کاتێک لەنێو خوماری بێخەمیدا خەمساردانە پشت دەکاتە جیهان، بۆ ماوەیەک خۆی لەدەریاچەکاندا بێدەنگ دەکـات و تەنها گوێ لەموزیکی نـاوەوەی خۆی دەگرێت، لەو کاتەدا تینوێتی بۆڕیاڵ، بۆ دنیای ڕاستەقینە ووردە ووردە لەنێوەوەڕا هەڵدەکشێتە سـەرێ، ئیدی ناتوانێت بۆ ئەبەد پشت بکاتە واقیع، مرۆڤ بەداخەوە، مەحکومە بەڕیالستی، ئیدی دەبێت جارێکیتر گوێ لەبانگەوازەکانی دنیای ڕیاڵ ڕابگرێت. و دواکەوتن لەڕەوتی کۆمەڵایەتی مەحکومە بەئەقلانیەت و جەبری دونیای واقیعی. لێرەوە خود بەرامبەر ئیشکالیەتێکە بەوەی، لـەدوای ئەوەی سەرشانی سووک دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەرک خستنە سەرشانی خۆی، ئەمەش ئەو پرۆسە ئالۆزەیە (ژان پۆڵ سارتەر) بە ئانگاژما (بەرپرسیارێتی Engagement ) دەسـت نیشانی دەکـات، نابێت ئەوە لەبیربکەین کەلەنێو هەموو ئێکستێنتالیستەکاندا (وجودیەکان) ژان پۆڵ سارتەر بڕوایەکی تەواوی بەچەمکی بەرپرسیارێتی هەیە، بڕوای ئیلتزام هەیە، بـڕوای وەهایە کە (دواڕۆژی مـرۆڤ هەر مرۆڤ خۆیەتی). ئەم بەرپرسیارێتیە لەوەوە سەرچاوە هەڵناگرێت کە خود نەخۆشە یان نوقسانی هەیە لەمامەڵە لەگەڵ ژیاندا، ئەم بەرپرسیاریەتە ئیلتیزام و دیسلپینی خـودە بەرامبەر جیهان. ئەم ئانگاژمایە (بەرپرسیارێتی Engagement ) وەک سلۆتێردایک دەڵێت: (دەرئەنجامی ئەزمونە لەگەڵ ئازادیدا... بڕوانە فشارو ئازادی - ٥٧).

خودگەرایی کاتێک ئازادی پێناسەدەکاتەوە،



بەدیوێکی دیکەدا بیری لێبکەینەوە بەخشینی ئازادییە بەخود، بەوەی دەیەوێت لەبازنەی گوشار قوتاری بێت، بێتە نێوفەزایەکی ئـــازادەوە، نەبێتە کۆیلە سـوودمـەنـدی و مـێـژووی سـوودمـەنـدیـبـوون. مێژووی سوودمەندی بـوون، مێژووی کۆیلەکردنی مرۆڤە بەخۆیەوە، مێژووی بەشمولیکردنی مرۆڤە لەنێو سوودمەندبوون بۆ کۆمەڵگە، بۆ نەریتەکان، بۆ ئاین، بۆ ئایدیا، بۆ دەوڵەت، بۆ هەموو ئەوانەی لـەدەرەوەی خۆیەتی، بۆ ئەوانیتر، بۆ ئەویدیکە. بەسوودبون ئەو جەبریەتەیە کە کۆمەڵگەی شمەکخۆری، (کۆنسوم Konsum ) لەسەر دامەزراوە، بەهەمان شێوەش جەنگە گـەورەکـان و ماڵ وێرانیە گـەورەکـان و هاوکێشەکانی بـازاڕی ئـازاد و بۆرسەکان لەسەر ئەم بەسوودبوون و سوودمەندیە دامـەزراوەو میکانزمی کارکردنی هەڵدەسوڕێت. خودی خەوبینەر بـەڕای من وەڵامـدانـەوەی ئەو (ئەوانیتر)، بۆئەوەی ببین بەپارچەیەک بۆئەویتر کەئایدۆلۆژیایە، کەدەوڵەتە، کەبازاڕ و یاساکانی نمایش و داواکردنە. بەگشتی ئەمە گوشاری دنیای ڕیاڵە لەسەر خود بۆئەوەی خۆی بۆ ئەوانیتر بەدەستەوەبدات. گوشاری دنیای ڕیاڵ لەو بیرکردنەوە دێت، کەدەبێت سوودمەندبیت بۆ ڕیال، ئۆبیکتیڤ بیت، لەجیهانێکدا ملیۆنەها تاوان بەناوی ئۆبیکتیڤبوونەوە ئەنجامدەدات، مێژووی سوستێمە شمولیەکان، مێژووی بەئەرکبوونی خودە بەوەی دەبێت سوودمەندێکی ئەبەدی بێت بۆ سوستێم. بەسوود بیت بۆ سوستمێک سـوودمـەدنـی بەپێی جیهانبینی خۆی پێناسەدەکاتەوە. لەم خاڵەوە بێکەڵکبوون هیچیتر نییە، جگەلەوەی خود دەیەوێت لەنێو خەونەکانی خۆیدا بمێنێتەوە، دەیەوێت هیچ نەکات، دەیەوێت ئازاد بێت لەیاساکانی سـوودمـەنـدی، بەمانای دەیـەوێـت لەنێو بەلەمەکەی ڕۆسۆدا بمێنێتەوە، ئەم خودە هەستپێبکەین وەک خۆی، جیهان هەمووی ماسیەکی مردووە، لەلامان گرنگ نییە کەی لەنێو خۆیدا بۆگەندەکات. ئەم ڕاکردنە بۆ نێو دونیای سوبێکت، ئەم خودگەراییە خەوبینەرە لەوەدا تەعبیر لەخۆی دەکات، کە بێکەڵکترین بونەوەرە، ئیدی دەبێت وازبێنین لەوەی بەسوودبین؟، کەواتە ئەم سوبێکتە خەوبینەرە لەکوێدا دەمانگەیەنێتە ماناکانی ئازادی؟ پێش هەموو شتێک دەبێت ئەوە بیری خوێنەر بهێنمەوە کە نوسەری (پێنجەهەمین پیاسە) ژان ژاک ڕۆسۆ، چەند ساڵێک لەدوای مردنی، بووە ئیلهامبەخشی یاکۆبینەکان لەفەڕەنسا و گەورەترین تیرۆر لەژێر نـاوی (ئیرادەی گشتی ) دەرهـەق بەهاوڵاتیان ئەنجامدرا. بەگشتی (ڕۆسۆ) بێتاوان نییە لەسەرهەڵدانی ئەو هەموو سوستێمانەی کە تێزەکەی ئەویان (ئیرادەی گشتی) وەرگێڕایە سەر زمانی تیرۆر. بەڵام سەیر لەوەدایە کەئەم فەیلەسوفە لەچرکە خود لەڕاکردنیدا لەگوشار، جارێکیتر گوێ لە (گوشاری نێو خۆی) دەگرێتەوە، دەبێت جارێکێتر ببێتەوە بە بونەوەریکی ڕیالستی و کۆمەلایەتی، زۆرنابات خود بەویستی خۆی بێت یان لەژێر جەبریەتی دونیادا گوێ لەو دەنگانە دەگرێتەوە کەئۆبیکتیڤبوون و ڕیالیزەبوون بانگی دەکەن، ئەو دەنگانەی سەرسامی دەکـاتـەوە بەشێوازی ژیانی (مـۆدۆس ڤیڤیندی) دونـیـای هەبووی کۆمەڵایەتی، دونیای کۆمەڵگە وجەبری کۆمەڵ لەدەرگای پشتەوەی کۆمەڵگەوە دەیکەنەوە بەجیهاندا، ئیدی ئـازادی خودگەراییانەی لەگەڵ خۆدابوون Bei sich sein ئەم هاوکێشەیە جارێکیتر هەڵدەگەڕێنێتەوە و دەبێتە لەگەڵ ئەوانیتردا بوون. لەم جەنگەدا خود جارێکیتر دەترسێت لەوەی بەتەنهایی و لەنێو خۆیدا بەسەربچێت و لەبێسوودی خۆیەوە دەگەڕێتەوە بۆ نێو پرۆدیکتیڤی و بەرهەمهێنانەوە. خود لەترسی بەسەرچوون ئانگاژمایە!، بـەڵام لێرەوە دەبێت باس لە ئیشکالیەتی دووهـەم بکەین کەئەو هێزە شـاراوەیـە لەنێو خـودی مرۆڤدا دەیخولقێنێت، ئـەو هـێـزەی کەمرۆڤ بـەئـازادیـەوە دەبەستێتەوە ئەویش ئەو هێزەیە کـە (سلـۆتـێـردایـک) لەکتێبی (توڕەیی و زەمەن) بە تیمۆس (شکۆداری/ Tymos) ناویدەبات. تیمۆس (شکۆداری / Tymos) ئەو هێزەیە لەپشت توڕەیی مرۆڤەوەیە کاتێک نارەزایە لەژیان، کاتێک بەدووی ئازادیدا دەگەڕێت، کاتێک لەپشت تـوڕەبـوونـیـەوە زەمەنێکی دیکە خۆی حەشاردەدات، لەم گۆشەنیگایەوە، تیمۆس هێزیکی زیندەگیانەیە، هێزێکە ئێمە دەتوانین بە (دووبـارە زیندەگی خود) لەقەڵەمی بدەین و کاری لەسەر بکەین. بەڵام کاتێک خود خەوندەبینێت، نوێنەرانی ئەقلانیەت و ڕیالیزەبوون هەوڵدەدەن لەخەونبینین بـەئـازادبـوونـەوە ←

ڕاپێچیبکەنەوە بۆ نێو دنیای هەبوو و ڕاوەستاو، بەهەمان ئاراستەش هێزەکانی دژە تیمۆس پێماندەڵێن: ئـەوە تۆی پابەندی بەپێویستیە سەرەکیەکانتەوە، گەر ئـەوەت بۆ دابین بێت لەسێکس و خواردن و پارە، ئیدی تۆ ئازادیت، ئیدی دەبێت شکۆداری چی بێت؟... مۆدێرنە لەسەر ئەم پرنسیبە (دژە شکۆداریە / دژە تیمۆسە) دەزگـاکـانـی خۆی دامەزراندووە، لیبرالیەت هیچ نییە جگە لەچڵێسکردنی مـرۆڤ نەبێت بەرامبەر یەکتری و بەرامبەر دونیا، لیبرالیەت ئـازادی خـودی لەڕێگەی وەدستهێنانی شمەک و سامان و وەزیفە و موچە و پێداویستیە سەرەکیەکان پێناسەکردووە، کێ موچەی زیاتر بێت لەهەموان ئازادترە. بەدیوێکی دیکەدا شیکاری دەروونـی و ناوەندەکانی چارەسەری دەروونـی پێت دەڵێن: تورەیی و خەونی تۆ بۆ ئازادی، دەرئەنجامی پێویستیی سەرەکیەکانتە، گەر لەئەمانە تێر بوو ئیدی تۆ ئازادیت. مۆدێرنە لەم تێگەیشتنیەیدا بۆ ئازادی، پێویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ دەکاتە پێوەر بۆ ئازادی مرۆڤەکان. لیبرالیەت و نیو لیبرالیەت، مرۆڤ بچوک دەکاتەوە بۆ پێویستیە سەرەکیەکانی و ئەوە لـەبـیـردەکـات کـەمـرۆڤ بونەوەرێکی شکۆدارە و شکۆداری مرۆڤەکان گرنگترین توخم و مۆتیڤەکانی ئازادین، لەهەموو یاساکانی کار و دەزگاکاندا شکۆداریەکانی مـرۆڤ پشتگوێ خـراوە، پێت دەڵێت کاربکە، کەکارت کرد سوستێم و یاساکان لایان گرنگ نییە ئەم کارە لەگەڵ تۆدا دەگونجێت یان نا، لەسیاسەتی دەرەوە شکۆداری میللەتانی دەرەوەی ڕۆژئـاوا پرسیارێکە هەرگیز ناکرێت، ئەمەش بەیەکدادانی گەورەی ئاینی و کولتوری هێناوەتە گۆڕێ و بزواتی ئاینی توندڕەوی دروستکردووە، ئەمەو زۆر نمونەی دیکە. بەمشێوەیە کلتوری مۆدێرنە ماشێنێکی گەورەی لەدژی تیمۆس، لەدژی شکۆداری بەکارخستووە. سڵۆتێردایک لەکتێبی (زەمـــەن و تـورەیـی) دەڵـێـت: ( کێ هـــەواداری ئـەوەیـە کـەمـرۆڤ خاوەنی خۆسەلماندن و شـکـۆداریـە، دەبێت بەوپەڕی هێزی لەگرێ ئێرۆتیکیەکان بـدات..٣١-٧) بەمانایەکی دیکە کێ داوای شـکـۆداری خـۆیـدەکـات، دەبێت مرۆڤێکی زوهدی بێت، دەبێت دوور بێت لەگوشاری ناوەکی و دەرەکی چڵێسی بۆ سامان و سێکس و دەستبەسەراگرتن، دەبێت مەشق بکات لەسەر ئەوەی شکۆدار بێت و مانا گەورەکانی مرۆڤبوونی خۆی بدۆزێتەوە، ئەم مرۆڤە وەک سڵۆتێردایک لەکتێبی (خـۆر و مـردن) ئاماژەی بۆ دەکات وەک ئەو خودە وەهایە کەلەنێو کەمۆڵەدایە، لەنێو بڵقی سابوندایە، کاتێک لەنێو هـــەوادا پێمەلەیەتی، بەمانای لەنێو پفکەدایە، کەپفکەکەی دەتەقێت لەژێر گوشاردا، ئەوسا دەبێتە جەمسەرێک و لـەگـەڵ جەمسەرێکی دیکەدا یەکدەگرێتەوە، بەمانای مرۆڤ لەنێو کـایـەی تایبەتی خۆیدایەتی، لەنێو پفکەی خۆیدا خەوندەبینێت، ئەو بڵقەکەی وەک شوێنێکی نەبینراو وەهایە، کەخۆی بۆ خۆی چنیوە، بۆ ئەو بەڵام زۆر نابات هێرشەکانی دونیای ڕیاڵ پفکەکەی دەتەقێنن و چیتر خود ناتوانێت گوێ نەگرێت لەدونیای ڕیاڵ، ئیدی لەوێوە دەبێت شوێن دابەش بکات لەگەڵ ئەویتردا، بەمشیوەیە پفکە و بڵقی نەبینراو کەشوینێکە بۆ خود دەبێتە جەمسەر و لەگەڵ جەمسەرەکانی دیکە وەک کایەی موگناتسیی بەریەکدەکەون. لـێـرەوە (یـاسـای ژووری دابەشبوو دەخـوات، پرنسیبی کایەکەک کەخود خۆی دروستیکردووە بۆ خۆی ٨--١٤٣)

بڕوانە بەئەلمانی: سڵۆتێردایک: خۆر و مردن. سورکامپ ٢٠٠٤ فۆتۆ: مرۆڤ لەنێو کایەی تایبەتی خۆیدا، لەنێو پفکەی خۆیدا..


ئیدی قەیرانی خـود دەستپێدەکات، بەوەی دەبێت بیر لەخۆی بکاتەوە وەک جەمسەرێک و لەگەڵ جەمسەرەکانی دیکەدا یەکبگرێتەوە. خـود شکۆداری پێویستە بۆئەوەی بتوانێت پارێزگاری لـەخـەونـەکـانـی خـۆی بـکـات، بەمەش بەڕای من تیۆرەی (تیمۆس) دەتوانێت تەفسیری ئەو تورەبوونە بکات کەخود هەیەتی بەرامبەر دونیا، بـەوەی خود جارێکیتر لەژێر گوشاری دنیای دەرەوەدا خۆی پێناسەدەکاتەوە ، جەستەی خۆی دەناسێت و هەوڵدەدات شکۆداری خۆی بـەدەسـت بهێنێت، مـادامـەکـی دەبین بەجەمسەر و لەگەڵ جەمسەریکی دیکە، کەواتە کایەی تایبەت هەموو ماناکانی خۆپەرستی و ئیندیڤیدوالیەتی پۆپۆلیستی وندەکات و دەبێت بـەدووی سۆڵیدارتی و هاوبەشی و شکۆداریدا بگەڕێت، بەڵام لەڕێگەی پفکەی خۆمانەوە، لەڕێگەی ژووری خـۆمـانـەوە. ئـەم چەمکەی (تیمۆس) لێدانێکی قوڵە لەفەلسەفەی پراگماتی و ئەقڵانیەتی ئامڕازگەڕایی و لیبرالیەتی نوێ. دیارە ئەوەی لیبرالیەت لەبیری کـردووە ئەوەیە کەمرۆڤ تەنها بونەوەرێکی ڕەمەکی و خۆپەرست نییە، چڵێس نییە و بەئاسانی خۆی بۆ گوشاری چڵێس بوون نـادات بەدەستەوە، مرۆڤ خاوەنی شکۆداریە، گەر مرۆڤ خاوەنی شکۆداری نەبێت ، ئـازاد نییە. ئەم تێگەیستنە نوێیە کردنەوەی دەرگایەکی دیکەیە بۆسەر مەفهومی ئازادی، دەکرێت ئەمە بەسەرەتایەک دابنرێت بۆ دووبارە بیرکردنەوەیەکی مەنهەجیانەی هەموو ئەم ئەو دەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریانەی دنیای مۆدیرنی لەسەردامەزراوە، سڵۆتێردایک (تیمۆس / شـکـۆداری ) دەکاتە چەمکێک کەبیرکردنەوەمان لەمەڕ ئـازادی جارێکی دیکە دوور لەمەفهومی لیبرالیەت و نیو لیبرالیەتی سیاسی، ئازادی پێناسە دەکاتەوە. ئازادی لەچەمکی لیبرالیەتەوە پابەند کراوە بە هاوتابوونەوە لەگەڵ (گـوشـاری چڵێسی) و دەست بەسەراگرتنی شمەکی و شمەکخۆری، ئازادی لەگۆشەنیگای لیبرالیەتەوە مانای خـۆبـەدەوەسـتـەوە دانـە بـۆ (گـوشـاری چڵێسی Gier- Streß)، بێگومان سەیرکردنمان بۆ مرۆڤی مۆدێرن ناتوانرێت دوور لەچەمکی چڵێسیەوە بخوێنرێتەوە. ئـەم گـوشـاری چڵێسیە پێت دەڵێت: چەندت هەیە و چەند بەدەستدێنێت ئـەوەنـدە ئـازادیـت!. ئـەوە یەکێکە لەو دروشـمـە بـــەردەوام بەرهەمهاتووانەی کەکۆی کۆمەڵگەی مۆدێرنی خستۆتە ژێر گوشارەوە، بۆ نمونە ئەم ماشێنی گوشارە لەمیدیاکانەوە ئاماژە بۆ نمایش و خستنەڕوو و فرۆشتن و هەبوونی ناوبانگ دەکـات، ئیدی چەندە توانای نمایشت هەبێت لەسەر مۆدێلەکانی گوشار، ئەوەندە ئازادی خۆت بەدەست دێنێت. لەسیاسەتدا ڕۆژ بەڕۆژ پرسی کۆمەڵگە لەژێر گوشاری چڵێسیدا، لەهەموو بـوارەکـانـدا خۆی بەرهەمدەهێنێەوە، کۆمەڵگەی کوردی هەنووکە لەژێر ماشێنی ترسناکی (گوشاری چڵێسی) دەناڵێنێت، خوینەری ئازیزم خۆی دەتوانێت لەم تێزانەوە خوێندنەوە بۆ ئەم واقیعی چڵێسیە بکات لەکۆمەڵگەی کوردیدا.. میکانزمی کارکردنی گوشاری چڵێسی بەمجۆرەیە، کاتێک سیاسەت لەدەسەڵات و پارە و دەستبەسەراگرتینی بـازاڕەکـان دەگاتە ئاستێکی تێربوون، سیاسەت دەتوانێت خۆی بەسەرکەتوو لـەقـەڵـەمـبـدات، بـەڵام دوای ئەمەش جارێکی دیکە سیاسەت خۆی کێڵگەی دیکەی گوشار بەرهەمدێنێتەوە، بەمانای جارێکی دیکە کۆمەڵگە دەبێتە گێنراتۆری بەرهەمهێنانەوەی گـوشـار، کۆمەڵگە لەژێر ئەم گوشارەدا بۆتە جەستەیەکی سیاسی یان بۆتە ئاژەڵێکی ئەفسانەیەیی ملیۆن سەرە، خود لەژێریدا دەناڵێنێت. ئیشکالیەتیکی سێهەمی ئەم تەفسیرە سوبیکتیڤانەی ئازادی (بەڕای من) ئەوەیە، کە سوبێکتی خەوبینەر (خودیکی خەوبینەر réverie Subjekt ). لەژێر ( گوشاری نمایشکاری ) دایە، بەمانای نمایشکاری خۆی لەخۆیدا دەبێتە گوشار، بەوەی چەندە توانای خۆنمایشکردنت هەبێت، ئەوەندە ئازادیت، چەندە بتوانیت بەتوانا مامناوەندیەکانیشتەوە خۆت نمایش بکەیت و لەڕێزی نمایشکارانەوە بیت، ئەوەندە دەتوانیت لەڕێزی ئازادەکاندا بیت. دنیای مۆدێرن، یاخود جیهانی پۆست کاپیتاڵ پڕێتی لەنمایشکاری سەرکەوتووە بچوکەکان (ڕۆژنامەنوسەکان ، چاوێرە سیاسیەکان، گۆرانبێژەکان، بانگهێشتە ئیسلامیەکان، پۆپ ئیسلامیەکان، سوپەر ستارەکان، مۆدێلەکان، گۆرانبیژەکان...هتد )، ئەم سەرکەتووە نمایشکارانە بەردەوام لەسەر شاشەکانی تەلفیزۆن و تەنانەت مۆبایلەکان و فەیسبوکەکان ئامادەن و بەردەوەمن لەبەرهەمهێنانەوەی خۆنمایشکردنەوە، بـەردەوامــن لـەخـۆدووبـارەکـردنـەوە و خۆبەرهەمهێنانەوە، ئیدی کێ توانای خۆبەرهەمهێنانەوەو خۆنمایشکاری نەماوە لەکاروانەکە دوادەکەویت، ئەم سەرکەتووانە دیاردەیەکی ڤیزوالی و بینراو و دەرکەوتوو و ئۆپتیکین و مێگەلی جەماوەری (ماس) دەدوێن و ئەم سوپەر ستارانەی سیاسەت و ئیسلامەویەت و هونەر، دوور لەجەوهەری ڕاستەقینەی سەرکەوتن، خۆیان وەک سەرکەوتوو نمایشدەکە، ئەم دیاردەیە لێکەوتەی دیکەی کۆمەڵایەی لێکەوتۆتەوە، جۆرێک لەفیگوریکی کۆمەڵایەتی دروست کردووە کە ماس و جەماوەر بەشێوەیەکی ڕەمەکی و نەستیانە ڕەدووی دەکەوێت. بەمانای کلێشەیەکی نادیاری دروستکردووە کەهۆشمەندی گشتی کۆمەڵایەتی خۆت تێدا پێچەوانە دەکاتەوە، ئیدی لەدنیای مۆدێرندا هەمووان دەبێت سەرکەوتووبین و نمایشاکاری سەرکەوتن بکەین، ئەوسا هەستدەکەین بونەوەرێکی کۆمەڵایەتین، نمایشکاری بۆتە پێکهاتەیەکی گرنگی ڕیسۆسیالیزۆن، (بەکۆمەڵایەتیبوون). تەنانەت لەفابریکەکانیشدا کەکرێکاران بەپارەی کەم لەلایەن بیرۆکانی کاری دەستی هەرزان ، کەبە (بیرۆی کاری کاتی) بەگرێبەستی شەش مانگی دادەمەزرێن، دەبێت لـەو شـەش مانگەدا هەمیشە کرێکاران ئەوە بسەلەمێنن کەبەختەوەر و سەرکەوتوون لەکارەکانیاندا، دروشمێکی نەنوسراو لەم نێوەدا گەمەی خۆی دەکات بـەوەی ئەوانە سەرکەتوون کەدەتوانن خۆیان بۆ سەرۆکی کارەکانیان نمایشبکەن، نمایشی ئەوە بکەن کەبەختەوەرن لەگەڵ سوستێمی کارەکانیان، دەبێت نمایشکار بن، کێ نمایشکاری بـاش بێت، ئەوە سەرکەوتووە، ئەمەش گوشاری خودە لەبەرامبەر (گـوشـاری نمایشکاریدا). ئـەم مـۆدێـلـە ئـەمـریـکـیـە نێزیکە لەماگدۆنالیزەکردنی دونیا، بەوەی نمایش پێش جەوهەری خواردنە، دیزاین و لۆگۆ و نمایشی بەختەوەری لەماگدۆڵاندا دوورە لەجەوهەری ئەم فابریکە، کەشوێنێکە بۆ کاری هەرزان و کولتوری خواردنی خێرا، وەک ئـەوەی ئیمە بە کلتوری چڵێسی، یـان (مینی چڵێسی / چڵێسکۆکە) کوترابێتین و هەمیشە بەختەوەربین بەنمایشکاری بەختەوەری لەنێو فابریکی گوشاری ماگدۆلنالیزەبوندا، لەگەڵ کڕینی یەکەم ماگدۆنالز و بـزەی دروستکراوی یەکەم خانمی کرێکاری نمایشکاردا ئێمە موبتەلادەبین بەنەخۆشیەکانی نمایشکاری. مۆدێرنە بەڕێزانم لەپەرەسەندنیدا جۆریک لە (نمایشکاری ساختەی) بەرهەمهێناوە کـەوەهـا مـەزنـدە دەکـات ئـازادە، ڕۆشنگەرە و لەئیندیڤیدوالیەتی خۆیەوە، لەهۆشمەندیەکی ساختەدا ژیان بەسەر دەبـات، بـەڵام لەجەوهەردا ئـەم خودە خـۆی تەسلیمی گوشارەکانی چڵێسی کـردووە، شـکـۆداری خـۆی لەدەستداوە مادامەکی لەنێو نمایشکاری شێوازی ژیانی کۆمەڵگەدا هەڵدەکات. ئەم خودە وەک سڵۆتێردایک لەسەرەتای کتێبەکەیدا ئاماژەی پێدەدا، خودێکە توانای خەوبینین و سەرسامبوونی لـەدەسـتـداوە، چیدی جیهان سەرسامی ناکات، چیدی جیهان بۆ ئەوشوینی خەونبینی نەماوە. گوشار وەهـای کـردووە کەئەم خـودە مەحکوم بێت بەهەستمردوویەتی ئـەقـڵانـی و تامردن نمایشی بەختەوەری و ئازادبوون بـکـات. سـەرەڕای هەموو ئەمانەی سـەرەوە کەئاماژەمان پێکرد، ئـەوەی بیەوێت لەماناکانی ئازادی تێبگات دەبێت ئەوە ئەوە بزانێت کەخود مەحکومە بە سێ گوشار یەکێکیان دیار و ئاشکرایە، پیکهاتووە لەسوستێمە تۆتالیستەکان، دیکتاتۆر و دیسپۆتەکانی ئەم دونیایە کەزۆربەیان لەژێر ناوی ئیرادەی گشتی، گوشاری ترسناکیان خستۆتە سەر تاک و کۆمەڵگە. گوشاری دووهەم گوشارێکی نادیارە، کەپێکهاتەیەکی ئاڵۆزی سوستێمی بانکی و میدیای و شمەکخۆری و چڵێسیە. گوشاریکی دیکە گـوشـاری چڵێسی و نمایشکارانەیە، ئەم گوشارە ترسناکە دێتە نێو ووردەکایەکانی ژیانی مرۆڤەکانەوە، دەبـێـتـە ئـاوێـنـەیـەک کـەخـودی خۆی لەبەرامبەریدا دەبینێت، دەبێتە پێوەرێکی خـودی بۆ هەڵسەنگاندنی کەسێتی و شیوازی ژیان، ئەم گوشارە شێوازیکی ژیانی دروستکردووە، بەوەی دەبێت هەمیشە لەو دڵەڕاوکێیەدا بژین بەسەر نەچین و نەچینە خانەکانی لەبیربردنەوە و فەرامۆشیەوە... خودێکی خەوبینەری ڕۆسۆیی بەرای من لەم خوێندەوەیەدا دەمانگەیەنێتە ئەو بیروڕایەی کەئازادی تەنها گەیشتین نییە بەئازادیەکی کۆلێکتیڤی، بەڵکو ئازادی لەنێو خودەوە ڕەهەندە فراوانەکەی خۆی دەدۆزێتەوە، ئەم تێزە وەها دەکات لەهەموو بیرکردنەوەیەکماندا دەربارەی ئازادی ئەو پرسیارە بکەین بەوەی : شکۆداری مرۆڤ لەکوێدایە . مرۆڤ لە کوێدایە.

## چەند دەرئەنجامێک

ئێمە لەبەردەم چەند ەمکێکین لەم کتێبەی سڵۆتێردایک ،کەدەتوانین جاریکێیتر چەمکی ئازادی پێ بخوێنینەوە و شرۆڤەی بکەین، تەنانەت ئەم مەفهومە تازەیەی سڵۆتێردایک کەبەڕای من جەختکردنە لەسەر گەڕانەوە بۆ سوبێکت و خودگەرایی و سوبێکتیڤیتێت، بەخشینی ئـەو ئـەو دووریـــە ونبووەیە لەڕوانینمان بۆ ئازادی، ئەوەندە تێدەگەین کەئازادی ئەوەندە خەمیکی جەماعی نییە، بەقەد هێندەی، خەمێکی خودگەراییە. خەمی گەیشتنە بەماناکانی دۆزینەوەی خود لەجیهاندا. ئازادی بەڕای سڵۆتێردایک لەوکاتەدا دەستپێدەکات کەدەگەینە بەردەم هێرشی گوشار، لێرەوە ئـازادی چەندە خودگەراییە ئەوەندەش لەگەڵ گوشاردا پێدەگات، بەمەش دەتوانین لەوە تێبگەین کەمێژووی ئازادی مێژووی گوشارە بەدیوە



تابلۆی ( پفکەکان لەڕیگەی میلیاس



H. Every. 1887 (

منداڵێک سەیری پفکە دەکاٹ جۆن لەهەوادا بەرزدەبێتەوە

پەرچەکردارە خودگەراییەکەیەوە. ئێمە کاتیک بیر لەئازادی دەکەینەوە، کاتێک گوشار هاوسەنگی ژیانمان تێدەگات. لەم خاڵەوە گوشار خاڵی بزوێنەری ئازادییە، نـەک ئـازادی خەمێکی سـەرەکـی مرۆڤ بێت و بـەردەوام داوای ئـازادی بکەین. ئازادی کاتیک دەبێتە خەمی سەرەکیمان کاتێک مرۆڤەکان حساباتی خۆیان لەگەڵ گوشاردا تاوتوێدەکەن، لێرەوە سلۆتێردایک (گـوشـاری مامناوەندی) بەمەترسیەکی گەورە تێدەگات لەسەر ئازادی مرۆڤەکان، ئەم گوشارە وەک سوستێمی حکومیک وەهایە کە فەیلەسوفیکی وەک (کانت) ئەم جۆرە سوستێمە بەسوستێمی (حوکمی باوکایەتی) پێناسەدەکات، کەدەبەخشێت و لەهەمانکاتیشدا سنورەکانی ئازادیت دیاریدەکات. لێرەوە گوشاری مامناوەندی حوکمی شێخەکانی دوبەی و قەتەر و کوێت و سعودیەمان لەلا ئامادە دەکات، کەجۆرێک لەرەفاهیەتی ماتریاڵی باڵادەست دەکەن، بەڵام کۆمەڵگە لێوا لێوە لەچەپاندنی ئازادیە سەرەتایەکانی مرۆڤ. دیکتاتۆریەت تائەو کاتە قبوڵکراوە کەهاوسنەگی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە تێکنادات، ئەوسا هەموو خودێک بیردەکاتەوە، ئایا مانەوە و هەڵکردن لەگەڵ گوشاردا باشترە و هاوسەنگی تێکنادات یاخود دەبێت گوشار لاببرێت و سوستمێکی دیکە کۆمەڵگە بەڕێوە بەرێت، . سلۆتێردایک دەڵێت: (یاسای کەڵەکەبوونی نارەزایی لەدیموکراتیەت چاوەڕیی حونجەتکاریەکی سوستماتیکراوە... بڕوانە گوشارو ئازادی ١-٣١ ) شورشگێڕەکان زۆرنابات کەشۆڕش دەگەیەنە ئامانجی خۆی، دەبێت جارێکیتر لەگەڵ گوشاردا بکەونەوە ململانێوە بەڕای سلۆتێردایک دەبێت شۆڕشی دیکەی بەدودا بێت، چونکە نەوەکان و ڕەدووکەوتووانەی شۆڕش واهەستدەکەن کەشۆرش نارەزایی دروستکردووە و جارێکیتر ژمێریاری خۆیان لەگەڵ گوشاری نوێدا دەستپێدەکەن، واهەستدەکەن نرخێکی زۆریـانـداوە بەم سەرکەوتنە و دەبێت جارێکی دیکە گوشاری نوێ، کەگوشاری شۆڕشگێڕە نوێیەکانن ژمێریاری بکرێتەوە وبەمەش جارێکیتر بەناوی ئازادی هەڵگەڕانەوە لەدژی گوشار دەستپێدەکاتەوە. ئازادی بەم تێگەیشتنە جارێکیتر لەگەڵ گوشاردا لەدایکدەبیتەوە. لەباری گوشاری مامناوەندا، کەپشێویەکی مامنەوەندی دەخوڵقینێت، ئەو ژمێریاریە بەبەرژەوەندی گوشاری سوستیمی سیاسی دەشکێتەوە و بـیـرکـردنـەوە لـەئـازادی بەگومانەوە تێیدەڕوانرێت، دیسانەوە هەڵکردنەوە لەگەڵ گوشار، ژیان لەگەڵ گوشار دەبێتە تـەوەرەی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لەکۆمەڵگە. بەگشتی گوشار و ئازادی دوو جەمسەری ئەم هاوکێشەیەن، کەپەلێکی گرنگی خۆی دەهاوێژێتە نێو خودەوە، وەک ئاماژەمان پێدا (گوشاری ڕیاڵ)، یاخود گوشاری دونیای ڕاستەقینە هێرشێکە لەسەر خـود، خـود بـەردەوام هـەوڵـدەدات ئـازادی خۆی فەراهمبەکات، لەژیانە ڕۆژانە بێتەدەرێ و لەگەڵ خودی خۆیدا بێت، بەڵام وەک ئاماژەمان پێدا ئەم لەگەڵ خۆدا بوونە، ئەم خەونە ڕۆسۆییە، زۆر زوو لەلایەن نوێنەران و پارێزەرانی ئەقڵانیەتەوە بەر هێرش دەکەوێتەوە، ئیدی لەبەلەمی خەونەوە دەبێت سواری کەشتی جەنگی ئەقڵانیەت ببینەوە. سلۆتێردایک وەک ئەو کەمە تێگەیشینەی من بۆ ئەم کتێبەی، ڕەخنەیەکی جیدی لەڕاتسیۆنالیزەکردنی دونیا دەگـرێـت، ڕەخنە لەئەقڵانیەتێک دەکرێت کەبێبەزەیەکی گەورەی لەبەرامبەر مرۆڤ بەرهەمهێناوە، ڕەخنەیەکی جیدیە لەڕۆحی یاسا پراگماتستیەکان کەدەوڵەت و کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن، ڕەخنەیەکە لەدەزگا کۆمەڵایەتیەکان و دەزگاکانی شیکاری دەروونـی و ڕێچکە پیشیەکانیان. کۆی ئەم ئەم سوستێمە ئەقڵانیە پرسی ئازادی خودی مرۆڤی پەراوێز خستووە، کۆی ئەم یاسایانە بەدەوری پێداویستیە سەرەکیەکان دەخولێتەوە و ناچێتە نێو پرسی شکۆداری و خەونە خودییەکانی مرۆڤەوە، ڕەچاوی تایبەتمەندیە خودییەکان ناکات و مرۆڤ لەم پرسەدا تەنها ئاژەڵێکە پابەندە بەڕەمەکیەتی خۆیەوە، لەهەمانکاتدا کۆمەڵگە لەجیاتی ئەوەی شوێنێک بێت بۆ پەرەپێدانی مرۆڤ بەرامبەر جیهان، دەبێتە شوێنیک بۆ (ماڵیکردن ) و گەوجاندنی لەلایەن میدیا و سوستێمی بانکی و تێوەرەی گوشارەوە کە کۆمەڵگە بەگشتی دەکاتە ئاژەڵێکی ملیۆن سەرە یاخود دەیکاتە (جەستەیەکی سیاسی). ڕەخنەگرتن لەئەقڵانیەت لەدوای هابرمازەوە شێوازیکی دیکە وەردەگرێت، چونکە هابرماز لەڕەخنەگەرتنی لەمۆدێرنە و دونیای ڕاتسیۆنال ئەو تێگەیشتنەی هەبوو ، کەمۆدێرنە پرۆژەیەکی ناتەواوە، بـەڵام سلۆتێردایک لە کتێبی (ڕەخنەی ئەقڵی گاڵتەجاڕی) کەلە١٩٨٥ بڵاویکردەوە تـاوەکـو دواکـتـێـبـی کـە (دێـڕەکـان و ڕۆژەکـان)ە ناوەستێت لەڕەخنەگرتن لە خودی مۆدێرنە، بەوەی مۆدێرنە هیچیتر نییە جگە لە ماڵیکردنی مرۆڤ نەبێت لە فۆرمیکی دەسەڵاتدا، جگە لەماڵ وێرانی و جەنگ و ڕوخانی بازاڕو قەیرانەکان نەبێت هیچیتری بەرهەمنەهێناوە. لەزانستەوە بیگرە تاوەکو هونەر و تاوەکو زانستی دەروونشیکاری لەخولگەی ڕامـکـردن و ماڵیکردنی مرۆڤدا دەخولێنەوە، وەک لەوەی توانا بەشەرییەکان بتەقێننەوە. کاتێک ژینگە بەر هێرش دەکەوێت، ئیدی لەوە تێدەگەین کەمرۆڤ لەچەندە قەیرانێکی قوڵدا دەژی، کاتێک بۆمبە ئەتۆمیەکان لەئەگەری چرکەساتێکی کەرایەتی سیاسیدا لەئاسماندا ببتەقنەوە، ئـەوسـا لـەوە تێدەگەین کە مرۆڤایەتی لەمۆدێرنەدا هیچی بەرهەمنەهێناوە جگە لەخۆکوشتنی خۆی نەبێت. ئاوەها دونیای مۆدێرن سەر لەبەری خەریکی بەرهەمەهێنانی گوشارە، لەدژی خەونەکانی ئازادیبووین، هیچ نەماوەتەوە بۆ مـرۆڤ جگە لە ژیـان نەبێت لەگەڵ خشەخشی کەلەپچەکانی دەستی نەبێت، هیچ نەماوەتەوە بۆ مـرۆڤ جگە لەوەی ئەو چارەنوسە خودگەراییە هەڵبژێرێت بۆ ئـازادبـوون. کەواتە دەگەڕینەوە بۆ سەر ئـەو دێـڕە بەناوبانگەی( سلۆتێردایک) کەئازادی: ( لەم گۆشەنیگایەوە ئازادی مانای گەیشتنە بەنەشیاوی..٥٨-١) In diesem Sinn ist Freiheit Verfügbarkeit für das Unwahrscheinliche ئازادی خودگەرایی پێشنیارێکە بۆ تێگەێشین لەچەمکی ئـازادی بەگشتی، بەمانای گەیشتنە بەخۆت لەگەڵ خودی خۆتدا بیت، ئەم تێگەێشتنە ڕێگەدەدات بەوەی گوێ لەئانارشیستەکان بگرین، لەئاڤاناگرادەکان، لەئەدیبە نارەسمیەکان، لەهونەرمەندەکان و ئەکرۆبات و ئەو مرۆڤانەی سوبیکتیان، خـودیـان، لـەدەرەوەی ئیگۆئیزیمدا (خۆپەرستی ) گەمەدەکات، ئەوانەی کەنمایشکارنین، ئەوانەی گەمەی سیاسی و موزارەباتی سەیرناکەن بەچارەنوسەکانەوە، لێرەوە لەوەتێدەگەین کەفەیلەسوفێکی ئاوەها گرنگ لەڕوانگەی ئیستیکایەوە دەڕوانێتە ئەو دووریـە ونبووەی مرۆڤ لەدنیای مۆدێرندا پێوەی دەناڵێێت، ئەویش ئاوڕدانەوەیە لەوانەی کەهەڵگری خەونن، ئەوانەی زەهیدن و مەشقکارن، ئـەوانـەی دوور لەچلێسیەوە خـەون بەجوانیەکانەوە دەبینین. بەشێوەیەکی دیکە قسەبکەم، ئەم چەمکە خودگەراییە بۆ ئـازادی وەهامان لێدەکات ئێمە لەوە تێبگەین کەپرسەکانی ژینگە بەجێنەهێڵین بۆ پارتە سەوزەکان، پرسی کۆمەڵگە و سۆسیال بۆ سۆسیال دیموکراتەکان و پرسی ئازادیش بۆ لیبرالیەکان، بەگشتی نابێت پرسەکانی ئەم گـەردوونـە تەنها بۆ سیاسی و ڕاوێـژکـار و ئەقڵانیەکان بەجێبهێڵنن کەدەرئەنجامەکەی پیسبوونی ژینگە و گۆڕینی ئاوهەوایە بەشیوەیەکی ترسناک. مرۆڤ تەنها بونەوەرێکی چڵێس نییە، وەک لە مۆدێلی لیبرالیەت و نیو لیبرالدا بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو ئەو مرۆڤەی لێرەدا پاڵکەوتووە زۆر لەئازادیەوە نێزیکە ....


## سەرچاوەکان

1- Peter Sloterdijk, Sterß und Freiheit, Shurkamp sonder Druck 2011

**بەئەڵمانی: پیتەر سلۆتێردایک: فشار و ئازادی، چاپی تایبەتی دەزگای سورکامپ ٢٠١١**

2- Fridrich Nitsche, Werke, die Geburt der Tragödie, Zweitausehendeins

**بڕوانە بەئەڵمانی: نیتچە،کارە تەواوەکان ، لەدایکبوونی تراژیدیا، چاپ و بڵاوکردەنوەی دوو هەزار و یەک.,**

3- Peter Sloterdijk, Kritik der zynischen Vernunft, Shurkamp 1983.

**پیتەر سلۆتێردایک: ڕەخنەی ئەقڵی گاڵتەجاڕی، سورکامپ ١٩٨٣**

4 - **جان جاک روسو: احلام يقظه جوال منفرد، ترجمه پريا توفيق، المركز القومى للترجمه ، القاهره٢٠٠٩**

**ژان ژاک ڕۆسۆ: خەون و خەیاڵەکانی پیاسەکارێکی تەنها، وەرگێڕانی لەفەڕەنسیەوە سورەیا تۆفیق، ناوەندی نەتەوەیی بۆ وەرگێڕان، قاهیرە ٢٠٠٩**

5- .Theodor Adorno, Minima Moralia, Shurkamp 1998

**بڕوانە بەئەلمانی : ئادۆرنۆ: مینیما مۆراڵیا (مۆراڵە بچوکەکان) ، سورکامپ** 1998

6- Samuel Beckett, Eleuthria , Shurkamp , Frankfurt am Main,1996

**بڕوانە بەئەلمانی: سامۆیل بیکێت: ئازادی، سورکامپ ١٩٩٦**


7- .Peter Sloterdjik, Zorn und Zeit,Suhrkamp 2004 **بڕوانە**

# پرۆفایل

**پیتەر سلۆتێردایک** Peter Sloterdijk **فەیلەسوف و زانا لەبواری کولتوردا ، ١٩٤٧ لە شاری کالسرِوە** Karlsruhe **لە ئەڵمانیا لەدایکبووە ، لەدایکێکی ئەڵمانی و باوکیکی هۆڵەندی. ١٩٦٨ تاوەکو ١٩٧٤ لەمیونشن خوێندکاری زانکۆ بووە ، یەکێکە لەنوەکانی جوڵانەوەکانی شەست و هەشت. ١٩٧١ کارنامەی ماجستێرەکەی لەژێر ناونیشانی بونیادگەری وەکو هیرمۆنیتیکای شیعری . لە ١٩٧٢/ ١٩٧٣ هەوڵدانیک** Essay **دەربارەی میشیل فۆفک نوسیوە لەژێر ناونیشانی (تێورەی بونیادگەری مێژوو) هەروەها (ئابوری گەمەکاری زمان) نامەی دکتۆراکەی لەساڵی ١٩٧٦ لەژێر ناونیشانی (ئاوتۆ بیۆگرافی کۆماری ڤایمار ١٩١٨ تاوەکو ١٩٣٣) . یەکەم دەرکەتنی فەلسەفی کتێبە گرنگەکەیتی کەلەساڵی ١٩٨٣نوسی بەناوی (رِەخنەی ئەقڵی گاڵتەجارِی پاشان کتێبە گرنگەکەی لە ١٩٩٩بەناوی ( یاساو رِێسایەک بۆ باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤەکان**

هەرسێ کتێبەکەی دەربارەی کایەکان (Sphären) لەنێوان ١٩٩٨ تاوەکو ٢٠٠٤بڵاوکردەوە لە١٩٩٨ کتێبی (بڵقەکان Sphären I – Blasen, Mikrosphärologie) **لە کتێبی ١٩٩٩ (خرِۆکەکان / گڵۆبۆس** Sphären II – Globen, Makrosphärologie) لە٢٠٠٤ کتێبی (کەفەکان Sphären III – Schäume, Plurale Sphärologie)

**ساڵی ٢٠٠٩ کتێبە گرنگەکەی (پێویستە ژیانت بگۆرِیت) ئەمەو چەندەها کتێبی دیکە دوا کتێبی لە ٢٠١٢ (رِۆژەکان و دێرِەکان)**



خاوەنی ئیمتیاز
د. فواد مەعسوم
سەرنوسەر
ستران ساڵح عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیار:
خالد سلێمان
نەخشەساز
هێمن یەحیا

کتێبنامە
رِۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەریدەکات
21th Year No: 5970 Sun. 6 / 1 / 2013